خالید ئەلمونتەسیر

# خەتەنەکردنی کچان

وەرگێڕان و پەراوێزی

هیوا ساڵح ئەحمەد

سلێمانی

2010



کتێب: خەتەنەکردنی کچان

نووسەر: خالید ئەلمونتەسیر

وەرگێڕانو پەراوێزی: هیوا ساڵح ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕین: وەرگێڕ

نۆرەی چاپ: یەکەم

کوردستان، سلێمانی، 2010

# پێشکەشە

بە کەنیشکە بەشمەینەتو ستەمدیدەکانی گەلەکەم،
کە لەم سەردەمی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتو تەکنۆلۆجیای زانیاریو
کلۆنکردنو
پێشکەوتنە خێرایانەی زانستو تەکنۆلۆجیادا...
سەرباری مامەڵەی توندوتیژی کۆمەڵ،
ڕۆژانە هەواڵی خۆسووتاندنو مەرگی ئەوان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان
دەخوێنینەوە،
هێشتا کچانی ئێمە بەرەو ڕووی وەحشیانەترینو ڤێزەونترینو
دواکەوتوانەترین
نەریتی سەردەمی کۆیلایەتی وەك خەتەنەکردن دەبنەوە،
ئەمە ئەتککردنێکی بە تۆپزیو کەڵەگایی پیاوسالارییە.



## سەرەتا

دکتۆر خالید ئەلمونتەسیر زانای سێکسۆلۆجی میسری، لە دەربڕینی بیروڕاکانیدا کەسێکی بوێرو ئازاو چاو نەترسە. دەمێکە نووسینەکانی ئەم پیاوەم خوێندووەتەوەو سەرنجیان ڕاکێشاوم، یەکێك لە کتێبەکانی بە ناونیشانی (الختان و العنف ضد المرأه)یە، هەر زوو سەرنجی ڕاکێشام، لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان تا ئێستا بابەتێکی ئاوا زانستی بە زمانی کوردی بلاّو نەکراوەتەوە، دووەمیان دیاردەی خەتەنەکردنی کچان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا نەك هەر هەیە، بەڵکو بە بێ دەنگیو بێ قرەو برەو زۆر بە بەربلاّویش دەکرێت، گەر چاوێك بە وێنەو دیمەنی خەتەنەکردنی کچان لە ڕایەڵەی ئینتەرنێتدا بگێرین چی ببینین؟ کارەساتێکە مەگەر لە زیندانی فاشییەکاندا ڕوودات، ئازاردانی کچانمان بەمجۆرە وەحشیگەرییانەو لە ناو ماڵەکانی خۆمانداو بە ڕۆژی ڕووناكو بە بەرچاوی هەموومانەوە، ئێمەیش کەرو کاسو کوێرین هیچ نابینینو نابیستین. ئەوە نییە بەرپرسانمان لە وەلاّمی ڕێپۆرتاژەکەی ڕۆژنامەی (Washington Post)دا بێ ئاگانو پێیان وایە حاڵەتێکەو دەگمەنەو گەورەکراوە. هێندێکیان پێیان شەرمە لە پەرلەماندا باسی ئەم نەریتە بکرێت، بەلای ئەوانەوە کەی پەرلەمان

شوێنی ئەو باسانەیە؟ بەردەوامیو بەربڵاوی ئەم نەریتە بۆ ئێمە لەم سەردەمەدا مایەی شەرمو ئابڕووچوونو خەجاڵەتیو نەنگییە، چەندین ساڵە ڕۆژانە باسی هەموو ئەو توندوتیژییانەی دەرهەق بە ژنان دەکرێن بە بەردەوامی باسیان لێوە کراوە، هەموو ئەوانە بوونە مایەی هاندانم بۆ ئەوەی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی وەربگێڕم. پێشتر چەند بەشێکی لە گۆڤاری تەواردا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام سەرقاڵی من بە کاروباری ڕۆژانەی خۆمو سەختی گوزەرانو بەڵاو نەهامەتییە نەبڕاوەکانی ژیان، کە ئەم سەردەمە بەشی هەرەزۆری تەمەنی مرۆڤ دەبات، بوونە مایەی دواکەوتنی وەرگێڕانەکەو بڵاوبوونەوەیشی لە کتێبێکدا.

پێویستە ئەوە لێرەدا باس بکەم، هەر زوو پێوەندیم بە نووسەرەوە کرد کە بە نیازی کارێکی ئاوهام، ئایا ڕازییە، من بکەومە وەرگێڕانی کتێبەکەی، خۆشبەختانە نەك هەر بۆ ئەم کتێبەی ڕازی بوو، بەڵکو ڕازی بوو گشت نووسینەکانی دیکەیشی وەربگێڕم، کە ئەمە هاندەرێکی گەورە بوو بۆ من، سوپاسی دەکەم.جێگەی باسە بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەی کە سەبارەت بە سێکس بە زمانێکی زانستییانە نووسیونی، بەندە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو تەنانەت زۆربەیشیم تایپ کردووە، بەڵام سستی خۆمو نەبوونی بڵاوکراوەیەکی زانستی بوونەتە هۆی ئەوەی تا ئێستا بڵاو نەبنەوە.

دواجار، کتێبەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان ئەمەیە کە لێرەدا کردوومەتە کوردیو، دووەمیان تایبەت بوو بە توندوتیژی دژ بە ژنانی میسر، بەلای منەوە زیاتر پێوەندی بە وڵاتی میسرەوە هەیە،



ڕاستە وەك کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی ئەو کێشانەیش لای ئێمە نامۆ نین، بەڵام زۆریان لە بارەوە نووسراوەو پێم باش نەبوو، منیش دووبارەی بکەمەوە.

لە کۆتاییدا هیوادارم خزمەتێکم بە نیوە ستەمدیدەکەی کوردەواری کرد بێت، کە هەمیشە خۆم لە سەنگەری بەرگری کردن لە مافەکانی ئەواندا بینیوەتەوەو هاوسەنگەریان بووم، بەڵام چەکی من هەر بیرو قەڵەمەکەمەو، بەشێکی زۆری وەرگێڕانم تایبەت بووە بە کێشەو مەسەلەکانی ژن.

هیوا ساڵح ئەحمەد

## پێشەکی

کاتێك پیاوی عەرەب[1] وشەی ژن دەخاتە ناو ڕستەیەکی بەسوودەوە، ئەوا دەکەوێتە ناو گێژاوی ململانێیەکی توندوتیژ، بە ئاشکرا دەڵێت: ژن مروارییەکی پارێزراوو گەوهەرێکی شاردراوەیە. سووکایەتیو خۆبەزلزانینو تێڕوانینی لەمێژینەی خۆیشی بۆ ژن وەك هاووڵاتییەکی پلە دوو هەر بەنهێنی دەشارێتەوە. لە هەموو گەردووندا کەلەپوورێکی ئەدەبی نییە ئەم هەموو پێداهەلگوتنە بێتاوانو تاوانبارەی لە ژندا لە خۆی بارکردبێت، بەلام هاوکات پێداهەلگوتنی لەشولارەو باسی پێداهەلگوتنی ئاوەز یا هزر یان هەڵسوکەوتی نەکردووە، ئەم دووفاقییە نێرینەییە وای لە ژن کردووە تابلۆیەکی ئاسان بێتو بکەوێتە بەر گوڵلەی پیاوێکی سەرەڕۆو سەرچڵ، پەیکەرێکی بۆشی پڕ لە پووشی لێ دروست کردووە، هەر لەو کیسەیە دەچێت کە یاریزانی بۆکسێن مەشقی لەسەر دەکات، بۆ ئەوەی خەفەبوونی چەندین ساڵەو گرێی هەڵئاوساوو تاوس ئاسای پەنماوی خۆیی تێدا بەتاڵ بکاتەوە، بە وشەی ماددیو مەعنەوی دەی پێویت، ئەنجامیش هەر گوزەرانێکەو فرێ بەسەر ژیانەوە نییە، گوزەرانێکە لایەك دژ بەلاکەی دیکەیە، نەك هەردوولا

[1] بێگومان پیاوی ڕۆژهەلاتی هەمان تێڕوانینیان هەیە.



پێکەوە بن، ئەم پارچەیە لێك حاڵی بوونو بەردەوامییەکە لە ئەنجامی هەستکردنی خۆبەکەمزانینەوە کە ژن هەستی پێ دەکات ناکرێت ڕوو بدات،وەك دیفاکتۆیەك ڕازیو بێدەنگە بەرامبەر بەو توندوتیژییەی کە دەرهەقی دەکرێت، بەداخەوە کەلتووری باو ئەو توندوتیژییەی جێگیر کردووە، تا ئەو ڕادەیەی کە زۆرینەی ژنان بەلایانەوە کێشەیەك نییە، بەڵکوو پێیان وایە ئەوە مافێکەو خوداوەند بە پیاوی بەخشیوە!!

سەرەتا مەرجە پێناسەیەکی توندوتیژی بکەین، لەم پێناسەیەدا دەچینەوە سەر ماددەی یەکەمی جاڕی جیهانیی بنەبڕکردنی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە ساڵی 1993دا کە پێی وایە توندوتیژی هەر ((کارێکی توندە لەسەر بنەمای ڕەگەز، کە دەبێتە مایەی یا پێدەچێت ببێتە هۆی ئازاری لەش یا سێکسی یا دەروونیی ژن، بە هەڕەشەی کردنی ئەو کارەیش، یا زۆر بۆ هێنان یا بێبەشکردنی زۆرەملێ لە ئازادی، سا لە ژیانی گشتی یا تایبەتیدا بێت)). بەمجۆرە چەمکی توندوتیژی فراوان دەبێت تا توندوتیژیی ناوماڵو دامەزراوەی کۆمەلایەتی بگرێتەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە تەنها ئازاردانی جەستەییو مەعنەوی دەگرێتەوە وەك تێ هەڵدانو کوشتنو دەستدرێژیو هەموو ئەو سووکایەتیو تۆپزیو کۆیلەیەتیو هەڕەشەو دژوێنو بێبەشییەی بە ژن دەکرێت، بەڵکوو بە مانای گشت شێوە هەڵسوکەوتێکی تاکەکەسیو کۆمەلایەتیی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیە، کە خراپ کاردەکاتە سەر لەشو دەروونی ژنو ڕێ لە گەشەی کەسێتیو توانستو بەهرەی دەگرێت، لە تواناو کەرامەتی کەم دەکاتەوە، دەی سەلمێنێت پاشکۆی پیاوەو ڕێ نادات لەو مافانەی بەهرەمەند بێت کە

دەستوور دەستەبەریان دەكات، لە بەكردوە بەشداربوونی لە گەشەپێدانی هەمەلایەنەی نیشتمانەكەیشی بێبەشی دەكات، شێوەكانی هەڵاواردن كە دەبنە مایەی توندوتیژی زۆرن، لەوانە دەرفەتی خوێندنو فێربوونو چاودێریی تەندروستیو خۆراكی، دابەشبوونی دەورەكانی ناو خێزان، ئازادیی تایبەتیو یاساكانو... بە كورتییەكەی گشت تێڕوانینێكی بەكەمزانینی ژن جۆرێكی توندوتیژیی دژ بە ژنە.

توندوتیژیی دژ بە ژنانی میسر بەوە جیادەكرێتەوە كە خاسیەتێكی دەگمەنی هەیە، هەر لە منداڵییەوەو هێندێ جار لەوە پێشتریش كە كۆرپەیەو لە سكی دایكیدایە، دەرهەقی دەكرێت. كەلتووری باو زۆرجار ترسی لە لەدایكبوونی مێینەیە[2]، تا بە ترسناكترین جۆری توندوتیژی لە منداڵیدا دەگەین كە خەتەنەكردنە، گەورەترین تاوانی دڕندانەی بەربەری كە لە جیهاندا دژ بە منداڵی دەكرێت، مایەی سەرسوڕمانە هێندێ ڕەوتی میسری پێیان وایە كێشەیەكە، گەر نەكرێت مەرگ باشترە، پیاوانێك بەرز ڕایان گرتووەو لەپێناویدا جەنگاون كە پێیان وایە گشت كێشەیەكی میسریان چارەسەركردووەو، هیچ نەماوەتەوە تەنها چێژو خۆشیی ژن نەبێت تا لە گۆڕی بنێن، هەر بۆیە بەشێكی ئەم تاوانەم تەرخان كردووە بۆ پاكیزەیی كچ كە لە ڕاستیدا خافڵكۆژی

2 زۆرجار بیستوومانە، هێشتاكە كەسانێك هەن هەرگیز ڕازی نابن هاوسەرەكانیان كچیان بێت، پێیان دەڵێن گەر كچت بوو لەگەڵ خۆتدا بۆ ماڵی نەهێنیتەوە، یا تەڵاقت دەدەم، ناچار ژنی داماو پەنا دەباتە بەر لەباربردنی كۆرپەكەی، من خۆم ئەوەم بیستووە.



بێ تاوانیو مرۆڤایەتیی كچە. پاشان بەشی دووەمم[3] داناوە بۆ دیاردەكانی توندوتیژی دژ بە ژنان، هەر لە زوو بە شوودانیانو دەستدرێژیكردنە سەریانو تاوانی شەرەفەوە...تا كۆتایی ئەم لیستە پڕ سووكایەتی پێكردنەی خۆشەویسترین شتێك هەمان بێت، كە ژنە.

پێم خۆشە بە تایبەتی سوپاسی مامۆستاو هاوڕێم "خانمە دكتۆر سەنا ئەلبیسی"ی سەرنووسەری گۆڤاری (نصف الدنیا) بكەم كە لاپەڕەكانی گۆڤارەكەی بۆ ئاوەڵا كردمو ئازایانە چووە ژێرباری ئەو كێشانە كە لەوانە بوو لەم باسانەوە سەریان هەڵ بدایە كە دەبوونە مایەی وەلەرزەخستنی بەڵگەنەویستەكانو هێمنیو ئارامیی ساختەی ئێمەیان بشێواندبایە. هەروەها سوپاسی "خانمە دكتۆر فاتمە ئەلبوودی" دەكەم وای لێ كردم تەنبەڵ نەبمو هانی دام بابەتەكەم لە كتێبێكدا بڵاوبكەمەوەو لە دەزگای (ئەلعەین) كە خۆی سەرپەرشتیەتیو، هەردەم پێڕەوی لە هزری ڕووناكبیرانە دەكات، چاپ بكرێت. دواجار كە دوایی نایەت سوپاسی "سەماح"ی هاوسەرم دەكەم لەوەوە گشت شتێكی جوان فێربووم، هەر لەویشەوە زانیم ژن لە گەردووندا جوانترینە، بەو ئامێزەی ژن كە گشت گەردوونی تێدا جێ دەبێتەوەو بەو گەرمییەیش كە بە هەموانی دەدات، ئەو هەستو سۆزەیش كە وام لێ دەكات بتوانم بەرگەی نەهامەتییەكانی گەشتەكە بگرم، ئەم كتێبەی پێشكەش دەكەم.

3 بەشی دووەم تایبەتە بە چەندین دیاردەی چەوساندنەوەی ژنانی میسر، بە پێویستم نەزانیوە وەری بگێڕم. تەنها بەشی یەكەمم كردووە بە كوردی.

خەتەنـــەکردن نەریتـــە نـــەك خواپەرســـتی، قەســـابییە نـــەك پاکبوونەوە.[4]

خوێنی بدوور لە گەردنی ئێوەدایە.

بـدوور کچۆڵەیەکی منداڵـەو بەغـەدر ڕاپێچـی کوشـتارگە دەکرێـت، بەوپەڕی توندوتیژیو دڵڕەقانە ناچار دەکرێت ئەندامێکی جەسـتەی لێ ببڕێـت، قاچـەکانی لێـك دەرەوێنرینـەوەو تۆپەوانەیـەك دەنرێتـە نـاو دەمی، لە دزێوترین سرووتی مێـژوودا خـوێن سەرچۆپی بـۆ دەگێڕێـت، شاییەو زەماوەندە. بەڵام ئاهەنگێکی ترسـناکەو هەلهەلـەی تێـدا دەبێتـە هاوارو ناڵە، گۆرانیش دەبێتە کڕووزاندنەوەو لالأنەوەو پیرۆزبـاییش بـۆ پرسە دەگۆڕێت، خوێنبەربوونیش ئاوازەکەیەتی. مایەی سەرسامیە کـە ئەم سرووتە خوێناوییە بـە بەرچاوو بـە ئاگاداریو پیرۆزبـایی کـردنو هاندانی کەسوکار دەبێت، جارێك بە ناوی پاکیزەییو جارێکی دیکـەیش بـــە نـــاوی ئایینەوەیـــە!! ئـــەوە ســـیناریۆیەکی قێزەونـــەو دراکـــۆلا[5]ی خوێنمژمان بە بیر دەهێنێتەوە. بەڵام سیناریۆیەکی ڕێکوپێکەو ڕۆژانەو بەڵکوو هەموو ساتێك لەم وڵاتەدا بە ناوی خەتەنەکردنـەوە ڕوو دەدات، ئـەم دەرگایـە کـە بـە فوارەیـەکی خـوێن کچۆڵەکەی لێـوە دەچـێتە نـاو باخچـەیەکی جـوانترین سـاڵانی تەمـەنی، کـەس‌وکار لـە کوشـتارگەی پـاکیزەییو ئەخلاقـدا دەیکەنـە قوربـانی. ئەوانـە نـازانن، پـاکیزەییو ئـەخلاقو شـەرەف ئـاوەزو ڕۆح لێـی بەرپرسـن، پـێش ئـەوەی پارچـە گۆشتێك یا چەرمێکی دەرپەڕیو بەرپرسی بێت، وا دێـت بـە خەیاڵیانـدا بـەوە خواپەرسـتی دەکـەنو بـە خۆیـان نـەزانیوە دابو نـەریتێکیان داهێناوە. خەتەنـەکردن کۆیلەیەتییـە، نـەك خوداپەرسـتی. کـەس‌وکارو

4 بەردەوامی نەریتی خەتەنەکردن، زۆرجار کارەساتی مەرگی لێ کەوتووەتەوە، ساڵی 2007 بدور دەبێتە قوربانییەکی دیکەی ئەم نەریتە دواکەوتووانەیە لە میسر، نووسەر لە بەرواری 29ی حوزەیرانی 2007ئەم بابەتەی بە تایبەتی بەم بۆنەوە بلاّوکردووەتەوە. ئەمە کورتەو پوختەی کتێبەکەیەتی، بە پێویستم زانی لێرەدا بیخەمە دوو توێی کتێبەکەوە.



5 دراکۆلا: میرێکی ڕۆمانییەو ناوی (فلاد تیبیسۆ)یەو نازناوی دراکۆلایە، بە مانای بەچکە شەیتان. قارەمانێکی نیشتیمان پەروەر بوو بەری بە هێرشی تورکەکان گرتووە(1456و1462). کابرایەکی خوێنمژبوو، زۆر بەدڕندەیی مامەڵەی بەرپرسە خراپەکان‌و دزو داگیرکەرانی کردووە، سەدان هەزار کەسی کوشتووە، بۆ کوشتن نێزەی بەکارهێناوەو کردوویەتی بە کۆمی مرۆڤداو لە قوڕگییەوە هێناویەتیەدەر.

کۆمەڵ لە پارچە کاغەزێکی سیلۆڤانی[6] ڕەنگاوڕەنگ لە عەیبو عارو حەرامو سەپێندراویەوە دەپێچن، کاتێك کچە کاغەزە سیلۆڤانەکە هەڵ دەپچڕێت، پارچە شیرینییەکی ژاراوی دەنێتە سەر زاری، هەر زوو لە گەورەیی فریودانی کەسوکارو خێزانەکەیو قووڵی ئەو چاڵەیش تێ دەگات، کە کۆمەڵگا فڕێیان داوەتە ناوی. ئەو کەسوکارەو کۆمەڵگایش هەر دەبێت بێنەوە هۆشی خۆیان، سەرلەنوێ متمانە بە خۆیان بکەنەوە، کۆمەڵگایەکی بڕوابەخۆبوو، هەرگیز مین لە لەشی کچەکانیدا ناچێنێت، بەو بیانووەی بەوە لە لادان دەیانپارێزێت، هەر کات ڕەوشەکە بتەقێتەوە، هەموانو لە پێشەوە کۆمەڵگای تێدا دەسووتێت!
خەتەنەکردنی کچان تاوانێکی ڕێکخراوەو زۆرجار بووەتە مایەی کوشتن، بدوور یەکەمینو دوا قوربانیش نییەو نابێت، بە پارەیەکی کەم کە دەدرێتە مامانو سەرەژنو دادەکان، یا پزیشکێکی ساختە[7]، ڕووی سوورو گەشی کچەی تێدا دەبێتە کاسەسەرێك، باڵای هەڵچووی کە هێشتاکە لەگەڵ خۆردا چاوبڕکێیەتی، دەبێتە لاشەیەکی ساردوسڕ، جلی بەرگیشی دەبێتە کفنو پێکەنینی بە نرکەنرکو لانکیشی لێ دەبێتە

6 Cellophane سیلوفەن پەڕەیەکی تەنکی ڕۆشنەو لە خواردەمەنیو پاکەتی جگەرەوە دەپێچرێت.

7 خۆشبەختانە لە کوردستاندا نەم بیستووە پزیشکەکانمان بەم کارە ڕا بگەن، یا لە نەخۆشخانەکاندا نەشتەرگەرییەکی لەم جۆرە بکرێت. هیوادارم خانمە پزیشکەکانمان بە کارێکی وەحشیانەی لەم جۆرە خزمەتی بێ وێنەی خۆیان خەوشدار نەکەن، بگرە خەتەنەکردنی کوڕانیش زۆر بەکەمی لە نەخۆشخانەکاندا دەکرێت.



گۆڕ. چڵە لاولاو و یاسەمینش دەبێتە کاڵەکە دڕنە[8]. تەنانەت گەر خافڵکوژیی جەستەیی لە فەرهەنگیدا بسڕرێتەوە، ئەوا خافڵکوژیی مەعنەوییانەی کەرامەتو مرۆڤایەتی بوونی هەر زۆر توندوتیژترو سەختترە، بە ڕووی هەمواندا هاوار دەکاتو دەڵێت: کچ خۆی خاوەنی لەشی خۆیەتیو سەرچاوەی بەختەوەریو دڵشادبوونیەتی، نەك شەڕانگێزیو گوناهەکانی تێ بکرێت!

سۆزان موبارەکی هاوسەری سەرۆکی میسر لە ماتەمی ڕۆحی بدووردا کە کوشتەی دەستی دواکەوتووییە، یەك خولەك بە پێوە وەستا. لەبری ئەوەی دایکی پاداشتی دەرچوونی لە قوتابخانەدا پێ بدات، پەلی دەگرێت بۆ لای ژنە پزیشکێك تا پارچەیەکی لەشی ببڕن کە پێی دەگوترێت قیتکە، مایەی سەرسوڕمانو دۆشدامانە دایکان کە بەدەست ئەم نەریتەوە دەناڵێنن، هەر خۆیان شێلگیرانەو بە قەناعەتەوە بگرە هەر زۆر بە خۆشیو کامەرانییەوە، کچەکانیان بەرەو ئاهەنگی خوێناویی قەسابخانەی مرۆیی پەلکێش دەکەن!! پرسیارێکی زۆر نامۆیە، لە سادی بوونی[9] ڕەگاژۆی هەڵسوکەوتی ئەو دایکانەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. هەروەك بڵێت: هەر دەبێت ئەمە بەسەر کچەکەمدا بێت، چۆن من ئازارم چەشتووە، دەبێت ئەویش بینۆشێت!!

8 کاڵەکە دڕنە: ڕووەکی سوبێر (الصبار).

9 سادیزم (Sadism): جۆرێك لادانی سێکسییە، مرۆڤ چێژ لە ئازاردانی خۆشەویستەکەی دەبینێت، بەرانبەری ئەوپەڕی توندوتیژ دەبێت.

ئایا بۆ ماتەمینی یەك خولەك وەستان بەسە؟ تەنانەت گەر هاوسەری سەرۆكیش بێت، تا تۆڵەی خوێنی بدورو خوشكە قوربانییەكانی خەتەنەكردنی بكەینەوە، ڕاستتر بڵێین، هەروەك لە سەرتاسەری جیهاندا كتێبە پزیشكییەكان ناویان ناوە بڕینەوەی ئەندامی زاووزێی مێینە؟ ئایا ئەوەندە بەسە لە ئاهەنگێك یا كۆنگرەیەك یا پێشوازییەك یان تەنانەت لە یاریكردنێكیشدا لە ماتەمی ڕۆحی خوالێخۆشبوودا بوەستین، كە لە گۆڕستاندا پێشوازیی لە بەهاری تەمەنی خۆی كرد، تا پێكەنینو منداڵیو سەرچڵی بگێڕینەوە، كە بە غەدرو ناهەق جارێك بە ناوی دابونەریتو جارێكی دیكەیش بە دروشمی پاكیزەییو ئەخلاقو ئایینەوە، خافڵكوژیان كرد؟ ئایا وڵات بە ماتەمگێڕان لە ڕەوە كوللەی ئەم پەتایە خاوێن دەبێتەوە؟ ئەو كوللەیەی كە تەڕو وشكی عەقڵو ویژدانی نیشتمان پێكەوە دادەكرۆژێت، ئەو ڕەوە كوللەیە لە پزیشكانی تاوانبارو پیاوانی دینیی بازرگانو باوكانی بێ ویژدانو دایكانی دڵڕەق پێك دێن. مەبەستو ئامانجو تەماو ئەوپەڕی ئاواتی هەموو ئەوانەیە پارچە چەرمێك كە ماندووی كردوونو خەوی لە چاوانیان حەرام كردووەو ناهێڵێت بخەون، لە جەستەی بكەنەوە. ئێمەی میسری جەنگی دژە قیتكە بووەتە بەرزترین هیواو ئاواتمان. قیتكەی كچ بووەتە مایەی كێشە ئابووریو سیاسیەكانمان. هەر ئەوە سەرچاوەی شەڕانگێزیو گوناهەكانمان، مایەی تووڕەییو غەزەبی ئاسمانە بۆ سەرمان، هەروەك سەلاح شاهین[10]

[10] سەلاح جاهین (1930-1986): شاعیرو كاریكاتێریستو ئەكتەری میسریە.



دەڵێت: ژن باشترین بوونەوەر نین، بەڵكوو پیسترینو گلاوترین بوونەوەرنو شەیتان دەهێننە سەرمان. بگرە ئەو هەر شەیتانەو لە بەرگی ئادەمیزاددا دەردەكەون. ئەمە ڕای كۆمەڵگای میسرییە، بە ناوی ئەخلاقو پاراستنی پاكیزەییەوە، هەر لە تەپڵی سەرییەوە تا كەڵەموستی پێی كفنێكی ڕەشی بە بەردا دەكەن، پێی دەگوترێت چارشێو (نقاب)[11]. لەسایەی دروشمی پاراستنی ئەم گەوهەرە شارراوەو مرواریە پارێزراوەدا، سەرت سوڕ نەمێنێتو دۆش دامەمێنە گەر كۆمەڵگە ئەو ئاڵقەیەی سەركوتكردنی مێینەو خەتەنەكردنی كچانی تەواو كرد. خەتەنەكردنی جەستەیی كچ لە منداڵیدایە، بەڵام خەتەنەكردنی ئاوەزی بە درێژایی تەمەنی هەر وا بەردەوامە.

بە ناوی شاردنەوەوە كەوتووینەتە پەردەپۆشكردن، بە پەردەپۆش كردنی تاوان دەڵێین پاكبوونەوە، كە لە ڕاستیدا قەسابییە. پێمان وایە خواپەرستیمان كردووە، لەكاتێكدا جۆرە نەریتێكە. بەڵام چارە چییە؟ خوێنەری بەڕێز وەرە با پێكەوە بە مەنتیقیو بە شێوەیەكی هێمنانە

(ئینسایكلۆپیدیای ویكیپیدیا).

[11] چارشێو (نقاب): ئەو بەرگەیە سەرو دەموچاوی ژن دادەپۆشێت، لە وڵاتانی یەمەنو دەوڵەتانی كەنداودا بڵاوە، لە ناو هێندێ تیرەو تایەفەی نیمچە دورگەی عەرەبی ئافرەت بە جۆرێك دەیپۆشێت تەنانەت باوكو برایشی چاویان پێی ناكەوێت، بگرە لای مێردیشیان لای نابەن. بە ڕای هێندێ زانای ئیسلامییەوە، مەرجە گشت ئافرەتێكی موسڵمان بی پۆشێت، بە پێچەوانەوە بەلای زانایانی دیكەوە مەرج نییە. لە وڵاتانی ئەوروپادا قەدەغەیە.

(ئینسایكلۆپیدیای ویكیپیدیا).

گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکە بکەین، پشت ئەستوور بە هێندێ بیرو بۆچوونو لە ناو بوارە بەرتەسکەکەی خێزانەکەی خۆتەوە هەوڵ بدە بەو بیرو بۆچوونانەت ڕازییان بکەیت. چارە هەر ئەوەیە ئەم ڕەچەتەیە بخەیتە ناو گیرفانتەوە، وەڵامی خێزانەکەت یا هاوسێکەت دەدەیتەوەو قەناعەتیان پێ دەکەیتو خەبات دەکەیت، بە مەنتیقو بیانوو ڕێگەیان لێ دەگریت ئەم تاوانە بکەن. بە تەنها ماتەمگێڕان بەس نییە، یاسایش بە تەنها هەر بەس نییە، گوتاری ڕۆژی جومعانیش هەر بەس نییە، هەر شۆڕشی ڕۆشنکردنەوەی کەلتووری پێویستە، چونکە کێشەکە لە بنەڕەتەوە کێشەیەکی ڕۆشنبیرییە، نەك پزیشکی یا ئایینی بێت. پێش هەر شتێك بەوە ڕازی بە کە مێینەبوون نە گلاوەو نە لە کردەوەی شەیتانە[12]، سەرکوتکردنو چۆك پێ دادانی ژنان بە خەتەنەکردنو دابڕینو لغاوکردنیان، هەموو ئەوانە، ئەی پیاوانی بەڕێز تەنها بەلگەی ئەوەن کە تۆ بڕواو متمانەت بە خۆت نییە، نیشانەی لاوازیی تۆن، ئەوانە گشتی بەو مانایانەن ئەی پیاو، ئەی کەڵەمێرد کە تۆ لەوپەڕی لاوازیدایت، ناتوانیت جڵەوی خۆت ڕابگریت، بە خەتەنەکردنو دوورخستنەوەو دابڕانو خستنەلاوەو داپۆشین حوکمی کوشتنیان بەسەردا دەدەیت، هێندێ جاریش بە مەرگ، تا دەروونی لاوازتو ویستی فشەڵو عەقڵی دواکەوتوانەت بحەوێتەوە. ئەی پیاو سەرت لەوە سوڕ نەمێنێت کە تۆ لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیت نیوەی

12 زۆرجار لە زمانی زۆرکەسەوە دەبیستین کە ژن و ئافرەتیان بەلاوە شەیتانەو وەك شەیتان دێنە بەرچاویان. ئەمە لە ئایینەکانەوە سەرچاوەی هەڵ گرتووە.



داهاتەکەی لە ڤیاگرا[13]دا خەرج دەکات، تا وزەی سێکسیت ببووژێتەوەو نیوەی کچەکانیشی خەتەنە دەکات تا دای بمرکێنێتەوە!!

یەکەم بیانووی حیزبی هاندانی خەتەنەکردن، پاراستنی پاکیزەییو ئەخلاقەو تا ئارەزووی سەرکێش جڵەو بکرێت. وەرن با گوێ لە قسەی نوژداریو زانست بگرین، بە زمانە سادەکەی خۆمان بدوێین کە بۆ قەناعەت پێ کردن پەنای دەبەنەبەر. ئارەزوو وا لە مێشکدایە، هەر کەس گەرەکیەتی بە تەواوی پاکیزەیی دەستگیر ببێت، با سەری خۆی بپەڕێنێت، بەڵام تێربوون لە ئەندامەکانی زاووزێوە دەست دەکەوێت. ئەی باوك کە هەر سووری لەسەر خەتەنەکردنی کچەکەت، زۆر بە سادەیی مانای وایە تاوانێك دەکەیت، دەستبەرداری ئارەزوو بوویتو کەوتوویتە کوشتنی تێربوون، ئەمە هەروەك ئەوە وایە کەسێك خۆشترین خواردنی بخرێتە بەردەم، بەڵام زمانی ببڕدرێتەوەو دەمی دابخرێت، ئەوپەڕی برسیشی بێت!! بیرمان نەچێت توێژینەوەیەك دەری خستووە کە (90٪)ی ئەو ژنانەی وا بە لەشفرۆشییەوە خەریکن، خەتەنەکراون!! مانای وایە ئەخلاق لە ڤیتکەدا نییە، ئەگەر وا نەبێت هەریەکە لەوانە رابیعەیەکی عەدەوی[14] دەبوون، لەوانەیە کەسانێك

13 ڤیاگرا: دەرمانی بەخشینی وزەی سێکسییە، تایبەتە بە پیاوان.

14 رابیعەی عەدەوی: بە (ئوم لخێر) ناسراوە، کچی ئیسماعیلی عەدەوییە، ساڵی 718ز لە بەسرە لە دایکبووە، باوکی فەقیرحاڵ بووە، منداڵ بووە کە باوکی مردووە، دواتر دایکیشی مردووە، خۆیو خوشكو براکانی کەوتوونەتە ڕەوشێکی نالەبارەوە، رابیعە ژیانێکی تفتو تاڵی گوزەراندووە، ئەم ژنە گەورەترین داهێنەرە لە بەرەو پێشبردنی فیکری ئایینیدا، بەدرێژایی تەمەنی هەر بیری لە خودا

هەبن بە گاڵتەجارییەوە پێت بڵێن: چییە ئەو پارچەیە ئەوەندە ناڕەحەتی کردوویت، بەڕێزم ئێمە هەر پارچەیەکی زیادەی لێ دەبڕین!! دەمەوێت بڵێم: بەڵێ ئەوە هەر زۆر بێتاقەتی کردووم، لەوە بچوکتریش بێت پێی دڵگران دەبم! لەڕووی پزیشکییەوە قیتکە لە کۆرپەڵەدا تەواو هاوتای ئەندامی نێرینەی پیاوە، نەك تەنها ئەو پارچە چەرمەی وا بەسەر قیتکەوە. لەڕووی فسیۆلۆجییەوە لێی بڕوانە، دەبینیت هەروەك چووك وەهایە. ڕوو لەو کەڵەپیاوانە دەکەین کە هەر سوورن لەسەر خەتەنەکردن، ئایا ڕازیت لە پێناوی پاکیزەییدا ئەندامی نێرینەت ببڕنەوە؟! یا ئەوە هەر سنگ دەرپەڕاندنە بەرامبەر بە داماوێك کە ناوی کچە؟ واتا بۆ قیتکە شێرن‌و بۆ ئەندامی نێرینەیش وەك نەعامە سەریان لە نێو لمدا دەشارنەوە. هەروەها پێت دەڵێن: ڕات بەرانبەر بەوانە چییە کە بەرگری لە خەتەنەکردن دەکەن، کە کچانێکیشیان تێدایەو خودی خۆیان دێن دەڵێن: وەرن خەتەنەمان بکەن، قیتکەم زۆر گەورەیەو شێوەیەکی ناحەزی هەیە. سەرنج: زۆرجار ئەوە قسەی پزیشکی گەورەیشە ئەم قسەیە دەجوونەوە، تا ویژدانی خۆیانی پێ ئاسوودە بکەن، لەکاتێکدا ئەوانە هەر بە ڕاستی تاوانبارو مرۆڤکوژن. بەو پزیشکە تاوانبارانە دەڵێین: کاتێك پیاوێك دێتە لاتو پێت دەڵێت

کردووەتەوە، هەر بە ڕاستی کەسێکی سۆفیگەر بووە، شیعری زۆری بۆ خۆشەویستی خودا هۆنیوەتەوە.لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. (ئینساکلۆپیدیای ویکیپیدیا).



ئەندامی نێرینەم گەورەیە، ئایا لە بنەوە بۆی دەبڕیت تا ڕازی بکەیت[15]؟ یا دووبارە ئەوە گرێی مێینەیە.

کەسانێکی عەقڵ چەقبەستوو دەڵێن: کچان لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا هەر زوو دەکەونە ئاڵۆش، هەر بە جلەکانی قیتکەی دەورووژێت، دەکەوێتە گەڕان بە شوێن پیاوێکدا تا ئارەزوو و کەفوکوڵی دڵی دابمرکێنێتەوە، بەو پیاوانە دەڵێم: پێم وایە ئێوە بە کاریگەریی کلێپەسەندووی فیلمی پۆرنۆدا[16] ئەو قسانە دەکەن. هەر کەس قسەیەکی وا بکات، ئەوا نەدەزانێت توێکارزانی قیتکەو فسیۆلۆجیای ئارەزوو و ئۆرگازمو تا دوا چەمکی سێکسی چین؟ بە سادەیی بەوانە دەڵێم: گەر هەر پیاوێك جلەکانی بەر ئەندامەکەی بکەوێتو زەوقی هەڵ بسێت، کە سەدان جار لە قیتکە درێژترە، ئەوا پیاوان هەموویان خۆیان لە زیندان دەبیننەوە، بە تایبەتی ئەوانەی دشداشەیان لەبەرە. خەڵکینە بیکەن بە خاتری خودا کەمێك عەقڵ

15 لە کاتێکدا بیانوویەکی خەتەنەکردن گەورەیی‌و ناقۆڵایی قیتکەیە، پیاوانی ڕۆژهەڵات لە خەمی ئەوەدان ئەندامی نێرینەیان گەورەو درێژ بێت، کۆمەڵگای ئێمە پڕاوپڕی نوکتەن لە بارەی گەورەیی ئەندامی نێرینەوە. نووسەری ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی ئیلافەوە مانگانە وەڵامی پرسیارە سێکسییەکانی خوێنەرانی دەداتەوە، کەم نین ئەو پیاوانەی هەموو خەمێکیان بچوکی ئەندامەکەیانەو بە فوت‌و مەتر دەیپێون، زۆرجاریش دەبنە نێچیری زۆر لایەنی دەستبڕ، گوایە ئەندامەکەیان گەورە دەکات. بڕوانە ماڵپەڕی(com.elaph.www) گۆشەی (اسئلە و اجوبە دکتۆر ایلاف).

16 پۆرنۆ: وێنەو فیلمی ڕووتی سێکسی.

بهێننەوە بەر خۆتان، چۆن دەبێت وەهەمو خەیاڵو خەونو وازوازی سێکسیتان حوکمی بیروڕای زانستیتان بدات.

یەکەمین مەترسیی نوژداریو دەروونیی خەتەنەکردن، کەرامەتی مرۆڤایەتی تێدا بەفیڕۆ دەدرێت، تۆ ئەوە بە کچۆڵەیەك دەکەیت، درك بە خۆی ناکاتو هیچ بڕیارێکیشی بەدەست نییە. تەنانەت گەر سێکس بە بێ ڤیتکەیش بە تەواوی تێر ببێت، کە هەرگیز شتی وا نییە، ئەوا مرۆڤایەتیو هەقو زەوقو کەرامەتو هەموو شتێك خێزان ناچار دەکەن بە تۆپزی کچ نەخەنە بەر کارێك کە هەر دەبێت بیکات، تەنها لەبەر ئەوەی لە تۆماری ڕەگەزنامەدا کچی ئەوانە. سەبارەت بە ساردوسڕیی سێکسی ئەوە هەیەو هیچ شەرمێکی تێدا نییە. بڕۆن لە هاوسەری ئەو ژنانە بپرسن کە خەتەنە کراون. سەرەڕای ئەوەی کە ئۆرگازم بە زۆر ڕێگە دەبێت، گرنگترینیان درووژاندنە بە پێداهەلگوتنو دەست لێدانو یاریو دەستبازیو ناوچەی (G. SPOT)... بەلاَم دەوری ژنە خەتەنەکراوەکان دەورێکی تەوەرییە لە تێربوونی سێکسیدا. هێندێ ژنی خەتەنەکراو هەر زۆر بە زەحمەت دەگەنە ئۆرگازم، ڕێ دەکەوێت بەدرێژایی تەمەنیانو تا ئەو کاتەیش کە دەمرن بۆ یەك جاریش پێی نەگەن. بێگومان مەترسیی پیسبوونو تەنینەوەو نەزۆکیشی هەیە.

دێینە سەر ئەو کەسانەی وا دەیانەوێت بە دینو فیقهـ و فەرموودەی پیرۆز قەناعەتمان پێ بکەن، کە خەتەنەکردن حەلاَڵە. پێیان دەڵێین گەر خەتەنەکردن لە ناوەڕۆکی ئیسلامدایە، بۆچی لە ولاَتی سعوودیە ناکرێت، کە ئیسلام لەوێوە سەری هەڵداوە؟ بۆچی تەنها



لە چوار دەوڵەتی ئیسلامی وەك میسرو سوودانو سۆماڵو یەمەنو دەوڵەتانی ئەفریقیادا دەکرێت؟ پرسیارێکی گرنگمان هەیە، گەر خەتەنەکردنی کچان پایەیەكو سوننەتێکی ئیسلام بێت، ئەی بۆچی پێغەمبەر (د.خ) کچەکانی خۆیی خەتەنە نەکردوون؟ لەکاتێکدا خۆی خاوەنی سوننەتەکەو گرنگترین سەرچاوەیشی بووە. هەموو ئەوانەی لایەنگری خەتەنەکردنن دەبەمەوە سەر قسەکانی دکتۆر سەیید تەنتاویو دکتۆر عەلی جومعەو بیرمەندی ئیسلامی محەمەد سەلیم ئەلعەوا، دەتوانم بڵێم قسەکانیان حاشاهەڵ نەگرن، کەس ناتوانێت بەدرۆیان بخاتەوە، چونکە هەر زۆر مەنتیقین، هەر بۆیە شێخی تەنتاوی دەڵێت: ((هیچ دەقێکی شەرعی ڕاستو دروست نییە تا لە مەسەلەی خەتەنەکردندا پشتی پێ ببەسترێت، ئەمە جگە لەوەی کە نەریتێکە لە میسردا نەوە لە دوای نەوە بلاَوبووەتەوە)). سەبارەت بە فەرمودەکەی ئوم عەتییە (أشمی و لا تنهکی فانه أسری للوجه و أحظی عند الزوج) هەموو ئەوانەی کە گێڕاویانەتەوە بەلگەکانیان لاوازن، هەروەك دکتۆر سەلیم ئەلعەوا نووسیویە: ((خودی ئەو کەسەی فەرمووەدەکەی گێڕاوەتەوە، حوکمی لاوازی بەسەردا بڕیوە، ئیدی چۆن دەبێت بگەڕێینەوە سەر ڕای کەسێك دوای ئەمو درەنگتر ڕاستی کردبێتەوە)). دکتۆر سەلیم سەبارەت بە فەرموودەی پێك گەیشتنی دوو خەتەنەکار دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیە هیچ بەلگەیەکی ڕاستیی تێدا نییە، چونکە واژەکە لێرەدا لە بواری ناونانی دوو شتەوە هاتووە بە ناوێکیانەوە کە زۆرتر شۆرەتی هەبێت، یا بە مەبەستی زاڵکردن ناوێکیان دەهێنرێت. نموونەی لەوە لە زمانی عەرەبیدا زۆرن، وەك

(العمـران- ابـوبكر و عمـر)، (القمـران- الشـمس و القمـر)، (العشـاوان – العشـاو و المغـرب)... واژەی (الختـانين) هـيچ بەڵگەيـەك نييـە بـۆ مەشروعييەتی خەتەنەكردنی كچان، پێدەچێت مەبەستی فەرموودەكە خۆشتن بووبێت، لە بنەڕەتەوە مەبەستی خەتەنەكردن نەبوو)).

مانای وایە نە زانستو نە ئاینو نە یاساو نە جوگرافیاو نە ئەخلاق ناڵێن خەتەنەكردن ڕاستە، سەرەڕای هەموو ئەوە هێشتاكە لە میسر كچان خەتەنـە دەكرێن. ئایا ئێمـە دانیشتووی وڵاتێكین، بێ هۆشيی تێیدا جێگیرە؟ ئایا نیشتمان كەڕو كاس بووە؟ ئایا هێشتاكە گرێی جێبەجێ كردنی سادیزم لەگەڵ كچانیدا هەڵی دەسووڕێنێت؟ تێ ناگەم، بە یەك خولەك وەستان بۆ ڕوحی پاكی بدوور ئەم مەتەڵە هەڵ نایەت؟ خولەكێك وەستان كێشەی چەندین سەدە لە زوڵمو زۆرو چەوساندنەوە چارەسەر ناكات.



## خەتەنەكردن لەڕووی سۆسیۆلۆجیو ئەدەبییەوە[17]

## خەتەنەكردن كۆیلەیەتییە، نەك خواپەرستی.

خەتەنـەكردنی كچان پرسیارێك بووە، لـە منداڵییـەوە خـەوی لـە چاوان تاراندووم. كاتێك دەمبینی كچانی خێزانەكەم وەك بەرەو قەسابخانەیان پەلكێش بكەن، ڕاپێچی چارەنووسی خۆیان دەكرێن، پرسیار گەورەترو نیشانەی پرسیش قەبەتر دەبوو.كاتێك لە كۆلێژی پزیشكی وەرگیرام، زانیم ئەو قەسابییەی میسرییەكان بە كچانی خۆیانی دەكەن، هیچ پێوەندییەكی بە زانستی پزیشكیو نوژدارییەوە نییە، دڵنیابوومو بۆم یەكلایی بووەوە كە ئەوە دابونەریتو ڕەوشتو بەندوباوو بیروباوەڕی پڕوپووچی كۆنەو لە ناوماندا ماوەتەوە، هێندێك جار لە بەرژوەندی بەهێزترنو لە مەنتیقیش دەنگی دلێرترە. لە حەقیقەتی زانستیی ڕوونو ئاشكرایش قایلكەرترن. پرسیم: بۆچی كچانمان لە قۆناغی منداڵییەوە بەرەو باخچەیەكی جوانتری دیكەی تەمەن كە تەمەنی هەرزەكارییە، بەناو جۆگەی خوێنی خۆیاندا پەلكێش دەكرێن؟ چۆنە ڕێگە بەخۆمان دەدەین بەو هەموو سادێتییەوە بكەوینە پارچەپارچەكردنی لەشیانو بڕینی ئەندامێكیان؟ بۆچی ڕژێنی سەروەریو سەرهەڵوێستیمان هەڵ دەئاوسێتو خۆمان دەكەینە پارێزەری ڕەوشتو مۆراڵی ساختە كە ناكرێت پارچە چەرمێك بە ناوی (قیتكە)ەوە پێكی بهێنێت؟ بەڵكوو ئەوە تەواوی سیستمێكە لە

[17] ئەم بەشە لە گۆڤاری تەوار ژمارە 16ی پاییزی 2006، ل 153-160 بلاوكراوەتەوە.

بەها پێکی دەهێنێت‌و ئاین فێرمان دەکات‌و خێزان‌و داوودەزگاکانی کۆمەڵ بە گوێماندای دەدەنەوە. بۆچی گەشانەوەو دڵخۆشبوون بوونەتە گرێ‌و وازوازێکی تۆپزی لە هەستکردن بە خۆشی‌و ترس‌و بیم‌و زارەترەکبوون لە ئۆرگازم[18]و زەوتکردنی مافێکی ڕەوای مرۆڤایەتین، کە چێژوەرگرتنە لە لەش، بە تەواوی وزەی خۆیەوەو خودا لە ناخماندا خوڵقاندوویەتی؟!

هەموو ئەم پرسیارانەو پرسیاری دیکەیش، جارێکی دیکە لەگەڵ هەڵمەتی بەرهەڵستیی خەتەنەکردن کە ئەنجومەنی نەتەوەیی دایکایەتی‌و منداڵی پێی ڕادەگات، کەوتنەوە وروژاندنی مێشکم. بینیم دەرفەتێك نەماوەو هەر دەبێت بپرسین، تا خودی کۆمەڵگە لە خۆی بڕوانێت‌و لە ڕوخساری خۆی ورد ببێتەوە، هێندێك جار پرسیارکردن لە خودی وەڵامەکەی بەبایەخترەو نێوەنێوی ئاوەز لەم جۆرە کێشانەدا کەمێك بەسوود دەبێت، لەبەر ئەوە هەر دەبوو بابەتەکە لە گشت لایەنە پێکداچووەکانییەوە بخرێتە بەر گفتوگۆو مشتومڕ. خەتەنەکردنی کچان هەر بەتەنها گیروگرفتێکی پزیشکی یا کۆمەڵایەتی یا ئاینی نییە، بەڵکوو گشت گیروگرفتەکانە پێکەوە، ئەنجامی کارلێککردنی سەرجەمی ئەو فاکتەرانەیە، بەجۆرێك گفتوگۆکردن بە تەنها لەبارەی هەر توخمێکیانەوە، جۆرێك لە ساختەکاری‌و فێڵ‌و تەڵەکەبازییە.

18 ئۆرگازم (Orgasm): ترۆپکی چێژو خۆشی لە سێکسدا.



ئەوەی لە کێشەی خەتەنەکردندا دەمانخاتە پێکەنین‌و دەیشمان گریەنێت، تێکەڵ‌و پێکەڵبوونی زەینی ناڕۆشنی دیدو بۆچوونی ڕووناکبیرانە، بەهەمان ڕادەی تێکەڵبوون‌و شپرزەیی‌و سەرلێشێوانی ناو ڕەشەخەڵکەکە. ئەوەندە بەسە کە بزانین بەرزترین دەنگی بەرگریکەری خەتەنەکردن، دەنگی مامۆستایەکی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵبوونی کۆلێژی نۆژداریی زانستگەی عەین شەمسی میسرە، مایەی سەرسوڕمانە هێشتاکە هەر سووره لەسەر درێژەدان بە لە بەرزکردنەوەی کێشەکەی دژ بە وەزیری تەندروستیی پێشوو، هەر لەبەرئەوەی کە خەتەنەکردنی قەدەغە کردبوو! ئەویش پێمان نیشان دەدا کە زۆرجار بیروباوەڕی پڕوپووچ بەسەر زانستدا زاڵ دەبێت، تەنانەت گەر پلەی دکتۆرایشی هەبێت. کارەساتەکە ئا لێرەدا پەنهانە، کاتێك عەقڵ‌و ئاوەز لەڕێی فیکرێکی دەستەجەمعییەوە دەکرێتە هێماو ڕەمز، هێندێك جاریش زیاتر لە هێمنی‌و ئارامی مەیلی بەلای هەراوهوریاو ئاژاوەوەیە. پێویستە سیناریۆی ئەو بەربەرییەتە بناسین کە بە ناوی ئاینەوە نووسراوەتەوەو ئاینیش لێی بێبەرییە، ئەمەیش بە پشتیوانی خودا لە بەشێکی دیکەدا دەسەلمێنین.

ئەو بەربەرییەتە شایستەی ئەوەیە ناوی (بڕینی زاووزێی کچان/ Female Genital Mutilation)ی بەسەردا بڕین. ئەمە ناوێکی زانستیی نوێیە، شایانی ئەو ژنە قەسابانەیە کە سەر بە عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاستن، پێڕێك نەزان‌و کێوی‌و دڕندەو وەحشی‌و هەرچیوپەرچین. پێش هەر شرۆڤەیەك هەوڵ دەدەین کردارەکە لە نزیکەوە بناسین، پێدەچێت ڕووناکبیران درکیان بەڕادەی

ناحەزیو دزێویو ناقۆلایی کردارەکە نەکردبێت، با گوێ لەم سیناریۆ دراکۆلاییە بگرین کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون، لەوانە کۆمەڵناسێكو ژنە پزیشکێك کە بەسەر خۆیدا هاتووەو ڕۆماننووسێك کە بۆی گێڕاوینەتەوەو کچێك کە ئەندامەکەیان بڕیوەتەوە، تا بە هەمان شێوە هەست بە کێشەکە بکەینو تاوانەکەمان لە لا ڕوون ببێتەوەو حوکمی ڕاستو دروستی لەبارەوە بدەین.

سەرەتا لەگەڵ "دکتۆر محەمەد عەوەز"ی مامۆستای کۆمەڵناسی دەبین، وەسفی "ئاهەنگ"ی پاکیزەبوونی کچانی کردووە، بێگومان زێدەڕۆیی دەکەین کە دەڵێین ئاهەنگ، ئەوە شالاوێکی خوێناوییە نەك ئاهەنگ بێت، بایەخی وەسفی دکتۆر لەوەدایە کە بە چاوێکی ئەکادیمییەوە لە کێشەکەی ڕوانیوە، هەروەها لەڕێی دادەیەکەوە، نەك لەڕێی دکتۆرەوە، ئامادەی پاکیزەبوون بووە. دادە هێشتا لە نێوەندە میللییەکاندا کە زۆرینەی کۆمەڵن، نێردراوی بەشەرەفی بەشکۆیە. مامۆستای کۆمەڵناس وەسفی ئەم ئاهەنگە سادیزمە دەکاتو دەڵێت: کچانو ژنانی خزمو ژمارەیەکی زۆری منداڵانو براو باوكو چەند پیاوی دەستنیشانکراو زۆر نزیك دەبنەوەو شادو بەوکەیفن! ژنان لەناو خۆیاندا دەکەونە چرپەچرپو قسەی ناشیرینو ناپەسند بەگوێی یەکدیدا دەچرپێنن، کە بەڵگەی ئەوپەڕی دواکەوتووییانە وەك (( با ئاگری جگەر دای بمرکێنێتەوە)) یا ((با بەئالۆش نەبێت)) یا ((با کەمێك کلۆکۆی دەروونی دابمرکێتەوە)) یا (( ئەوە لووتی دەشکێنێت)) یان ((سبەی شوودەکاتو مێردەکەی هەرچییەك بکات ماندوو نابێتو هەستیشی پێ ناکات)). بەدوای ئەو قسانەدا قاقا دەکەونە پێکەنینی



هیستریایی کە بەڵگەی ڕەزامەندیو پێشوازی لێ کردنە، هەروا لەسەری بەردەوام دەبن، ئەوانە بەڵگەی زەقو بەرچاوی سێکسین.

ئەو پێکەنینە جۆرێ لە نائومێدیو خۆشحاڵبوونە بە بەلاو نەگبەتیی کچە یا قەرەبووکردنەوەی کێماسییەکە. ئەوەی بەسەر کچەدا هاتووە بەسەر زۆربەیشیاندا هاتووە. ئا لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشرێ کە ئەوەی وا دکتۆر خەمیس باسی دەکات، کاردانەوەی ژنەکەیەو نکوولی کردنیەتی لە ئازارو زووخاوی خۆی، بە زماندرێژیو قاقای پێکەنینی دەستکرد شاردراوەتەوە، تا کێشە بنەڕەتییەکە بەوە پەردەپۆش بکات. دکتۆر بەردەوامەو دەڵێ: دادەکە خانمێکی تێکسمڕاوو بەهێزو چڵکنو نینۆك دەرپەڕیوە، دەستەسڕێکی پێیەو لە نەشتەرێکی درێژی پێچاوە نزیکەی دوو گرێو نیو پانە، هەروەك کاردی قەسابی وەهایە، پێنج ژنی بەدەماخ لەگەڵیدا دێنە ژوورەوە، یەکسەر دەکەونە هەڵماڵینی جلوبەرگی کچەکە تا لای سەروو سنگیو دواتر بەمجۆرە دابەش دەبن. یەکێکیان هەڵ دەکەوتێتە سەر شانیو بە هەموو هێزی خۆی دەیگرێ، دوانیشیان بۆ سەر قاچی ڕاستیو دوانەکەی دیکەیشیان بۆ سەر قاچی چەپیو هەردوو ڕانی لێك دەترازێنن، تا بەتەواوی لێك دەڕەوێتەوەو ئەندامی زاووزێی کچەکە دەردەکەوێت. کچەکە لەبارێکدایە بە شێوەیەکی هیستریایی دەکەوێتە هاوارو فیغانو دادەکەیش بەوپەڕی هێمنییەوەو زۆر بەخێرایی نەشتەرەکە بە فیتکەی کچەکەدا دەهێنێتو بەشێکی هەردوو لچی بچووكو تەواوی فیتکەی لێ دەکاتەوە، کچە بەهۆی ئەم نەشتەرکارییە تاوانکارانەوە کە بێ بەزەییانە بۆی دەکەن، خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕواتو بێ هۆش

کەوتووە. ژنان لەکاتی خەتەنەکردندا دەکەونە بنێشت جوین‌و دەیخەنە سەر سینییەك‌و دواتر دەکەونە خواردنەوەی قاوەو کوپ‌و فنجانەکانیش ناشۆرێن. یەکێك لە ژنەکان لە دەفرێکی دیکەدا دەکەوێتە کۆکردنەوەی تلّپەی قاوەکە. لەکاتی خەتەنەکردندا بغورد دەسووتێنرێت‌و دوای چوونە دەرەوەی دادەکە دەنگی هەلهەلەی هیستریایی بەرز دەبێتەوە، ژنێك دەکەوێتە کۆکردنەوەوی بنێشت‌و تلّپەی قاوەکەو بخوردی سووتاو، دەیخاتە بەردەستی دادەکەو جارێکی دیکە دێتە ژوورەوەو چەند ژنی دیکەی لەگەڵدایە، تا ئەو تێکەڵەیە زۆر بێ بەزەییانە دەخاتە سەر برینەکەو دواتر پارچە پەڕۆیەکی زبری لەسەر دادەنێت‌و جارێکی دیکە دەچێتە دەرەوە، وەك بەخشیش بڕێك پارە لە کەسوکاری کچەکە وەردەگرێت. ئەم سیناریۆ بەربەرییە بە خۆشی‌و هەلهەلەی هەمووان کۆتایی دێت تەنها کچەکە نەبێت. بێگومان دوور لە هەموان لێی دەکەوێت‌و هەست بە ساردوسڕیی تەنهایی دەکات، فرمێسکی پرسیار بەچاوانیدا دێنە خوار، بۆچی ئەوەیان بەسەردا هێنام؟ چ هەڵەیەکم کردبوو؟ نازانێ هەڵەی هەرە گەورەی ئەو هەر ئەوەیە کە بە کچی خولّقاوە.

لە زانای کۆمەڵناسەوە دەچینە سەر چیرۆکی ژنە پزیشکێك‌و نووسەرێکی بەرچاو، ئەویش خانمی "دکتۆر نەوال سەعداوی"[19]یە،

19 (دکتۆر نەوال سەعداوی (1930-...): ژنە پزیشك‌و نووسەرو ڕۆماننووس‌و چالاکوانی مافی مرۆڤە لە میسر، لەو پێناوەدا دووچاری زۆر کێشە بووەتەوە، ساڵی 2008 ڕەگەزنامەی میسری لێ سەندراوەتەوە، هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە، چەندین کتێبی هەن: ژن‌و سێکس، مێینە بنەمایە، پیاوو سێکس، ڕووخساری ڕووتی ژنی عەرەبی، ژن لە پنتی سفردا... ئێستا لە تاراوگە دەژی. (سەرنج: دکتۆرە خانمەکانی



ئازایانەو بوێرانەو بەهەموو تاڵ‌و تفتییەکەوە باسی ئەزموونی خەتەنەکردنی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم چیرۆکە نیشانەیەکی جیاوازی هەیە، چونکە چیرۆکی پزیشکێکە ئەو کاتەی خەتەنەکراوە کچۆڵەی خێزانێکی کۆنەپارێزی سەر بە چینی مامناوەند بووە، لەناو خێزانێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیردا پەروەردە بووە، بەم جۆرە چیرۆکی خەتەنەکردنی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە: ((تەمەنم شەش ساڵان بوو لە جێگا گەرموگوڕەکەی خۆمدا نوستبووم، خەونی پەمەیی منداڵانەم دەبینی، کاتێك هەستم کرد دەستێکی گەورەی زبری نینۆك چڵكن‌و ڕەشی درێژ بۆم هات‌و گرتمی، دەستێکی دیکەی هاوشێوە بەتوندی نرایە دەمم تا نەتوانم هاوار بکەم بەرەو حەمام بەکێشیان کردم. نەمزانی چەند کەس بوون؟ چ ڕەنگ‌و ڕوخسارێکیان هەبوو؟ پیاو بوون یا ژن؟ دنیا لەبەر چاوانم بووە شەوەزەنگ، پێ دەچێت بە شتێك هەردوو چاویان داپۆشیبم، ئەوەی ئەو ساتە لەبیرم مابێت، ئەو مەچەکە ئاسنینانە بوون کە باڵ‌و قاچیان شەتەك دابووم، تا بە تەواوی لەپەلوپۆی خستم‌و نەمتوانی بەرگەی بگرم یا بجووڵێمەوە. تەختی ناو حەمامە ساردەکەی ژێر لەشی ڕووتم، هەروەها دەنگی نەناسراوو پرتەو بۆڵەبۆڵ، تێکەڵ بە دەنگی بەریەککەوتنی شتێکی کانزایی دەبوون، چەقۆ تیژکردنەوەی قەسابی وەبیرهێنامەوە، کاتێك لەبەر چاومدا لە

کورد وا ڕاهاتوون نازناوەکەیان لە سەر تابلۆی عەیادەکانیان بە (دکتۆرە...) بنووسن، کەسانێك هەن پێشنیازی (خانمە دکتۆر)یان کردووە، بەلاّم پێم وایە ئەمە پێچەوانەی دەستوری زمانی کوردییە، کە ناوی کەسەکان لە ڕووی ڕەگەزی نێرو مێوە هیچ جیاوازییەکی نییە، ئیدی ئێمە لەم سەدەی بیست‌و یەکەدا چۆن دەبێت ئەم جیاوازییە بکەین؟؟)

بەردەهەسانیان دەسوو، پێش ئەوەی بۆ جەژنی قوربان مەڕی پێ بکوژنەوە. خوێن لە لەشمدا مەیی، وامزانی چەند دزێکن هاتوون منیان لەسەر جێگەکەم ڕفاندووەو خۆیان ئامادەکردووە تا سەرم ببڕن. زۆر چیرۆکی لەو جۆرەم لە نەنکە لادێییەکەم بیستبوو، گوێم بۆ بەریەککەوتنی کانزاکە هەڵخست، هەر کە نەما ئیدی دڵیشم لە نێو پەراسووەکانمدا لە لێدان کەوت. هەناسەم لێ بڕاو چاوەکانم نووقان، هەستم کرد ئەو شتەم لێ نزیك دەبووەوە. ئەو کاتە درکم بەوە کرد کە ڕانەکانم تا ئەوپەڕی لێك ترازێنراون‌و هەر ڕانەم دوور لەوی دیکە بەتوندی‌و بە پەنجەی ئاسنین شەتەك دراون‌و شل نەدەبوونەوە، هەروەك چەقۆ یا گوێزانێکی تیژ بکەوێتە سەر ملم، هەستم کرد ئەو شتە کانزاییە بە توندی‌و بە خێرایی پارچەیەکی نێو ڕانمی بڕی، لەتاو ئازار کەوتمە هاوارو ناڵەو فیغان، سەرەڕای ئەوەی تۆپەوانەیەك لەدەممدا بوو. ئازار ئازار نەبوو، ئاگرێك بوو بەربووە لەشم. خوێن لەژێرمدا جۆگەلەی سووری بەست. نەمدەزانی چییان لە لەشم بڕیوە، هەوڵیشم نەدا بپرسم، گریام‌و هاواری دایکمم کرد تا فریام بکەوێت. چ کارەساتێك بوو کاتێك بینیم دایکم بە گۆشت‌و خوێنییەوە لەگەڵ ئەو غەریبانەدا وەستاوەو لەگەڵیان دەدوێت‌و بەدەمیانەوە پێ دەکەنێت، هەروەك ماوەیەك لەووبەر کچەکەیان سەر نەبڕیبێت، خستمیانەوە سەر جێگەکەم، بینیم بە هەمان شێوە پەلی خوشکەکەمیان گرت، کە دوو ساڵ لە خۆم منداڵتر بوو، هاوارم کردو پێم گوتن: نا...نا... ڕوخساری خوشکەکەم لە نێو دەستە زبرو گەورەکانیاندا کەوتە بەرچاو، ڕەنگی مردووی لێ نیشت بوو. بەر لەوەی بۆ حەمامی ببەن، بۆ



ساتێك چاوم بە چاوی کەوت، وەکوو لەو ساتەدا هەستمان بە کارەساتێك کردبێت، کارەساتی ئەوەی لەو ڕەگەزە خوڵقێنراوین کە ڕەگەزی مێینەیە. کە ڕەنگی چارەنووسی بەدبەختیی ئێمەی ڕشت بوو، دەستێکی ئاسنین بەرەو ئەو جێگەیەی پەلکێش دەکردین کە چەند بەشی لەشمانی لێ دەبڕدرایەوە)).

نەوال سەعداوی پرسیویە، بەڵام ژنانی دیکە ناپرسن‌و بگرە بە قەزاوقەدەریش ڕازین، تا بەرەو ئەو چارەنووسە وەك مێگەل لێیان بخورن. بەڵکوو مایەی سەرسوڕمانە زۆریان لە ئەنجامی ساختەبوونی هۆشیارییانەوە بەرگری لە سەربڕینی خۆیان بکەن. بیهێننە بەر زەینی خۆتان مێشك شۆردنی ژنان بە چ ڕادەیەك گەیشتووە، کە وا دەزانێ وەك قوربانی خستنە بەر چەقۆی ئەخلاق، ئەوە گەورەترین خەڵاتە!

گەر نەوال سەعداوی ئەزموونی خەتەنەکردنی کچێکی ڕۆژهەڵاتیی موسڵمانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوا (سلێمان فەییاز)ی ڕۆماننووسی گەورە لە شاکارەکەی خۆیدا (دەنگەکان) باسی ئەزموونێکی نائاساییی‌و مایەی سەرسوڕهێنی ژنێکی بیانی دەکات، کە کەسوکاری مێردە میسرییەکەی پێیان وایە شەرەفی کوڕەکەیان کە لە غەریبایەتی گەڕاوەتەوەو ئەو کچە قژ زەردە فەرەنسایییەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بە خەتەنەکردنی دەپارێزن، گەر خەتەنەی نەکەن ئەوا حەتمەن ناپاکیی لەگەڵدا دەکات. ژنانی لادێ کۆ بوونەتەوەو بڕیاریان داوە شەرەفی حامیدی کوڕیان بپارێزن‌و سیمۆن خەتەنە بکەن، تا هەر وەك وەسفیان دەکرد نەبێتە پشیلەیەکی برسی‌و بەدووی پیاواندا بگەڕێت. لە زمانی زەینەبی براژنی حامیدەوە کە دڵی لە سیمۆن پیس کردبوو، دەبیستین:

((نەفیسە پەنجەرەکانی داخستو چواردەوریمان گرتو ئەویش هەر بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە تا لە شوێنێکەوە بۆی دەربچێت، گرتمانو کەوتە بەرگریکردنو هاوارهاوار، لێی ترسابووین، دەستم نایە سەر دەمی، لەسەر فەرشی ناو ژوورەکە پاڵمان خست، داوێنی کراسەکەی بەریمان هەڵدایەوەو توند گرتمان، بە هەموو هێزی خۆیەوە هەوڵی دەدا لە هەشت دەست ڕزگاری ببێ. نەفیسە گوتی: پێم نەگوتن؟! نەفیسە بە مقەستەکە کەوتە پاککردنەوەی، دواتر بە ڕیاڵی هەنگوینی ڕەش پیسیی ناو ڕانیی خاوێن کردەوەو هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە خەسوومی گوت: بڕوانە پێم نەگوتی خەتەنە نەکراوە؟)).

بەم دۆزینەوە ترسناکە، ئەو ژنانەی کە سادێتی لە ناخیاندا پەنهانە، هەر دەبوو لیك بەدەمیاندا بێتە خوارێ، کە وەك جینی بۆماوەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە. ڕۆماننووس چیرۆکەکە هەر لە زمانی زەینەبەوە تەواو دەکاتو دەڵێت: ((نەفیسە شووشەیەکی لە سنگیدا دەرهێناو سەرقەپاخەکەی لابرد، بۆنی بەنجی لێ دەهات، پارچەیەك لۆکەی تێ هەڵکێشا کە لە سینگیدا دەری هێنابوو. دواتر خستیە سەر لووتی سیمۆن، جووتە چاویم لەبەر ڕۆشنایی چراکەدا بینی تەواو زەقو زارەترەك ببوون، بیرم کردەوە بەجێی بهێڵمو هەموانی لێ دوور بخەمەوەو بەئاگای بهێنمەوە، هات بە مێشکمدا لە جێگای ئەودا بم، بەڵام بە خەیاڵمدا هات کە بە ڕۆحی خۆیو لەوانەیشە بە لەشولاری کە لە سپیو سۆڵیو نەرموشلیدا هەر لە پەنیر دەچوو، دڵی حامید خۆش بکات، چونکە خەتەنە نەکرابوو. لەشی لەژێر دەستماندا شل ببوو، دەمیشی لە گۆ کەوتبوو، نرکەو ناڵە



هەر لە لووتیدا کپ کراو، چاوەکانی لێك نا، کە هێشتاکە هەر بە گومانەوە تێمان ڕامابوون... ئەو هەموو تۆقینو زارەترەکبوونەی قارەمانی ڕۆمانەکە دادێکی بۆ نەداو ترسو سام گرِ لە ئارەزووی ژن بەردەدات، کلێپە دەستێنێت، تا زیاتر شەکەتو ماندووی بکەن))، زەینەب لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەردەوامەو دەڵێت: ((نەفیسە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە کارەکەی ڕادەپەڕاند، ژنان حەوابوونەوەو وەستابوون، لەو ئەرکە شکۆدارو مەزنەیان دەڕوانیو تەواو پەشۆکاوو شپرزەو کامەران بوون. نەفیسە ئەو شتەی بەدەستەوە گرتو دووری خستەوەو بەدەستەکەی دیکەیشی گوێزانێکی تیژی وەك ئەوەی بۆ سەرتاشین بەکاردێت، لە گیرفانی دەرهێناو کردیەوەو بەلایەکی جلەکەی بەری خۆیی سڕی، دواتر لایەکی گوێزانەکەی خستە سەرو بە خێرایی دەمی گوێزانەکەی پێدا هێناو ئەو شتە لە دەستەکەی دیکەیدا بە تەواوی لێ ببووەوە. خوێن فیچقەی کرد. پێشتر ئەو هەموو خەتەنەکردنەی کچانمان بینیبوو، نەماندیبوو ئاوا خوێن فیچقە بکات. نەفیسە هەموو ئەو لۆکەیەی کە پێی بوو، نایە سەر برینەکە تا خوێنەکەی بگیرسێتەوە، بەڵام هەر زوو لۆکەکە لە خوێنی ئەو بەستەزمانەدا دەخووسا. نەفیسە هەرچییەکی بکەوتبایەتە بەر دەست لە شاڵی خۆیو سیمۆن دەیخستە سەر خوێنی لەبەرچوو، بەڵام خوێن جۆگەلەی بەستبوو، هەر نەدەگیرسایەوە، قوماشەکەیش لە خوێندا دەخووسا. خەسووم بە هەردوو چەپۆك کێشای بە سەریداو هاواری کرد: هەش بەسەرم، نەفیسە هاواری لێ کردینو پیاماندا هەڵشاخا، تا

ئابڕووی خۆمان نەبەین، داوای لێ کردم چی دەکەوێتە بەردەستم لە قاوەو خۆڵەمێش‌و گڵەسوورە بۆی ببەم)).

قاوە، خۆڵەکەوە، پیاز، یا کۆلۆنیا سیمۆنیان بە ئاگا نەهێنایەوە، ئەو ڕۆحی تێدا نەمابوو. هەروەك خەسووم گووتی: لە وڵاتەکەی خۆیەوە بۆ ئەم ئازارە هاتبوو. ئەو ژنانە ئەوەیان بە سیمۆن کردبوو، چونکە نێوەنێوی بێدەنگی‌و دەبەنگی ئەوانی دابوو، هەر بۆیە بڕیاریاندا نەك بە زمان بڕینی، بەڵکوو بە بڕین‌و لێکردنەوەی مێینەییەکەی، بۆ هەتاهەتایە خامۆشی بکەن.

لە سلێمان فەییازەوە دەچینە لای ڕۆمانە شاکارەکەی (زەینەب‌و تەخت)ی "فەتحی غانم"ی ڕۆماننووسی خوالێخۆشبوو، کە زەینەبی کچە قارەمانی ڕۆمانەکەی تێدا خەتەنە کرابوو، پاش ململانێ‌و ناڕەزایەتی "دودو هانم"ی نەنکە تورکییەکەی‌و سووربوونی "خەجێ"ی دایکە لادێیەکەی، بەڵام یاسای ساختە دەنگی دلێرتر بوو، گوێزانەکەی "ئوم ئیسماعیل"یش کارەکەی جێبەجێ دەکرد. "زەینەب" خەتەنەکراو، فەتحی غانم لە زمانی زەینەبەوە ڕۆژێك دوای خەتەنەکردنی بۆمانی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ((کاتێك دوودوو هانم چاوی بە زەینەب کەوت قاچەکانی لێك کراونەتەوەو سەری شکاوە، داوای لێ کرد بۆلای ئەو بێت، بەڵام زەینەب سەرسام‌و دەمەق وەستابوو. خەجێ بە پێکەنینەوە گوتی: ئەوە شەرمێ دەکات، چاوەکانی لە خۆشیاندا دەدرەوشانەوە، هەوڵیشی ئەدا ئەو خۆشییە بە خەسووی بگەیەنێت‌و پێی گوت: ئەوە خێروبەرەکەتی ماڵەکەیەو، کارێکی نەکردووە، گەر دڵنیا نەبوویێت مێینەیی زەینەب هەر بە



خەتەنەکردنی کامڵ دەبێت‌و شوو بە تورك ناکات‌و مێردەکەیشی هەر دەبێ میسری بێت، میسریش بە ژنێك ڕازی نابن گەر خەتەنە نەکرابێت، خەجێ کەوتە چەنەبازی‌و زۆربڵێیی‌و باسی زۆر پیاوی کرد کە ژنەکانیان تەڵاق داوە، دوای ئەوەی زانیویانە خەتەنە نەکراون. یا وەك بەسەر "حیکمەت ئەلئولفی"دا هات، ئەو کچە لە خێزانێکی تورکەو لە گەڕەکی (ئەملونیرە) نیشتەجێیەو بووکێك بووە بیست ساڵانی تێ پەڕاندووە، مێردەکەی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە "ئوم ئیسماعیل" خەتەنەی بکات، خوێنێکی زۆریشی لەبەر ڕۆیشتبوو، ئەوەندەی نەمابووی گیانی دەربچێت. دوودوو هانم وەك ملدان بۆ قسەکانی، سەری بۆ لەقاندو گوتی: سەردەمی کەڵەپیاوان بەسەر چووەو ناگەڕێتەوە، هەر جوتیاران ماونەتەوە!

ئەم چیرۆکانە قسەی ناو ڕۆمان نین، ئەوە واقیعێکەو کەسانێك نووسویانە ویژدانی نیشتمانن، هەموویشی دڵۆپێکە لەو دەریای نائارامی‌و گرژییەی کچانی سەربڕاوی ئێمەی تێدا بە چەقۆی نەزانی‌و دواکەوتوویی نوقوم بوون. ئەو خوێنەی لە گیانی کچێکەوە فیچقە دەکات، هێندێ جار زیانەکەی زۆر لەوە کەمترە کە داتەپینی بارە دەروونییەکەی دەبێتە مایەی داڕمانی مرۆڤە. "دکتۆر حیلمی عەبدولسەلام" چەمکی تازەی لە کتێبەکەیدا باس کردووە، لەوانەیە کاریگەری دەروونیی خەتەنەکردن پێش خەتەنەکردنیش بکەوێت، هەر ئەوەندەی کچان دەبیستن چی بەسەر ئەو هاوڕەگەزانەیاندا هاتووە کە لە خۆیان گەورەترن، شپرزەو نائارام دەبن، هەتا لەو تەمەنەیش نزیکتر ببنەوە کە وادەی خەتەنەکردنیانە، زیاتر ناڕەحەت دەبن‌و دەپەشۆکێن،

دەبێتە ترسێکی دەروونیو پێ دەچێت لە هێندێك باردا ببێتە مێردەزمەو دۆڵپاو مۆتەکەو لە خوێندنیان دوا بخات. هەرچەندە کچە خۆیو کەسایەتیشی ئامادە بێت، نائارامتر دەبێت، ئۆقرەی لەبەر هەڵدەگیرێت. "دکتۆر تەها باشر" دەگێڕێتەوە: ((کچ بە شەو لە کاتی نوستنیدا دەکەوێتە هاوار هاوار: جانەوەرەکەیە، جانەوەرەکەیە، بەڵام کەسوکاری شوێنەوارێکی ئەو جانەوەرەیان نەدەبینیەوە، دواتر دەرکەوت چەند ڕۆژ لەوەوبەر کارەکەرەکەی ماڵیان بۆی گێڕاوەتەوە کە ئەمیش خەتەنە دەکرێت، ئەو جانەوەرەی چووبووە خەوی کە باسی کردبوو، لای خەڵکی بە گشتی، کەڵبەو دیمەنی ترسناکی ئەو ژنەیە کە خەتەنەی دەکات. دواتر کچە دڵنیاکرایەوە کە خەتەنە ناکرێت، ئەوە وای لێ کرد کە بە ئارامی لێی بخەوێتەوە)). سەبارەت بە کاریگەریی دەروونی پاش خەتەنەکردن، "دکتۆر سامیە سلێمان ڕەزوق" دەڵێت: ((ناکرێت ئەو کاریگەرییە دەروونییە بسڕدرێتەوە کاتێك کچێك بە ناهەق بە ئاهەنگەوە پەلکێش دەکرێتو خۆی دەبینێتەوە کۆتوبەندیان کردووەو گوێزانو چەقۆی پێشان دەدرێت، دوچاری ئازارو ژانی زۆر دەبێت، لە بەرانبەردا وەك بەرتیل دیاری هەرزانبەهای پێشکەش دەکرێت، کچ هەرچەندە منداڵیش بێت، دەتوانێ ئەو خواردنە خۆشو بەتامو ئەو جلوبەرگە جوانانە کە پێی دەدرێت، لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر کەرامەتی لێی وەردەگیرێت، بەراوردیان بکات. کاتێك لەبەرچاوی غەریبەدا ڕووتی دەکەنەوە، ئەمەیش وای لێ دەکات متمانەی بە دایكو باوکی نەمێنێت، ناهەقی ئازاری دەروونو گیانی پەیوەست دەبن بە خولقاندنی هەست کردن بە زوڵمو زۆر لای ئەو



کچۆڵەیە. لەوانەیە خۆنەویستانە میز بکاتە ژێر خۆیو بە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی دەری ببرێت، خەتەنەکردن هەر لێکردنەوەی ئەندامێکی لەش نییە، بەڵکو شەقارشەقاربوونی دەروونیشە.

ئەوە هەر بە ڕاستی بڕینەوەی دەروونە، پێش ئەوەی بڕینی لەش بێت. هەوڵی دابڕینی کۆمەڵایەتیی ژن هەوڵێکی دێرینو دووبارەبووەوەیە، کۆمەڵگە سوورە لەسەر بڕینەوەی ئەو قەوارەیە، جارێك سڕینەوەیەتی بە دابڕینی لەناو چوار دیواری ماڵداو جارێکی دیکەیش شەقامی لێ دەکاتە زیندان، کە ژن دەبێت تێیدا زۆر بەوردی حساب بۆ هەنگاوەکانی بکات، بەگومانو چارشێوو لەمپەرەوە بێتو بچێت، "دکتۆر عادل سادق"ی مامۆستای پزیشکی دەروونی دڵنیامان دەکاتەوەو دەڵێت: ((خەتەنەکردن کردارێکی بڕینەو بەدرێژایی ژیان لە خەیاڵو بیرکردنەوەی ژندا هەر دەمێنێتەوە، ئەم هەستکردنە بە بڕینی ئەندامێکی گرنگی لەشی کچە، بە گشت مانایەکی سێسکییەوە، لە زەینیدا دەبێتە شتێکی جێگرتوو. دەڵێن ئەو پارچە چەرمە دەبڕدرێت، تا کچ لەڕێ لا نەدات، بەوە چەمکی "ئەخلاق" بە غەریزەوە[20] پەیوەست دەبێتو بە ویستو ئارەزووی کچ نابێت. لێی حەرام دەبێت وەك مێینە شانازی بە ئەخلاقی مرۆڤانەی خۆیەوە بکات، کە لە قەناعەتو بڕوای خۆیەوە پەیدا بووە. "دکتۆر تەها باشر" لە کتێبەکەی پێشوویدا باسی ژنێکی تەمەن سی ساڵان دەکات کە باری دەروونیی دارما بوو، پاش ئەوەی جێ برینەکەی سارێژ بووەوەو

[20] غەریزە: خۆڕسك، سروشتی.

خواردنو خەوی لێ حەرام ببوو، دەبوو لە کلینیکی نەخۆشیی ئاوەزدا جەستەو دەروونی چارەسەر بکرێت، باسی ژنێکی دیکە دەکات، دوچاری نەخۆشی ئاوەز ببوو، کاتێك برایە لای پزیشك دەرکەوت ژنە منداڵی نییەو دووجار تەلاق دراوە. پاش پشکنین دەرکەوت لوویەکی گەورە بە ئەندازەی تۆپێکی تێنس لە ژێر برینی خەتەنەکەیدا هەڵتۆقیوە[21]، پاش نەشتەرگەریکردنی ئەو لووە، بە تەواوی چاك بووەوەو بەسەلامەتی نەخۆشخانەی بەجێ هێشت. یان پێش خەتەنەکردنیان ڕووخۆشو چاوگەشو سروشتینو ترسیان لە پشکنینی پزیشك نابێت، بەڵام پاش دوو مانگ یا تەنانەت دوو ساڵیش لە خەتەنەکردنیان بە تەواوی دەگۆڕێن، کچان بە پشکنینی پزیشکی دەکەونە هەڵلەرزینو زارەترەكو شەڕانگێز دەبن.

دەبێت ئەوە بزانین کە خەتەنەکردن، نزیکبوونەوە نییە لە خودا، گەر ئەوەمان لە سەردەمی فیرعەونییەکاندا کردبێت، ئەوا چیدی بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێت. میسرییە کۆنەکان نەریتیان وابووە، بووکێکیان لە شێوەی کچۆڵەیەکی جوانو ڕازاوەدا لە ڕۆژی شووکردنیدا فڕێ دەدایە ناو ڕووبار، باوەڕیان وابووە گەر ئەوە نەکات، ئەوا ڕووبارەکە لێیان بەقینەدا دەچێت، نیعمەتی خۆی بەسەریاندا ناڕێژێتو

21 هاوڕێیەکی پزیشکم بۆی گێڕامەوە کچێکی نەخۆش بە زەحمەت میزی بۆ دەکرا، دووچاری هەوکردن ببوو، دوای ئەوەی برایە لای پزیشكو پشکنین و سۆنارو نەشتەرگەری گورچیلەی بۆ کرابوو هەر سوودی نەبوو، تا بە ڕێکەوت برایە لای پزیشکی منداڵبوون کاتێك لێی ڕوانی بوو سەرنجیدا کونی میزکردنی گیراوەو بە زەحمەت میزی بۆ دەکرێت، پاش ئەوەی نەشتەرگەری کرا، کچەکە لە ئازار ڕزگاری بوو، دواتر دەرکەوت کچە بە برینەوەی هەردوو لچی گەورەو بچووکی ئەندامی زاووزێی خەتەنەکراوەو بە هۆی ئەوەوە دوچاری هەوکردن بووە.



لافاو هەڵدەستێت. وەرزی وەفای نیل وەرزێکی گونجاو بووە بۆ خەتەنەکردنی کچان. لەو کاتەدا دادەکان دەکەونە خەتەنەکردنی کچانو ئەو پارچە گۆشتەی لە لەشیان دەبڕدرێت لای خۆیان هەڵی دەگرن، وە ك نوشتە دەی پێچنەوەو بە دەزوویەك دەکرێتە ملی کچەکە. ئەو پارچەیەی لە لەشی بڕراوە، ڕۆژی ئاهەنگ گێڕان بە جەژنی لافاوی نیلەوە فڕێ دەدرێتە ناو ڕووباری نیل، لەو باوەڕەدان گەر ئەو کارە نەکەن، ئەوا بە قەیرەیی دەمێننەوەو شوو ناکەن. گەر شوویش بکەن ئەوا وەجاخ کوێر دەبن، تەنانەت گەر منداڵیشیان بوو ئەوا سکیان دەسووتێت، منداڵەکانیان هەر بە ساوایی دەمرن.

بەداخەوە، هێشتا سوورین لەسەر ئەوەی کچەکانمان بکەینە قوربانیی وەهمێکی گەورە کە ناوی (داوێنپاکی)یە، زۆر کەس هەن نازانن ئەوە عەقڵو ڕوحە بەرپرسیاری داوێنپاکییە، نەك پارچە گۆشتێك یا پارچە چەرمێکی هەڵتۆقیو کە خودا وەك سەرچاوەی چێژو لەززەت، نەك نەگبەتیو نەهامەتی بۆی دروست کردووە.

## مێژوو و ئەنسرۆپۆلۆجیای خەتەنەکردنی کچان[22]

**خەتەنەکردن نەرتێکی ئیسلامی یا فیرعەونی نییە، بەڵکو نەریتێکی سەردەمی کۆیلایەتییە.**

تا ئەم ماوەیەش لەوە دڵنیابووم کە خەتەنەکردنی کچان دابێکی هەڵەی ناو موسڵمانانەو بنەچەکەی بۆ فیرعەونییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام کاتێك یەکێك لە نەخۆشە مەسیحییەکانم داوای لێکردم کچە بچکۆلەکەی بۆ خەتەنە بکەم. دووجار سەرسام بووم، جارێك لەبەرئەوەی ئەم داوایەی بە تایبەتی لە من کردبوو، جارێکی دیکە لەبەرئەوەبوو کە داواکارەکە مەسیحی بوو، ئەوە نائومێدی کردمو ئیدی بێگومان بووم لەوەی کە خەتەنەکردنی کچان نەریتێکە لەمپەڕی ئایینو ڕەگەزەکانی مرۆڤی تێپەڕاندووە! ئەو نەخۆشە وای لێ کردم سەرلەنوێ دوور لە ئایین بکەومە گەڕان بەدوای بنەچەی مێژوویی ئەم نەریتە بەربەرییەدا. دوای ئەوەی سەبارەت بەڕەوشی باشو بەرچاوی ژنان لەسەردەمی فیرعەونییەکانداو هەروەك زۆرکەس وای پیشان دەدەنو خۆشم هەر لەو بڕوایەدا بووم کەوتمە گومان لەوەی کە بنەچەی خەتەنەکردن فیرعەونی بووبێت، ئیدی بڕیارم دا بە مێژووی ئاڵۆزی خەتەنەکردندا بگەڕێم تا تێ بگەین لەکوێوە ئەو هەموو ڕووباری خوێنە سەرچاوەیان هەڵگرتووە؟

[22] ئەم بەشە لە گۆڤاری تەوار ژمارە 17ی زستانی 2007 بڵاوکراوەتەوە.



"ماهر بەرسوم عەبدولمەلیك" لە کتێبەکەی (یاداشتی ڕاوێژکارێکی میسری)دا چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، دەلالەتێکی گرنگی هەیەو لەو کاتەدا ڕوویداوە کە لە ناوچەی (صعید[23]) کاری کردووە، داوای لێ کراوە لە ڕووداوی بەربوونەوەی کەسێك لە شەمەندەفەرەوە بکۆڵێتەوە، بووەتە مایەی بڕینەوەی قاچی، کاتێك پرسیار لەو کەسە کرا کە قاچی بڕدرابووەوە، خەزووری تاوانبارکرد.، کە بەرەو ڕووی تاوانباریش بووینەوە، بە یەك ڕستە بەرگری لەخۆی کردو قسەو بیانووی پێ بڕینو ڕازیی کردینو گوتی: (مەعقولە گەورەم، کەسێك لە شەمەندەفەر بخەمە خوار عەیبو عاری منی پۆشی بێت). بە خوێندنەوەی ئەم ڕستە پڕمانایە کە مەسەلەکەی کورتو پوخت کردبووەوە، کەوتمە لەرزین. ژنان عەیبو عارنو پیاوانیش شوێنەواری ئەم عەیبو عارە دەشارنەوە، دەکرێت بە کوشتنی بێت یا بە ژنهێنان بەرپرسی بخاتە ئەستۆی خۆی، یا بە خەتەنەکردنی هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ ئەم عەیبەیەدا هەڵ بکات، ئەوە پاشماوەی سەردەمی کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتیو کەنیزەکانەو تا ئەمڕۆیش ماوەتەوە، لە مێشکی هەندێك کەسی دەروون نزمو پیاوی مێشك نەخۆشدا جێی خۆی بکاتەوە، کە هێشتا ژیانیان هەر بە مەنتیقی شەهریار[24]و هەڵسوکەوتی

[23] صعید: ناوچەیەکی میسرە.

[24] شەهریار: کەسایەتی پاشای ناو زنجیرە چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوەیە. پێشتر هاوسەرەکەی ناپاکی لەگەڵدا دەکات، دووچاری بارێکی دەروونی دەبێتەوە هەر ژنێك کە دەی هێنێت تەنها یەك شەو لای دەمێنێتەوەو دەی کوژێت، تا شەهرەزادی کچی

تاوس دەگوزەرێنن. ئەگەر ددانی خێر بە ژندا بنێن، ئەوا لە دەروازەی نازو نیعمەتو بەخشینەوەیە، نەك ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیو ئەرکێکی سەرشانی بێت. هەروەك لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا دەکەوتنە خەساندن (لە پیاوەتی خستن)، تا دەرەبەگو ئاغاکان دڵنیا بن لەوەی کە کۆیلەکەی کڵاوی نانێتە سەرو، دەستەبەری هێزو گوڕوتینی لەشی بکاتو هەروا لە ئارەزووبازیدا بە فیڕۆنەچێت.

پاش ئەوەی پیاو جێی دەرەبەگو ئاغای گرتەوە، لە ڕێی خەتەنەکردنەوە (خەساندنی مێینە) هاتەکایەوە، تا موڵكو ماڵی پیاو لە هەر پیسبوونێکی تیشکاوەری ناوکی سێکسیو پۆخڵەواتی ئاڵۆشی ڕووخێنەرانەی سەرتاپا پاك بووبێتەوە، چونکە بنەمای مانای پزیشکی وشەی قیتکە (Clitoris) بەمانای کلیل دێت، ئەو بەڕێزانە بە هەمان مەنتیقی (پشتێنەی داوێنپاکی)[25] ژنیان خەتەنەکردووە، تا دەرگای ئارەزووی سێکسی لێ کلۆم ببێت.

---

وەزیرەکەی دەبێتە هاوسەری، هەر شەوەو چیرۆکێکی بۆ دەگێڕێتەوە تا هەزارو یەك شەو، دواتر پاشا لەو گرفتەی ڕزگاری بوو.

25 پشتێنەی داوێنپاکی: جۆرێ پشتێنە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (سەدەی 14و 15)و سەردەمی جەنگی خاچپەرستان پەیدابووە، ئەو سەربازانەی ڕەوانەی شەڕ دەکران ئەو پشتێنەیان لە ژنەکانیان دەبەستەوەو کلیلیان دەداو لای خۆیان کلیلەکەیان گل دەدایەوە. سەرەتا لە وڵاتی ئیتاڵیا پەیدابوو، لەوێوە بە دەوڵەتانی ئەوروپا گەیشت، تا ژن نەتوانێت ناپاکی لەگەڵ مێردەکەیدا بکات، هەروەها هەندێك لە ژنە ڕاهیبەکان لە خۆیان دەبەست تا کەس نەتوانێ دەستدرێژیان بکاتەسەر، (ڤۆلتێر)ی شاعیر هۆنراوەیەکی بەناوی (قفڵ)



زۆر لە پزیشکانو توێژەرەوانی وەك "دکتۆر محەمەد فەیاز، دکتۆر نەوال ئەلسەعداوی، دکتۆر سامی ئەلزیب"ڕازی نین خەتەنەکردنی کچان بدرێتە پاڵ فیرعەونییەکان. سەرباری ئەوەی خەڵکی سودان دزێوترینو قێزەونترین جۆری خەتەنەکردنیان بە (خەتەنەکردنی فیرعەونی)ەوە[26] ناوناوە، دکتۆر نەوال ئەلسەعداوی دەڵێت: پێش

---

نووسیوە، پێشکەشی ژنێکی کردووە شووی بە پیرەمێردێك کردووەو ئەم پشتێنەیەی لێ بەستووە. تیایدا دەڵێت: لە ڕۆما کەسێکی لەخۆبایی یا بۆرژوازی یا پیاوچاك نابینێتەوە ئەم کلیلەی پێ نەبێت تا شەرەفی خێزانەکەی بپارێزێت.

ئەم پشتێنەیە لە پێشو پاشی ژن دەبەسترێو پارچە لەوحێکی کانزایی پێوەیەو بەنێو هەردوو ڕانیدا تێ پەڕدەبێتو بە کلیل کلۆم دەدرێت، بۆ پێویستی ڕۆژانە کونێکی بچووك لە پێشەوەو کونێکی گەورەتر لە دواوەی تێدایەو، سەرەڕای ئەوە ڕێگەی لە ژن نەگرتووە بە مەرامی خۆی بگات، شایانی باسە لەم سەردەمەداو لە بەریتانیا جارێکی دیکە سەری هەڵداوەتەوە، بەو بیانووەی ئەو کەسە خۆی ڕازییە، بەڵام زۆر بەکەمی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم بەستەرە: (http://www.elaph.com/ElaphWeb/reports/2007/3/220067.htm)

26 خەتەنەکردنی فیرعەونی بەمجۆرەیە: بەشێکی گەورەی هەر دوو لچی گەورە دەبڕرێتو هەر دوو لچی بچوكو قیتکە یا میتکە بە تەواویو لە بنەوە دەبڕرێن، پاشان دەنکە شقارتەیەکی بچوك دەخرێتە ناو دەرچەی نێوان هەر دوو لچی گەورە، گەر برینەکە سارێژ بووەوە تا دەرفەتی میزکردنی هەبێت. کاتێك کچە پێ دەگات، دەبێتە دەرچەیەکیش بۆ خوێنی سووڕی مانگانە (بێ نوێژی). لە کۆتایی ئەم نەشتەرگەرییەدا کە

میسری کۆن خەتەنەکردن لە وڵاتی ئیندۆنۆسیا بڵاوبووە، زانستی مێژوو (ئەنسرۆپۆلۆژیا) سەلماندوویەتی کە خەتەنەکردنو خەساندن، هیچ پەیوەندییەکیان بە میسر یان عەرەب یا موسڵمانان یان جولەکە یا مەسیحییەکان یا بوزییەکانو... نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە سیستەمی کۆمەڵایەتیو ئابووریی باوی کۆمەڵگاوە هەیە، نەك بە جۆری مرۆڤ یا ئایین یا ڕەنگ یا ڕەگەز یا ئێتنیك یا زمانیانەوە هەبێت. ناوبراو دەڵێت: کیشوەری ئەفریقا یا ڕەشپێستەکان بەرپرسی ئەم تاوانە نین، بەڵکو ئەوە تاوانێکی سەردەمی کۆیلایەتیەو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پاشماوەی تێڕوانینی ڕەگەزپەرستانەیە کە پێی وایە کێشەکانی جیهان

---

ئەو دەنکە شقارتەیە دادەنرێت، هەر دوو قاچی کچە بە توندی بۆ ماوەی چل ڕۆژ شەتەك دەدرێن، تا دڵنیا بن برینەکەی یەکی گرتووەتەوە.

بەمجۆرەو زۆر بە ئاسانی ژنان لە ئەندامی سێکسییان مەحروم دەکرێن، لە یەکەمین پێکهاتەی ژیان بێ بەش دەبن، بەوە هەموو ژیانی دەبێتە گرێ کوێرەو ماڵ پڕ لە کێشە دەکات، بەوە ژن هەر زۆر سلبی دەبێت، هەست بە ون بوون دەکات، هەمیشە نائارامو نەسرەوت دەبێت، هەست بە کێماسی دەکات، پێی وایە هەر پیاو سەردارو دەستڕۆیشتووە، بەوە دەوری ژن لە کۆمەڵگادا دەسڕێتەوە. سەرباری ئازارو ژانی نەبڕاوە، دووچاری زۆر کێشەی سێکسی دەکات، لەوانە ساردوسڕیی سێکسی، کە ئەوە قەیرانێکی ڕاستەقینەی ئەمڕۆکەو بنەمای کێشەکانی ناوماڵمانە. (بڕوانە: الحکم الشرعی فی ختان الڒکور و الاناپ، الدکتور محمد بن لگفی الصباغ، منڤمە الصحە العالمیە، المکتب القلیمی لشرق الاوسگ، ص 20).



بە ئایدزیشەوە[27] سەرچاوەکەی وا لە ئەفریقیادایە، یا لانی کەم لە ئەفریقیاوە سەری هەڵداوەو دواتر پەتاکەی بۆ ڕەگەزی سپی گوازراوەتەوە، دکتۆر "سامی ئەلزیب" لە مەڕ خەتەنەکردن خاوەنی گرنگترین توێژینەوە، هۆی ئەمە بۆ سیستەمی نێرینەیی دەگێڕێتەوە کە فرەژنیو سیستەمی کۆیلایەتی بە ڕەوا زانیوەو ئاماژە بە کتێبی (کاما سوترا)ی هیندی دەکات، کە چۆن پیاوان لە سیستەمی (حەریم)دا ناتوانن هەموو ژنەکانی خۆیان ڕازی بکەنو هەر شەوەو لای یەکێکیان دەمێنێتەوە، لەوانەیە یەکێکیان دەستنیشان بکات تا لەگەڵیدا جووت بێتو ئەوانەی بێبەش بوون دەکەونە فێڵو تەڵەکەو ساختە تا بە پیاو بگەنو قەرەبووی بێبەشی خۆیان بکەنەوە، پیاوان بۆ ڕێگرتن لەو کارە ناڕەوایانە، کەوتنە خەتەنەکردنی کچان، بەو پێیەی شێوازێکی دامرکاندنەوەی ئارەزووی سێکسیانەو، ڕێیان نەداوە منداڵی شەرعی خۆیان تێکەڵ بە منداڵانێك بن کە باوکیان نەناسراو بن.

"دکتۆر ئەحمەد شەوقی ئەلفنجەری" جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوەو دەڵێت: (ئەم کارە هی سەردەمی دەرەبەگایەتییە، کاتێك دەرەبەگ هەزاران سەر مەڕو ماڵاتی هەبوە، سەرباری سەدان کۆیلەی ژنو پیاویش، بەو پێیەی مولکی خۆی بوونو وەك یەك مامەڵەی

---

27 ئایدز: یا سیدا نەخۆشی نەمانی بەرگری لەشە بە هۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی (HIV). بیروڕایەك پێی وایە ئەم ڤایرۆسە لە جۆرێك مەیموونەوە بڵاوبووەتەوە کە بە مەیموونی سەوز ناسراوەو لە ئەفریقیا دەژی.

لەگەڵ ئاژەڵو مرۆڤدا کردووە، نێرەی ئاژەڵەکانی خەساندووە[28] تا ئاژەڵە مێیەکان لە قۆناغی شیردانی بێچووەکانیاندا ئاوس نەبن، پیاوە کۆیلەکانیشی خەساندووە تا توخنی ژنەکانیان نەکەون، بەڵام ئاژەڵە مێیەکان دەنکە ناوك یا تەنێکی ڕەقیان دەخستە ناو پزدانیان تا لە ناوەختدا ئاوس نەبن، بەڵام ژنە کۆیلەکان سەرباری ئەوەی سەدان ژن بوونو هەر بە تەنها موڵکی خۆی بوونو خەتەنە دەکران تا هەستو ئارەزووی سێکسیان دابمرکێنەوەو چێژ لە سێکس وەرنەگرن، چونکە هەموویانیان پێ تێر نەدەکرا، ئەوە هەر مەسەلەی شوێن یا ئایین نەبوە کە خەتەنەی داهێناوە، بەڵکو مەسەلەی هەست کردنی کۆیلایەتییە، ئەگەر بەسەریدا زاڵبووی ئەوا هۆی خەتەنەکردن نامێنێتو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەت دەکرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر ملکەچی بوو بن، ئەوا خەتەنەکردن دەبێتە بۆنەیەك پێشوازی لێ بکرێتو ڕەواجی پێ بدەین، بۆ ئەوە جارێك پەنادەبرێتە بەر ئایینو جارێکی دیکە دابونەریتی کۆمەڵ، تا بە پارچە کاغەزێکی سیلوفەنی جوان ئەم نەریتە وەحشیانەیە داپۆشین، کارێك بکەین هەموان پێی ڕازی بنو بەڵکوو داواش بکرێ جێبەجێ بکرێت.

کاتێك بیری ئەفسانەیی نەدیو (غەیبی) باڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەکێشێت، لە بونیادی خۆیدا پارێزگاری لە خورافە دەکات کە لە ڕێی جینەکانەوە، نەوە لەدوای نەوە دەیگوازێتەوە. بە تایبەتی پاش ئەوەی

28 لە کوردەواریشدا نێرەی ئاژەڵی وەك (گا) خەسێنراوە تا لە کاتی جووتکردندا زۆر بەتواناو بە هێز بێت، گای خەسێنراو بە (گاجووت) ناوبراوە.



بەرنامەی زانستی لە بیرکردنەوەدا ون دەبێتو لەبەرچاوان ون دەبێتو توانای ڕاگرتنی هاوسەنگی نامێنێت، بازێك بە کۆمەڵگا بدات تا ئەفسانە بکاتە بەشێکی فۆلکلۆر، نەك پێکهاتەیەکی بیرکردنەوەو کارو هەڵبژاردنو بڕیاردانی.

هەر لە دێرزەمانەوەو لە زۆربەی ئەفسانەکاندا ئەو پارچە بڕاوانە قوربانیو پێکهاتەکانی خوڵقاندنیان نواندووە، لە ئەفسانەی (رجیفدا)ی هیندیدا (بوزا) وەك قوربانی بەستراوەتەوەو جیهان لە پارچەکانی خوڵقاوە، بۆ نموونە خۆر لە چاوەکانی خوڵقاوەو بەمجۆرە، زۆربەمان چیرۆکی (ئیزیسو ئۆزیریس)مان بیستووە کە (ست)ی خواوەندی شەڕ پارچە پارچەی کردو (ئیزیس) هەوڵی دا پارچەکانی کۆبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی ئەندامی زاووزێی بدۆزێتەوەو سێ ماسی قووتیان دابوو کە هێزی شەڕیان دەنواند. لە ئەفسانەی هۆزی (مانتجا)دا کە ئەفسانەیەکی کۆنی ئەفریقاییەو (باجنرا)و (مایکومو)ی جووتەبرا لەبەردەم خوداوەندا کەوتنە شەڕو ململانێو یەکەمیان بریندار دەبێتو خەتەنەکرا، پاش چاکبوونەوەی ڕازی نەبوو لەگەڵ ژنەکەیدا جووت ببێتو داوای لێ کرد ئەویش خەتەنە بکرێت تا مێردەکەی پێی ڕازی ببێت. پێشتر باسی ئەفسانەی قوربانیدان بە بوکی نیلمان کردووە، ئاماژەیەکە بۆ بایەخی قوربانیدانو قوربانی لە فیکری ئەفسانەییدا، جارێك بۆ خۆلادانە لە توڕەیی خواوەندو جارێکی دیکە وەك سروتێکی خوداپەرستییە.

سووتاندنی لەشو بڕینی ئەندامی لەش لەو قوربانیانەن، هەندێك هۆزی ئەفریقیا هەن پیاوان بە ئارەزووی خۆیان گونی چەپ یان

ڕاستیان دەکەن بە قوربانی، تا خۆیان لە شەڕی منداڵبوونی جمك بپارێزن! ئا لێرەوە خەتەنەکردن دەبێتە سایەو سێبەری ئەفسانەو ڕەمزی قوربانیدانی ئایینیو وردە وردە دەبێتە نیشانەیەکی جیاکردنەوەو تاكو تەنها بوونی هەر هۆزێك یا هەر خاوەن ئایینێك یا دانیشتوانی هەر وڵاتێك، ئەم سروتە یەکیان دەخاتو لە پەرشو بڵاوبوونەوە قوتاریان دەکات.

ئەم یەکبوونە یا ئەم ئارەزووە زیانبەخشەی لێکچوونو خولقاندنی چوونەوەسەرو پێکەوە هەڵکردنی ساختەی گومانلێکراو وا لە خەتەنەکردن دەکەن شێوازێکی ئاسانو خێرای بەدیهێنانی هەموو ئەوانە بێت، هەر بە نەشتەر پێداهێنانیداو خوێن لەبەرچوونو قوربانیدان بە ئەندامێکی لەش کە بە پێی دابونەریتی گشتی بەشێکی زیادەیەو پێویست نییەو مایەی سەرئێشەو ئاڵۆشی سێکسییە، ئارەزووی تاکەکانی کۆمەڵ ئەوەیە کۆپیکراوێکی دووبارە بن، ئەمە درێژکراوەی بیری کۆیلایەتیە کە خەتەنەکردنی خولقاندووەو جێگیری کردووە.

"دکتۆر کامیلیا عەبدولفەتاح" بەمجۆرە باسی کاریگەری ئەم پێکەوە گونجانەی لە نەریتی خەتەنەکردنی کچاندا کردووەو گوتوویە: (خەتەنەکردنی کچان دەکەوێتە بەر چەمکی ڕێککەوتنو پێکهاتنی کۆمەڵگا، ئەمەش لە چاوەڕوانی ڕوودانی خەتەنەکردنداو پێویستی بوونو ڕازی بوونو پێ قایلبوونیدا دەردەکەوێت. لەگەڵ ئارەزووی کچەکە بەو پێکهاتنە، دەلالەتێکی دەروونی بۆ هەمووی هەیە، ئەویش هەستکردنی کچە بەو بایەخو گرنگییە، ئەگەرچی بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت. ئەو بایەخە کە وا باوە کچانی کۆمەڵگای ئێمە نییانە، ئەو



خۆشیەیش کە خێری تێدایە لە زەینی ئەو کچۆڵانەدا دەمێنێتەوە، وەك جۆرێك لە دابونەریتو بەشداری بوونو پێکهاتن لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵدا، داوادەکەن خەتەنەیان بکەن) مایەی سەرسامییە ئەو ئارەزووی لێکچوونە زۆر بەهێزە کە دکتۆر کامیلیا باسی کردووە، بە پێچەوانەوە ئێمە پێمان وایە ئازار زۆری بۆ دەهێنێت کە بە بەها جێگیرەکانی کۆمەڵ ڕازی نابێت، یا ڕاستتر بڵێین کەسانێك بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت، دەیانەوێت جێگیرببێت. ئەم کچە گومڕاوو دۆڕاوەو هەڵسوکەوتی ناپەسەندیو دەستەخوشکەکانی خۆیان هەڵدەکێشنو دەکەونە لافوگەزاف بەوەی لەوان کەمترەو بەوە ناچاری دەکەن داوا بکات خەتەنەی بکەن! "دکتۆر سامی ئەلزیب" چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە دەشێ سەرەتا زۆر بەلامانەوە سەیربن، بەڵام کاتێك لە نزیکەوە هەست بە نزیکی فشارو دەسەڵاتی دابونەریت دەکەین، سەرسامیمان دەڕەوێتەوە، دەڵێت کۆمەڵگای سودانی کچانی خەتەنە نەکراو دەخەنە نێو سێ خانەی منداڵانو شێتو داوێن پیسەوە، توێژینەوەیەکی مەیدانی لە سۆماڵ کراوە ئاماژە دەکات بەو کچانەی کە خەتەنە نەکراون بۆ ماوەیەکی درێژ تا چەندین جار داوادەکەن خەتەنەیان بکەن، چونکە گەر خەتەنە نەکرێن وایان لێ دێ دەوروبەریان نەفرەتیان لێ دەکەنو نەتوانن شووبکەن[29] مەگەر لە

[29] دیدار، گۆڤارێکی کوردی کە لە وڵاتی سوید، یەکێتی لاوانی کورد دەری دەکات، بابەتێکی سەبارەت بە خەتەنەکردن بڵاوکردووەتەوە، تێیدا باسی کچێکی سۆماڵی کراوەو لە سوید پەنابەری سیاسییەو ڕازی نەبووە ئەو پەتەی کە لە خەتەنەکردنی فیرعەونیدا هەر

دەرەوەی کۆمەڵگای خۆیان بێت. سستەرێکی خەتەنە نەکراو گێڕایەوە کە ئەو زۆر لە خەمو پەژارەدا دەژی، هەزاران جار مردنی بەلاوە خۆشترە وەك لەوەی ناچیزەو ناپەسند بێت!. لەو بڕوایەدام ئێمە لە میسر پێویستە لەسەر مەترسی خەتەنەکردن سووربین، تا ئەم ئارەزووی لێکچوونە تێك بشکێنین. هەر دەبێت ئەو ئەڵقە دۆزەخییەی سیاسەتی مێگەل تێك بشکێنرێت کە جۆرێك لە حەوانەوەی ساختە دەخولقێنێت. هەردەم ڕەوتێك ڕازیت دەکات، نەبوەو نابێت خوێندنی مەل جیا لە پۆلە باڵندە داهێنەراترو بە جۆشتر بێت، سەرباری ئەوەی کە چێژی جودابوونت پێ دەبەخشێت، بەڵام هەستی گەرمی ناو پۆلە باڵندەت لە دەست دەچێت. کچانو دایکان باوەڕ بەم قسە قۆڕو هیچو پووچە دەهێننو حاڵەتی نهێنی بێدەنگ بوونو وەستانیان بەلاوە پەسندترە کە دەگاتە ڕادەی بۆگەن بوون، لە چاو حاڵەتی ئازادی هەڵسوکەوتو گۆڕانو پێشکەوتن.

کۆیلە لەبەرئەوەی شتێك یا بەشێکی کەلوپەلی دەرەبەگە، ئەوا مامەڵەکردنی هەر بەهەمان شێوەی مامەڵەکردنی بە سەروەتو سامانو مەڕو ماڵاتو کێڵگەکەیەوە دەبێت، هەر چەندە مانگاکانی قەڵەو بن تا گۆشت یان شیریان زیاتر بێت. کۆمەڵگایەك فیکری کۆیلایەتی کاری تێ کرد بێت، کچان خەتەنە دەکەن تا بۆ شووکردن ئامادەیان بکەن، بە کورتی تا ئەو بەڕێزە کە پیاوە بەلایەوە پەسند بێت. هەروەك لە

---

دوو لچە گەورەی زێی پێ دووراوەتەوە لێ بکاتەوە، چونکە هیچ کوڕێکی سۆماڵی، تەنانەت لە سویدیش پێی ڕازی نابێت تا بێتە داخوازی.



ئەفسانەی هۆزی (دوجون)ی ئەفریقیادا هاتووە (ئەما)ی خواوەند ڕیخۆڵەیەکی پڕقوڕی سوورەوکراوی توڕدا، بەوەی زەوی لە شێوەی ژنێکی لەسەر پشت پاڵکەوتووی لێ پێك هات، کاتێك (ئەما) ویستی لەگەڵیدا جووت ببێت، ئەو ئەندامە نەفرەت لێکراوەی بووە ڕێگر، خواوەند کەوتە بڕینەوەی تا لەگەڵی پێك بێت، هێشتا ئەم بیروباوەڕە لەناو ئەو هۆزەدا بنەمای خەتەنەکردنە، ئەفریقیاییەکان ڕایەکی سەیرو سەمەرەیان بۆ خەتەنەکردن هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کچۆڵە هەر بۆ خۆی چێژ وەردەگرێتو کاتێك گەورەش بوو هەر دەبێت سەرچاوەی ئەو چێژە خۆییەی نەمێنێت، تا بەدوای پیاودا بگەڕێتو شووی پێ بکات. لەوە سەیرتر، چەند کۆمەڵگایەك لە کینیاو ئۆگەنداو ڕۆژئاوای ئەفریقیا هەن، کچان دەتوانن لە دەرەوەی پەیوەندی ژنو مێردایەتی منداڵیان ببێت، تا بیسەلمێنن توانای سکوزایان هەیەو، پاش منداڵبوونیان خەتەنە دەکرێن تا بۆ شووکردن ئامادەبن.

نوێنەری لیژنەی ژنانی غینیا ساڵی 1984 لە کۆنگرەی (دەککا) ڕوونی کردەوە کە کچە خەتەنەکراوەکان ماوەی یەك مانگ لە تاقە ژوورێکی ناو دارستانی پیرۆزدا دەمێننەوە تا برینەکەیان سارێژ دەبێت، لەوێدا پیرێژنێك چاودێریان دەکاتو فێری چیرۆكو گۆرانیی میللیو دەوری کەیبانووی ناوماڵیان دەکات. دوای دەرچوون لەو گۆشەگیریو دوورەپەرێزییە، ئیدی شایستەی شووکردن دەبن. بەڵام کەشیشێك ساڵی (163پ.ز) لە میسر بە زمانی یۆنانی نووسینی لەسەر قامیش نووسیوەو تێدا پێی لەسەر پەیوەندی خەتەنەکردن بەشووکردنەوە داگرتووە. "دکتۆر سامی ئەلزیب" سەبارەت بە هەوڵی مژدەهێنەرە

کاسۆلیکەکانی میسر، داستانێکی "جیمس بروس"ی گەشتیاری سکۆتلاندیمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە سەدەی (17)دا تا خەتەنەکردن لەناو لایەنگرانیاندا قەدەغە بکەن. دواتر لە هەوڵەکەیان پاشگەزبوونەوە، کاتێك بینیان پیاوان بە ژنانی کاسۆلیکی خەتەنە نەکراو ڕازی نابن!

دکتۆر ئامال عەبدولهادی لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە گوندی دیرئەلبەرشا وەبیری دەهێنێتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی مەسیحی بوون، دەستبەرداری خەتەنەکردنی کچان بوون. زۆربەی خەڵکەکە ڕازی نەدەبوون هاوکاری کەس بکەن تا کچەکانیان خەتەنە نەکەن، ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە: (هەر کەسە کوێخای ماڵی خۆیەتیو با وای دابنێین ئەگەر ئامۆژگاری دایکێکم کرد تا کچەکەی خەتەنە نەکاتو دواتر شووی نەکرد، ئەوکاتە هەڵوێستی من چی دەبێت؟!).

شوونەکردن مەترسییەکی ناقۆڵاو مەترسیداری پاشماوەی سەردەمی کۆیلایەتی دەنوێنێت، وەك عەیبو عارو باری گرانو سەرچاوەی بەدبەختیو نەگبەتیو چارەڕەشی مامەڵەی قەیرەکچە. نەزۆکیو سکوزا نەکردنیش مەترسیو ناڕەحەتییەکی زۆر سەختە، چونکە ژن لەو کۆمەڵگایانەدا وەك ماکینەی منداڵ خستنەوەنو هەر کەموکوڕییەکی ئەم ئەرکەی وەك زەنگو زایەڵەیەکی درێژخایەنی ژن وایە، هەر بۆیە هەندێ تیرەو هۆزی نایجیریا لەو باوەڕەدان کە قیتکە ئەندامێکی ترسناکەو ئەگەر سەری منداڵی بەربکەوێ ئازاری دەدات، پێ دەچێت بگاتە ڕادەی کوشتنیشی. لەبەر ئەم هۆیە ئەگەر پێشتر ژن خەتەنە نەکرابوو، ئەوا لە مانگی حەوتەمی سکپڕیدا خەتەنە دەکرێت. خەڵکی (بۆرکینافاسۆ) پێیان وایە کە قیتکەی ژن، توانای سێکسی پیاو



بێ هێزدەکاتو لەوانەیە پیاو لە کاتی جووتبوونیشدا بەهۆی قیتکەوە بمرێت، لە ناوچەکانی (کەناری عاج) لەو بڕوایەدان ژنێك خەتەنە نەکرا بێت ناتوانێت منداڵی ببێت، ئەفسانەیەك هەیە دەڵێت: زێی ژن ددانی هەیەو زیان بە پیاو دەگەیەنێتو قیتکەی ژنیش دوا ددانیەتیو مەرجە هەڵ بکێشرێت، هەندێك هۆزیش وای بۆ دەچن کە خەتەنەکردن توانای سکوزای ژن زیاد دەکات، ئەو کچەی خەتەنە نەکرابێت، هەندێ دەردراوی کوشندە دەردەدات کە سپێرمی پیاو دەکوژێت.

"ماری ئەسعەد حیلمی عەبد" لە میسر باس لە بنەما ئەفسانەییەکانی پەیوەندی خەتەنەکردن بە منداڵبوونەوە دەکات، لەوانە چیرۆکی ئەو پارچەیەی لە ژن دەکرێتەوەو لەبەر ترسناکبوونی بە پاشماوەیەکی پیس ناودەبرێت. سەرباری بڕینی ئەو پاشماوەیە زۆر کار هەن کە میسرییەکان لەو بڕوایەدان ئاستی مەترسییەکەی دیاری دەکات، وەك نووشتەی جادوویی‌و شوشتنی بە تایبەتی یا شتی جیاجیای بەربکەوێت.

لە ئەفسانەی (بوکی نیل)ەوە کە پێشتر باس کرا، خەڵکی لەو بڕوایەدا بوون هەر کەس ئەو پاشماوەیەی خۆی تورنەداتە ناو ڕووباری نیل، بە هیچ جۆرێك منداڵی لێ ناکەوێتەوەو بێگومان نەشارەزایی لە زانستی توێکاری یاریدەی بڵاوبوونەوەی ئەو بیانووە پووچە دەدات، بە پێچەوانەوە خەتەنەکردن منداڵبوون ئاسان دەکات، چونکە ئەو پارچەیەی کە پێویستە لە ئافرەت بکرێتەوە ڕێ لە کۆرپە دەگرێت، پێشینان حەزیان کردووە جەستەی ژن پڕ غەزوبەزو قەڵەو بێت تا لە

قەڵەویدا شەکەشەکیان بێتو وەك زۆرانبازی (سۆمۆ) بێتو، ئەوان لەشی ژن دەسڕنو لێی دەکەنەوە، بێگومان بەناوبانگترین شێوازی میزاجی کۆمەڵایەتی سادی دەردەبڕێتو ئافرەت دەکاتە شتێك.

بەو پێیەی کە خەتەنەکردن هی سەردەمی کۆمەڵگای کۆیلایەتییە، ئەوا پیسیو گڵاوی پەیوەستە بە ئەندامی لەشەوە. بە پێی پلەی پاکیو گڵاوی لەش دابەشکراوە بۆ پلەی چینایەتی، هەموو ئەوانە پاشماوەی تێڕوانینی دەرەبەگایەتییە بۆ لەش، کە لەشی کۆیلە لە لەشی خاوەنەکەی جیاوازەو، هەروەها ئەندامەکانی یەك لەش هەر وەهایەو، ئەوەندە بەسە کە بە خەتەنەکردن گوتراوە پاکبوونەوە (الگهارە).

لە سودان پێیان وایە کچێك خەتەنە نەکرا بێت، ئەوا گڵاوەو[30] ناونانی کوڕی ژنی خەتەنە نەکراو وەك جنێو وەهایەو هەروەك ئەوەیە بگوترێت کوڕی قەحبە، بەستنەوەی خەتەنەکردنو گڵاویی لای هۆزە ئەفریقییەکان پەیوەندییەکی پتەوەو هەن ئامادەنین لەگەڵ خەتەنە نەکراوێکدا نان بخۆنو لە (مالی) تەنانەت ڕازی نابن چێشتیش لێ بنێتو هەندێك پێیان وایە ڤیتکە ژەهری کوشندەی تێدایە.

لە (ئۆگەندا) ژنی خەتەنە نەکراو هەرچەند منداڵیشی زۆر بن، هەر بە کچ دادەنرێتو کوڕەکەیشی بە (کوڕی کچ) ناودەبەن و لەناو کۆمەڵەکەیدا هیچ ڕێزو حورمەتێکی لێ ناگیرێتو هیچ پلەیەکی گرنگی پێ نادەنو ئەو ژنە بۆی نییە مانگا بدۆشێت، چونکە ئەوە مایەی

[30] لە کوردەوایشدا نانی دەستی کچێکی خەتەنە نەکراو هەم گڵاوو هەم حەرامیشە، ئافرەتی خەتەنە نەکراو بەرەکەت لە ڕزق و ڕۆزی ماڵ دەبڕێت.



بەدبەختیو نەگبەتییە. هەروەها ڕێی پێ نادەن ئاو بکاتە دەفرێکەوە، ئاوی خواردنەوەی خێزانی تێدا بێت، یا بچێتە گەنجینەو دانەوێڵە بۆ خۆراك یا کشتوکاڵ بهێنێت، ئەگەر بیشمرێت پیاوەکەی بۆی نییە ئاو لە ڕووبار یا بیر هەڵ بهێنجێت بۆ ئەو کەسانەی ژنەکەی ئەسپەردەی خاك دەکەن، چەمکی گڵاوی پەیوەستە بە پەرستنی تەوتەمەوە[31] و بە چەمکی مرۆڤی یەکەمی ئەشکەوتەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو شوێنەی کە نەیتوانیوە لە دیاردەکانی دەوروبەری خۆی تێ بگاتو لەو بارەوە دەکەوێتە هۆنینەوەی ئەفسانە، لەوانە ئەفسانەی گڵاویو بە تایبەتی ئەو شوێنەی کتوپڕ خوێنی بێ نوێژی لێ دەچۆڕێت، ئەو کەسەیش وەك چارەسەری ڕزگاربوون لە کەمئاوەزی خۆی، دەیخاتە ناو خانەی گڵاوییەوە.

تەلیسمو جادووگەریو سروتو ڕاهێنانەکانی توخمێکی سەرەکی پێکهاتنی کۆمەڵگای کۆیلایەتین، ژمارەی مانگی (دیسامبەری 1991) بڵاوکراوەی (بۆڵتن) هەندێك لەو سروتە ئەفریقاییە نامۆیانە کۆکراونەتەوە کە دەستبەجێ بەرەو کەشوهەوای کۆمەڵگای هۆزمان دەبەن، کە سادەترین بەڵگەنەویستی بەرنامەی زانستیانەی لە بیرکردنەوەو شیکردنەوەی دیاردەکانیان تێدا نییە، جادووگەر شوێنی مەشق کردنی سروتەکانی ئاهەنگ گێڕانی خەتەنەکردن لە گۆرانیو سەمادا دەستنیشان دەکات، کچانیش پێشبڕکێیانەو بە دوای دەرەختی

[31] تەوتەمیزم کۆنترین شێوەی ئایینی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەمانای هەبوونی پەیوەندییەکی بایۆلۆژی مرۆڤ و ئاژەڵ.

پیرۆزدا دەگەڕێن‌و هەر کامیان بینیانەوە ئەوا کوڕان زیاتر دێنە خوازبێنی. کاتی خەتەنەکردن لەناو هۆزی (ناندی)یش ئاگری پیرۆز لە نزیك درەختێکی تایبەتەوە دەسووتێت، خەتەنەکار دەکەوێتە سڕینی شوێنی خەتەنەکردنەکەو بە ڕووەکێك دەیچوزێنێتەوە تا هەڵ دەئاوسێت، دواتر لە گۆرانی‌و سەمای هۆزدا بە پزیسکی ئاگر دەیسووتێنێت. لەناو هۆزی (ئۆبابنجی)یشدا ڕێگە بە پیاوان نادرێت بێنە ژوور، جگە لە مێردی پیرەژنی خەتەنەکار کە بە توندی کچەی گرتووەو هەر دوو ڕانی لێك ترازاندوون، هاوکات ژنێکی هۆزەکە بە قامچی دەکەوێتە وێزەی‌و هەموو پشتی سوور دەکاتەوە. پاشان بە چەقۆ ڤیتکەی دەبڕن. کچانیش بە ڕیز وەستاون‌و قریوەی هۆز پاسەوانیانەو هەر کەس خەتەنە دەکرێت مەرجە بکەوێتە سەمای سێکسی‌و خوێن بە لەشیدا دەچۆڕێتەوە.

سروتی خەتەنەکردن لە (تۆگۆ) بە جۆرێکە کچان بە کۆمەڵ‌و بە ڕووتی ڕیزدەبن‌و دەکەونە ڕێ تا بە پەیکەری پیرۆز دەگەن. لە (بنین) کچان لەسەر تاشەبەردێکی بازنەیی دادەنیشن‌و ڕوویان لە دەرەوەیەو ژنەی خەتەنەکاریش لە ناوەڕاستیاندایەو بەردەکە دەخولێتەوە تا بە کچێکیان دەگات‌و دەکەوێتە خەتەنەکردنی. دواتر بەردەکە دەخولێتەوە تا یەکێکی تریان خەتەنە بکات. بەمجۆرە، هەموو ئەوە سایەیەکی ئایینی باڵی بەسەر بیروباوەڕیاندا کێشاوە. ئەوە نیمچە تاقیکردنەوەیەکی کچانەو هۆز دەیکات، ئەم هەستکردنی تاقیکردنەوەیە بە کۆمەڵگای میسریش گەیشتووە. ناوبەناو کچ تاقیکردنەوەی ئەخلاقیشی دەکرێت، بێگومان ئەو ئەخلاقە بە تێڕوانینی خۆمان



مۆری تایبەتی‌و جیاوازی خۆمانی پێوەیە. جیاوازی نێوان ئێمەو ئەوان ئەوەیە، ئەوان ڕاشکاوانە ئەم کارە لە ژێر پەردەی تەلیسم‌و جادوودا دەکەن، ئێمەیش خەتەنەی کچان لە ژێر پەردەی ئایین‌و بە ڕیایی‌و دووڕووییدا دەکەین.

کۆیلەیەتی پێناسەیەکی کات‌و شوێنی نییە، بەڵکوو کۆمەڵە بەهایەکی ئەخلاقی دیاریکراوەو تێڕوانینێکی تایبەتی چەق بەستووەو پێودان‌و شێوازێکی هەڵسوکەوتەو بایەخ بە پاراستنی ڕووکاری دەرەوە دەدات‌و ئەرتیکاریای[32] توندە لە هەر شتێ بە ژنیشەوە کە پەیوەندی بە سەروەت‌و سامانی دەرەبەگەوە هەبێت، بەو بەڵگەیەی کە خەتەنەکردنی بەربەری کاتێك بە ئەوروپا گەیشت، هەستی پاکبوونەوەی (پیوریتانی)[33] لەسەردەمی (فیکتۆری)[34] چەق بەستووی دواکەوتوودا بوو کە دواکەوتوویی پزیشکیشی بە دوودا هات. یارمەتی ئەم گەمە دواکەوتووو دوولایەنەیە بدات‌و پەیڕەوی لە نەریتی

[32] **ئەرتیکاریا** (Urticaria) **لیری بە ئاڵۆش، نەخۆشییەکی هەستیارییەو دەبێتە مایەی خووروی پێست‌و لیرکردنی.**

[33] **پیوریتانی** (Puritan)**: ئەندامێکی کڵێسەی پرۆتستانتی ئینگلیزی سەدەی شانزەو حەڤدەیە، داوای چاك کردنی کڵێسەو بە وردی پەیڕەوکردنی ڕێبازی ئایینی ڕاستەقینەیان دەکرد.(فەرهەنگی ئازادی)**

[34] **ڤیکتۆری** (Victorian)**: ماوەی فەرمانڕەوایی شاژنی ئینگلتەرە (**1837-1901**) کەسێکی سەردەمی ڤیکتۆریایی، کەسێکی کۆنەپەرست‌و مێشك تەسك‌و بەڕووکەش توندوتیژ لەڕووی ڕەوشتەوە.(فەرهەنگی ئازادی)**

خەتەنەکردن بکاتو هەندێك شرۆڤەی پزیشکی لە نەخۆشییەکانی ئاوەزو هەستەدەمار کە دووچاری ژن دەبنو بە ئەندامی زاوزێیانەوە دەبەستێتەوەو یاریدەی بڵاوبوونەوەی خەتەنەکردنی دا، ژن تاوانبار دەکات بەوەی لە دووگیانبوونو شیردانو منداڵبوونو بێ نوێژیو ...دا دیلی سروشتی بایۆلۆجی بێ بارە، بە بڕوای خاوەنانی ئەم شرۆڤانە دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی توانای زەینیو ویستی هۆشیارانەی دادەڕمێتو توانای جڵەوکردنی خودی خۆی نابێت.

هەردوو ژنە نووسەر "ئامال عەبدولهادیو سوهام عەبدولسەلام" لە کتێبی (هەڵوێستی پزیشکان بەرانبەرخەتەنەکردنی کچان)دا چیرۆکی هێرشو پەلاماری خەتەنەکردنی کچان بۆ سەر ئەوروپا لە سەردەمی ڤیکتۆریدا دەگێڕنەوە. "دکتۆر ئیسحاق بیکەر براون" ساڵی (1858) خەتەنەکردنی کچانی وەك شێوازێکی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی لەشو ئاوەز گەیاندە بەریتانیا، لەو باوەڕەدابوو بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان لە وروژاندنی سێکسی دووچاری ژنان دەبێت، دکتۆر براون وەك چارەسەری ئەم نەخۆشیانە کەوتە نەشتەگەرکردنی ڤیتکەو هەر دوو لچی گەورەو بچووك، بگرە هەندێك جار وەك چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تەڵاقیش! شانازی دەکرد کە ژنانی تەواو بێ هۆش دەکرد، دکتۆر براون بە هۆی زێدەڕۆیی لە پیشەکەیدا نازناوە زانستییەکانی لێ سەندرایەوەو لەسەر کارەکەی دەرکرا، گۆڤارێکی نوژداری بەریتانیای ساڵی (1867) وتارێکی گرنگی بڵاوکرووەتەوە، هۆیەکانی ڕەتکردنەوەی کارەکانی دکتۆر براون لە لایەن کۆمەڵگای نوژداریەوە تێدا ڕوون کردبووەوە، تێیدا هاتووە:



(ئێمەی کۆمەڵەی پزیشکان پارێزەرانی بەرژەوەندییەکانی ژنانو بەڵکو چاودێریکەرانی شەرەفی ئەوانینو هەر بە ڕاستی ئێمە لایەنی بەهێزینو ئەوانیش لایەنی بێ هێز، ئەوانە ناچارن بڕوا بە هەموو قسەیەکی ئێمە بکەن، چونکە ئەوانە لەبارێکدا نین ڕێگە بە گفتوگۆکردنمان بدەن، هەر بۆیە دەشێ بڵێین ئەوانە دەکەونە بەر ڕەحمەتی ئێمەو لە سایەی هەلومەرجێکی وادا گەر دەستبەرداری پابەندبوون بە پرنسیپەکانی شەرەفەوە بووینو ژنانی نەخۆشمان فریوداو بە هەموو شێوەیەك ئازارمان پێ گەیاندن، ئەوا ئێمە شایانی ئەوە نابین سەر بەم پیشە جوامێریو مەردایەتییە ببین). لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لە کتێبی (کێشەکانی ژنان)دا هاتووە کە (فرینون کولیمان) نووسیویە: (خەتەنەکردن بۆ چارەسەرکردنی ئارەق کردنەوەی زۆری دەست بەکارهاتووە، بۆ ئەو کچانەی وا لەکارگەکانی چنین لەسەر مەکینەی درومانی کاردەکەن کە بە قاچ ئیش دەکات، بیانوویش ئەوە بووە کە جوڵەی لەرینەوەی بەردەوامی هەردوو ڕانو بەر یەککەوتنیان دەبنە مایەی ئاڵۆشی سێکسیو بەری پێ ناگیرێت!!) کەسانێك هەبوون ئەم ڕایەیان بەلاوە پەسند بوو یا لایەنگرە توندڕەوەکانی خەتەنەکردن دەیان گوت: (ئەگەر جلوبەرگ بەر ڤیتکە بکەوێت، دەشێ کچ بخاتە ئاڵۆشەوە، وا باشترە خەتەنە بکرێت!)

لەکۆتایی ئەم خوێندنەوە مێژووییەدا دەڵێین: سڵاو لە کۆیلایەتیو ماڵئاوا ئازادیو ئەقڵ، ئەگەر ئارەزوومان کرد لە ئەشکەوتی تاریکییەوە بێینە ناو گۆڕەپانی ڕووناکی، دەبێ ددان بەوەدا بنێین کە لەشولارمان موڵکی خۆمانەو مایەی خۆشیو کامەرانیمانە، نەك دەفری

شەڕەنگێزیو گوناهو ڕیسواییو خراپەکاریمان بێتو ڕێگە لە هەر برینێکی دوژمنکارانەی وەك خەتەنەکردن بگرین. بەدەستی خۆمان بیکەینە جەستەمان کە لە پاشماوەکانی سەردەمی کۆیلایەتییەو بەداخەوە هەندێك جار بەتەواوی ویستی خۆمانەوە بەرەو پیری دەچین.



## جوگرافیاو ئاماری خەتەنەکردنی کچان[35]

## میسر لە خەتەنەکردنی کچاندا پێشەنگی جیهانە

شەرمەزاربووم کاتێك کەوتمە خوێندنەوەی دابەشبوونی جوگرافیاو ژمارەی ئاماری تێکڕایی خەتەنەکردنی کچان لە جیهاندا. میسر گەورەترین ژمارەی کچانی تێدا خراوەتە بەر ئەم کارە وەحشیگەرییە! ئایا دەچێتە عەقڵەوە میسری لانکی شارستانیەتیو دایکی مێژوو بەم دڕندەییە بکەوێتە وێزەی لەشی کچەکانی؟! ئایا ڕاستە، میسر ئاینو کەلتورو هزرو بەهاکانی لە ئامێزگرتووە، نەتوانێت کچانی خۆی لە ئامێز بگرێتو لە قەسابخانەی بڕینەوەی ئەندامی زاوزێ بیانپارێزێت؟ ئایا ڕەوایە میسر لە کۆنگرە زانستیەکاندا کە خەتەنەکردنی تێدا ڕیسوا دەکەن ببێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاران، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وێنەی دەگرێتو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەرسامە لەوەی هێشتاکە کەسانێك هەن لە میسر پەلی کچەکەی دەگرێتو بەرەو خەیاڵی نەخۆشی خۆی دەباتو بەوە ڕازی دەکات کە پارێزگاری لە شەرەفی دەکات کە خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە؟! ئایا عەقڵ دەیبڕێت لە سەردەمی کۆمپیوتەرو ئەندازەی بۆماوەیی کەسانێك هەبن پەنابببنە بەر برینپێچو دادەیەك تا کچەکەی خەتەنە بکات، لە مێژوودا دزێوترین نەشتەگەری بۆ بکات؟ ئایا

---

[35] ئەم بەشە لە گۆڤاری تەوار ژمارە 18ی بەهاری 2007 بڵاوکراوەتەوە.

دەچێتە عەقڵەوە پاش ئەو هەموو ساڵانەی هێرش بردنەسەر نەریتی خەتەنەکردن، هێشتاکە ئێمە لە پێشی پێشەوەی ڕیزی دەوڵەتانداین کە پەیڕەوی لەم دواکەوتووییە دەکەنو ملیان پێوەناوە؟[36]

[36] ئامارو ژمارەی کچانی خەتەنەکراوی لای خۆیشمان کەم نین، بە پێی دوا ئاماری ڕێکخراوەی (WADI)ی ئەڵمانی(62%)ی ژنانی کوردستان خەتەنەکراون، لە 2005تا 2007 لە کۆی (201)گوندی شارەکانی دهۆك، سلێمانی، هەولێرو گەرمیان، ڕانیە، سۆرانو بەشێکی کەرکوك لە کۆی (5628)مێینە (3502)کەسیان خەتەنەکراون. (ڕۆژنامەی ژیانەوە،ساڵی یانزەیەم، ژمارە (337)ی 14/09/2008،لاپەڕەی دوو). ڕێژەی خەتەنەرکردنی کچان لە ناوچەکانی هەولێر (91.5%)و لە سلێمانی (63%)و لە گەرمیان (62%)ەو کەمترین ڕێژەیش لە ناوچەی دهۆکە (8%)ە. بە پێی دوا ئامار کە لە ماڵپەڕی ئەو ڕێکخراوە بلاوکراوەتەوە، ڕێژەی کچانو ژنانی خەتەنەکراوی شاری سلێمانی (60%) و شاری هەولێر (70%) و ڕانیەو پشدەر (95%) و ڕەواندز (85%) و کەرکوك (60%) و گەرمیان ( کفریو کەلارو ...) (60%) و لە هەمووان کەمتر شاری دهۆك (10%). بڕوانە ماڵپەڕی (ORG.STOPFGMKURDISTAN.WWW). شایانی باسە ئەم ئامارانە سەرباری گرنگییان، سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستانی نەگرتووەتەوە، ئەوە کاری حکومەتە لەم بارەوە هەنگاو هەڵ بهێنێتەوەو هەم ئامارێکی سەرتاسەریو هەم بە ڕووی ئەم دیاردەیەدا بوەستێتەوە. هەروەها ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ژیانەوە، 20ی تەمموزی ساڵی 2007 دەقی وەرگێڕدراوی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (کانون زنان)ی بلاوکردووەتەوە، تێدا ئاماژە بۆ هەبوونی ئەم دیاردە وەحشییانەیە دەکات لە ناوچەکانی خۆزستانو لوڕستانو لە هەموویشیان زیاتر لە کوردستان زۆر بەربلاوەو لە ڕۆژئاوای ئێران لە ناوچەکانی هەورامانو بانەو نەوسوودو پاوەو پیرانشارو تەنانەت لە دەوروبەری ورمێیش



بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە بیروباوەڕی پووچ بچێتە عەقڵەوە، جادوو ببێتە زانستو کچیش ببێتە قوربانی ئەو جاڵجاڵۆکەیەی کە لە عەقڵدا تۆڕی خۆی چنیوە، تا بووەتە ئەشکەوتو کەلاوەو کولبەو وێرانە. هێندێ جار ژمارەکان خورپە بە دڵدا دەهێنن، بەڵام هەمیشە چراوگی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگان، هێندێ جار مایەی شپرزەبوونو پەشۆکانن، بەڵام ئەو شپرزەبوونەیە کە مێشك دەوروژێنێت تاچارەیەك بدۆزێتەوە، داوای لێبوردن دەکەم ئەم بەشە پڕ ژمارەیە، بەڵام هەر ژمارە لە چاو نووسیندا ڕاستگۆترین هەواڵە! کۆنگرەی چوارەمی بڕینەوەی ئەندامی زاووزێ( Female Genital Mutilation) ساڵی 1994 لە سویسرا بەسترا ئەم ژمارە جیهانییە ترسناکە بەمجۆرە کەوتنە بەرچاوان:

ـ ساڵانە نزیکەی 2 ملیۆن کچۆڵە خەتەنە دەکرێن، دواتر تێکڕا 166666.66 کچ لە مانگێکداو 5480 کچ لە ڕۆژێکداو 228کچ لە یەك کاتژمێرداو 3.8 کچ لە هەموو خولەکێکدا.

بەڕێوە دەچێت. زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچانە سوننی مەزهەبو لە پەیڕەوانی ئیمامی شافیعینو وەك سوونەتێکی ئایینی جێبەجێ دەکرێت. لە شاری پاوە تەواوی ژنان خەتەنە دەکرێن، تەمەنی خەتەنەکردنیش بە زۆری لە(4-6)ساڵییە، دایکان بە گشتی لایەنگیری ئەم کارەنو بێ ئاگاداری باوکان ئەنجامی دەدەن. ئەوە قسەی پەروینی زەبیحی هەڵسوڕاوی ژنانەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ڕەسمێکی دیکە بە ناوی (چل تێغ) هەیە، بە جۆرێك لەسەر مەمكو سکی کچەکانیان چل جار ئەم تێغە دەکێشنو لایان وایە ئەمە دەبێتە هۆی کوێرکردنەوەی دەمارە جینسییەکانی کچەکەیان.

. ڕێژەی کچانی خەتەنەکراوی جیهان دەگاتە 5٪، واتە 100 ملیۆن مێینە! ڕێکخراوی لەشساخیی جیهانی ساڵانی 1994و 1996و 1998 سەبارەت بە ژمارەی ژنانی خەتەنەکراو لەو دەوڵەتانەدا کە خەتەنەی تێدادەکرێت ژمارەی جیاجیای بڵاوکردووەتەوە، ئاماری 1998 بەمجۆرەیە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەنین | 1.365.000 | چاد | 1.932.000 | لیبریا | 902.400 |
| بۆرکینافاسۆ | 3.656.800 | کەناری عاج | 3.048.270 | مالی | 5.155.900 |
| کامیرۆن | 1.336.800 | جیبۆتی | 248.920 | مۆریتانیا | 295.250 |
| نایجیریا | 25.601.200 | حەبەشە | 24.723.950 | تەنزانیا | 1.552.000 |
| سەنیگال | 838.000 | جامبیا | 396.800 | ئۆگەندا | 513.050 |
| سیرالیۆن | 2.167.200 | گانا | 2.635.200 | تۆگۆ | 1.044.500 |
| سۆماڵ | 5.034.260 | کینیا | 6.967.500 | زائیر | 1.107.900 |
| ئەریتریا | 1.599.300 | سودان | 12.816.00 | میسر | 27.905.930 |
| ئەفریقیای ناوەراست | 750.810 | نەیجەر | 921.200 | | |

لەم خشتەیەوە دیارە میسر لە ئاستی جیهانیدا سەرقافڵەی دەوڵەتانەو، پلەی یەکەمی لە ژمارەی ژنانی خەتەنەکراودا بە



دەستهێناوە، هێندێ کەس لەوانەیە نارازی بن‌و بڵێن: بۆچی بە پێی ژمارەی دانیشتوان وەرنەگیراوە، نەك بە ژمارەی فیعلی؟ ئەمە سەرنجێکی باشە، بەڵام ژمارەکە بۆ بەهای شارستانیەتی میسر هەر گەورەیە، ستەمە بەم شێوە ئابڕووبەرانەیە میسر بخرێتە ڕیزی ئەو دەوڵەتانەوە کە لە ڕووی مێژوویی‌و پێشکەوتنەوە زۆر لەدواوەن، بەڵام چی بکەین؟ هەر ئەوەیە کە خۆمان بە دەستمان هێناوە، ئەوە ئێمەین نەك داگیرکەر کە ئەم تابلۆ خوێناویەی نەخشاندووە، تا کۆتایی لیستەکە کە زۆر هۆش‌و هەستمانی حەواندووەتەوەو چاوپۆشیمان لەو کەموکوڕییە پەنهانە کردووە کە لە هەڵسوکەوتی خۆماندا هەیەو پێویستە لە ڕەگ‌و ڕیشەوە بگۆڕێت، بە تایبەتی ئەوەندەی کە پەیوەستە بە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ژندا، هەروەها لەو خشتەیەوە سەرنج دەدەین هەموو ئەو دەوڵەتانەی ناویان هاتووە دەکەونە ئەفریقیاوە، سەرباری دەوڵەتانی دیکەی وەك ئەندەنوسیاو مالیزیاو پاکستان‌و موسڵمانانی هیندستان‌و چەند ناوچەی یەمەن[37] و عومان‌و عەرەبی نەقەب لە فەلەستین‌و خەڵکانێکی کەم لە ئیمارات پەیڕەوی لێ دەکەن، دەتوانین لەو ڕێیەوە بڵێین هێشتاکە ئەرکی ڕێکخراوی لەشساخیی جیهانییە کە ئامارێکی تازە بخاتە بەرچاوو بە شێوەیەکی هەمەلایەنەو قوڵ مامەڵەی ئەم دیاردەیە بکات، سەرنجی سێیەم ئەوەیە

[37] تا ئێستا لە یەمەن کچان خەتەنە دەکرێن، نزیکەی (20٪)ی ژنانی ئەم وڵاتە خەتەنە کراون، بڕوانە ماڵپەڕی ئیلاف(htm.241690/6/2007/health/ElaphWeb/com.elaph.www)

ژمارەی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە بە شێوەیەکی گەورە ئەم کارەی تێدا دەکرێت، هەر زۆر کەمن‌و دەشێ بڵێین هەر لە میسرو سودان‌و ئەریتریادا خۆی دەبینێتەوە، ئەم دەوڵەتانە خەتەنەکردن تێیدا دیاردەیەکە نەك حاڵەتێکی تاکە کەسی، دەوڵەتانی عەرەبیی ئیسلامیش هەن وەك سعودیەو عێراق‌و مەغریب‌و لیبیاو سوریا خەتەنەی تێدا ناکرێت، هێندێ دەوڵەتی ئیسلامیش هەن وەك تورکیاو ئێران ئەم دیاردەیەی تێدا نەناسراوە، ئەمەش پێویستی سەرلەنوێ پێداچوونەوەی ئەم ئامارانە دەسەلمێنێت، قسەی دکتۆر سامی ئەلزیبە کە خەتەنەکردنی کچان هەر لە کیشوەری ئەفریقیادا نییەو ئەم نەریتە لە ئەوروپاو ئەمریکایش ناسراو بووە، ئەوەی کچان لە جەزائیردا خەتەنە ناکرێن‌و هەروەك هاواربکەن‌و بڵێن ئەی خەڵکی ڕۆژئاوا ئێمە لە ئێوە جوداین.

پێش ئەوەی بچینە سەر میسر کە بەداخەوە خاوەنی ژمارەیەکی پێوانەییە هەردەبوو ئاماری جیهانی‌و دابەشبوونی جوگرافی نەریتی خەتەنەکردن لە جیهاندا بخرێتە بەرچاو، مایەی سەرسوڕمانە پاش ڕووداوێکی بەناوبانگ‌و گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم دیاردەیەوە گەرموگوڕتر بوو، کاتێك کەناڵی (CNN)تیسم لە 7ی ئەیلولی 1994 دا

[38] ڕۆژنامەی (Washington Post)ی ئەمریکی، 29ی کانوونی یەکەمی 2008 ڕاپۆرتێکی تایبەت بە خەتەنەکردنی کچانی باشووری کوردستان بڵاوکردووەتەوە، بەوەی کوردستان تەنیا ناوچەیە لە عێراق‌و یەکێك لەو شوێنە کەمانەی جیهانە کە خەتەنەکردنی ئافرەتی تێدا بلاوە، زیاتر لە (60٪)ی ئافرەتانی ناوچەکانی کوردستان لە باکوری



عێراق خەتەنەکراون... لەو ڕاپۆرتەدا وێنەی خەتەنەکردنی کچێکی تەمەن 7 ساڵان لە باوەشی دایکیداو لەسەر دەستی پیرێژنێك کە بە کوتە گوێزانێکەوە دەکەوێتە خەتەنەکردنی بلاوکراوەتەوە. لای ئێمەیش هەر وەك ولاتی میسر لەسەر ڕاپۆرتەکەی کەناڵی (CNN)هەڵلای نایەوەو بووەمایەی پەستی‌و نیگەرانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، بۆ نموونە وەزیری ئەوقاف پێی وایە ئەمە دیاردەیەك نییەو بەڵکو حاڵەتە، لە میدیاکانەوە گەورە کراوەو بەو قەبارەیە نییە کە هێندێك لایەنی پێوەندیدار دەیورووژێنن. ئەوە قسەی وەزیری ئەوقافە بۆ کەناڵی زاگرۆس. وەزیری تەندروستیش باسی مەترسییە تەندروستییەکانی دەکات، هەر ئەوەندەی پێ کراوە بە کارێکی نامرۆڤانەی وەسف بکات. ماڵپەڕی (ئاکانیوز) سەبارەت بەو ڕاپۆرتە، لە 7ی کانوونی دووەمی 2009 نووسیویە: واشنتۆن پۆست وێنەیەکی هەڵەی لە دیاردەی خەتەنەکردنی ئافرەت لە ناوچەکانی کوردستان لە باکوری عێراق پیشانداوە، ئەوە قسەی وەزیری مافی مرۆڤی کوردە، ئەو دەڵێت: من نازانم کێ ئەم زانیارییە هەڵەیەی بە ڕۆوژنامەی واشنتۆن پۆست داوە؟ ئێمە کە حکومەتین زانیارییمان نییە لەبارەی خەتەنەکردنی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان‌و ناوچەکانی تری کوردستان لە باکورداو هیچ کەسێکیش زانیاری لەبارەی ئەوەوە نییە...!!! ئەمە قسەی وەزیری مافی مرۆڤ بێت کە بێ ئاگایە لە توندوتیژی دژ بە ژنانی نیشتمانەکەی‌و ئاگای لە ڕەوشی پڕ مەترسی ژنانی گەلەکەی نەبێت، ئەی ئاگای لە چییە؟؟!! وەزیری ناوبراو دوای ئەو ڕاپۆرتە بە خێری بە نیازە داتایەك لە بارەی ئافرەتانی خەتەنەکراوەوە ئامادە بکات، ئەمە شیردا بۆ داپیردایە!!!

پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەی واشنتۆن پۆست، هێندێ لە میدیاکانی کوردستان کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەم بارەوە تا لە گەورەیی دیاردەکە کەم بکەنەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی ڕووداو هەروەك لە ماڵپەڕەکەیانەوە ڕۆژی 20ی نیسانی

فیلمی خەتەنەکردنی کچۆڵەیەکی تەمەن 10 ساڵەی بە ناوی نەجلاوە پەخش کرد کە برینپێچیك لە قاهیرە کردبووی، هەروەك ئێمە نەیەینەوە هۆش خۆمان تا ڕۆژئاوا باسمان نەکەن‌و ڕۆشنایی‌و زوومی کامێرا نەخەنە سەرمان‌و وێنەمان نەگرن، بێگومان بەوە دنیا وروژاو هەڵچوو، لە گەرمەی بەرگری کردنمان لەوەی ئەوە حاڵەتی تاکە کەسین، ڕاستی ون بوو، هێرش بردنە سەر ئامادەکارانی فیلمەکەو تاوانبارکردنیان بە نیازخراپی‌و هەڵگرتنەوەی ئەم جۆرە شتانە، تا وەك نەزان‌و هەرچی‌و پەرچیمان پێشان بدەن. لەگەڵ ئەوەدا ددان بەوەدا دەنێم کە ئەمریکا لە خستنەڕووی فیلمەکە نیازپاك نەبوو، مەبەستیان نەبووە لەم نەریتە بێزراوەمان قوتاربکەن‌و ئامانجیشیان ئەوە نەبووە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێش بکەوین، بەڵام هەر جۆرێ لە خۆتێ

2009 بلاْو بووەتەوە نووسیویەتی: بە گوێرەی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، پسپۆڕانیش هۆکارەکە بۆ هۆشیابوونەوەی خەڵك دەگێڕنەوە... جارێکە ئەم ڕۆژنامەیە پێمان ناڵێت ئەم ئامارانەی لە کام سەرچاوەوە وەرگرتووەو کە هۆکارەکانی بەردەوامی ئەم دابە بەربەرییەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی‌و ئایینییەکانی هێشتا هەر بەهێزن وا تێدا هاتووە بەرەو کەم بوونەوە چووە، چۆنە وا بەزوویی خەڵکی لە مەترسییەکانی خەتەنەکردن هۆشیاربوونەتەوە، لە کاتێکدا ڕێژەی نەخوێندەواری هەر بەرزەو هیچ بەرنامەیەکی وەزارەتی پەروەردەیش لە گوڕێدا نییە تا ڕێژەی نەخوێندەواری لە نیشتمان کەم بووبێتەوەو، حکومەتیش هیچ یاسایەکی دژ بەم نەریتە دەرنەکردووە. ئیدی چۆنە دیاردەکە بەرەو کەمبوونەوە چووە، هەروەها پێمان ناڵێت ئەوە کام پسپۆڕن گەیشتوونەتە دەرەنجامێکی ئاوها؟!!



هەڵقورتانی ڕاگەیاندن بووە، تا میسرییەکان وەك جۆرێ لە ڕەواج پێدانی ڕاگەیاندن‌و فۆلکلۆرێکی ڕابواردن‌و وروژێنەر بەکاربهێنێت، ڕەتکردنەوەمان هەر دەبێت بۆ ئەم نەریتە ناشیرین‌و قێزەونە بێت، پێش ئەوەی بۆ کەسانێك بێ بەدوایدا چووبن‌و وێنەیان گرت بێت، گەر ئەوان هەڵە بن، ئەوا ئێمە گوناهبارین کە تا ئێستا ڕێی پێ دەدەین. هەر بە ڕاستی گوناهمان دەگات، چونکە گەر بە دووی ئەو ئامارانەوە بین کە ڕێکخراوی لەشساخیی جیهانی سەبارەت بە پێشکەوتنی ئەم دیاردەیە لە میسر دەری کردوون، دەبینین گەورەتر دەبێت‌و دەشێ گەورەبوونیشی بە هۆی وردی زانیارییەکانەوە بێت، کە ساڵ لە دوای ساڵ دەخرێتە بەردەست، نەك بە هۆی ژمارەی خەتەنەکراوانەوە بێت، بەڵام لە هەموو بارێکدا ژمارەکە ئەوەندە گەورەیە، زەحمەتە بکرێت خۆمانی لێ گێل بکەین‌و لە هەموو جیهاندا چاوپۆشی لە کاردانەوەکانی بکەین، ساڵی 1994 ڕێژەی خەتەنەکراوان (50٪) بوو واتە (13.625.00) ژن، پاشان ساڵی 1996 گەیشتە (80٪) واتە (24.710.000) ژن تا بەو ژمارەیە گەیشتین کە لە خشتەکەی پێشوودا هاتووە، کە بە ڕێژەی (97٪) لە 27 ملیۆنی تێپەڕاندووە، مایەی سەرسوڕمانە سەرباری بڵاوبوونەوەی ترسناکی ئەم نەریتە، ڕەفاعەت ئەلتەهتاوی[39] یا قاسم ئەمین باسیان لێوەنەکردووە، کە

[39] ڕەفاعەت ئەلتەهتاوی: ڕابەرێکی ڕێنیسانسی میسرییە، لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشا، 15ی ئۆکتۆبەری 1801 لە شاری سوهاج لە دایکبووەو ساڵی 1873 کۆچی دوایی کردووە.

هەردووكیان قارەمانی بواری بەرگری كردن لە ئازادی ژن بوون، پێم وایە زاڵبوونو بڵاوبوونەوەی خەتەنەكردنو پێشینەی هەڵ بەستراوی ئاینی كە پشتی پێ دەبەسترا، لەمپەرێكی قایمو سەختی بەر گفتوگۆی ئەم دوو بەرهەڵستكارە گەورەیەی پێكهێنابوو، كە پێیان وابووە ئەوە سەرباری پێویستییە ئاینییەكەی هەر بە ڕاستی پێویستییەكی بایۆلۆجیشە، بیانوویشیان هەر ئەوە بووە ئەو كاتە نوژداری لە قۆناغێكی دواكەوتوودا بووە، بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی ئەم جۆرە مەسەلانەوە، بەڵام كە لێیان نابوورم لەبەرئەوەیە كە هیچ كامیان نەیان ڕوانیوەتە ئەو دەستدرێژی كردنەی سەر لەشو دەروونیەی لە خەتەنەكردنەوە پەیدادەبێت، ئەوانە لە پێویستی خەتەنەكردنیان نەپرسیوەتەوە، هەردووكیان دەیان بیست كە ئەو هەموو خوێنە لە كچانی میسری دەڕژێت، دەیانویست لەسەرپۆشی كۆمەڵایەتی قوتاری بكەن كە عەقڵی دادەپۆشیو ئەم نەریتە قێزەونەی دەنواند، پێش ئەوەی لەو لەچكەی ڕوخساری دەپۆشی ڕزگاری ببێت.

كۆنترین تویژینەوەی مەیدانی بایەخی بە باسی خەتەنەكردن لە میسردا بێت، توێژینەوەكەی "دكتۆر محەمەد كەریم"ی مامۆستای

[40] قاسم ئەمین: كوڕی محەمەد بەگی ئەمین بەگی میرێكی كوردییە، ساڵی 1863 لە دایكبووە، لە سەردەمی خدیۆی ئیسماعیل پاشا هاتووەتە میسرو ژنێكی میسری هێناوەچەند منداڵی لێی بووە، گەورەكەیان قاسم ئەمین بووە، بەرگریكارێكی سەرسەختی مەسەلەی ژنان بووەو كتێبی "ڕزگاری ژنان" و "ژنی سەردەم"ی نووسیون، ساڵی 1908 لە تەمەنی 45 ساڵی كۆچی دوایی كردووە.



نەخۆشی ژنانەو منداڵبوونە لە كۆلیژی پزیشكی (عین شمس) ساڵی 1965 لەسەر چەند خانمی یانەی قاهیرە (200 خانم) كردوویەتی، ئەو كاتە ئەنجامەكان سەلماندوویانن كە لە(74٪)یان خەتەنەكراون هەمان مامۆستا لە ساڵی 1994 توێژینەوەیەكی مەیدانی دیكەی لەسەر نموونەیەكی خانمانی هەمان یانە كردووە، ئەنجامی ئەم جارەیان ئەوە بووە كە(98٪) یان خەتەنە كرابوون، دكتۆر كەریم بەرزبوونەوەی ڕێژەكە بۆ توێژینەوەی دووەم دەگێڕێتەوە كە پشتی بە پشكنینی پزیشكی بەستووە، نەك هەر بە قسەی سەرزارەكی وەك لە توێژینەوەی یەكەمیدا كراوە، كە خانمان یا لە ڕوویان هەڵ نەهاتووە یا هەر لە بنەڕەتەوە نەیانویستووە باسیشی بكەنو ڕووداوەكەیان پەردەپۆش كردووە، لە توێژینەوەی یانەكانەوە دەچینە سەر توێژینەوەی كۆلیژی نوژداریو لە هەمان مامۆستاوە دەست پێ دەكەینو پێم وایە خەتەنەكردنی كردبووە مەراقێكی تایبەتی خۆیو وای لێ كردووە چەندین جار بە ئەنجامەكانیدا بچێتەوە تا دەگاتە ئەنجامێكی ڕاستو دروست، ئەو توێژینەوەیەی لە ڕۆژنامەی (المصور) ژمارە 7ی ئۆكتۆبەری 1994 بڵاوكراوەتەوە. لەسەر ئەو خانمانە كراوە كە لە ئابی 1994دا سەریان لە كلینكی دەرەكی كۆلیژی پزیشكی (عین شمس)داوەو ژمارەیان (800 كچ) بووە لە تەمەنی 6-14 ساڵانو بە ئەندازەی توانای جیاوازی ئاستی خوێندنو كۆمەڵایەتی نموونەكان، ڕێژەی (10٪) یان لە قیبتیەكان[41] بوونو، توێژینەوەكە سەلماندوویەتی

[41] قیبتی: كەمینەیەكی ئاینیی مەسیحی دانیشتووی وڵاتی میسرن.

(81٪)یان خەتەنەکراون، ڕێژەی کچانی خەتەنەکراوی خێزانە هەژارەکان دەگاتە (88٪) و لە خێزانە داهات مامناوەندەکانیش دەگاتە (71٪)و لە خێزانە دەوڵەمەندەکانیش ( 15٪). سەبارەت بە پێوەندی خەتەنەکردن بە ئاستی خوێندنی دایكو باوکەوە دەرکەوتووە کە نەخوێندەواری دایكو باوك ڕێژەی خەتەنەکردن لە خێزاندا تا (96٪) دەباتەسەرو لەو دایكو باوکانەی کە خوێندنی بنەڕەتیان هەبووە تا(80٪) کەم دەکات تا دەگاتە(10٪) لەو خێزانانەدا کە دایكو باوك خوێندنی باڵایان هەبووە، کاتێك توێژەر هەردوو فاکتەری گۆڕاوی ئاستی ئابووریو خوێندن تێکەڵ دەکات، ڕێژەی ڕەزامەندی خەتەنەکردن بەم جۆرە بووە:

دایك و باوکی هەژارو نەخوێندەوار (99٪)

هەژار+ خوێندنی بنەڕەتی ( 96٪)

هەژار+ خوێندنی بەرز ( 12٪)

داهاتی مام ناوەندی+ نەخوێندەوار (88٪)

داهاتی مامناوەندی+ خوێندنی بنەڕەتی (63٪)

داهاتی مامناوەندی+ خوێندنی باڵا( 5٪)

دەوڵەمەند+ نەخوێندەوار (35٪)

دەوڵەمەند+ خوێندنی باڵا (سفر٪)

لەم توێژینەوەیەوە بەو ئەنجامە دەگەین تەنانەت گەر بە هێندێ ڕێژەیش ڕازی نەبووبین، ئاستی نموونەکە دەلالەتێکی گەورەی هەیە کە خوێندنو ڕۆشنبیری دەورێکی گرنگیان لە ڕێگرتن لە خەتەنەکردندا هەیەو، بەڵکو زۆر گرنگترە لە مەسەلەی هەژاریو دەوڵەمەندی، تا



دڵنیابین کە تاقە ڕێگایەکە بۆ بنەبڕکردنی ئەم نەریتە دواکەوتووانەیە، هەر ڕێی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریو خوێندنو ڕووناکبیرییە.

توێژینەوەکەی پێشوو سەلماندوویەتی کە ڕێژەی (48٪)ی خەتەنەکردن دادەکانو (46٪)یش پزیشکانو (6٪)یش برین پێچ دەیکات، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە هێشتاکە خودی پزیشکان لەم تاوانەدا بەشدارنو پاش خستنەڕووی ئاماری جیاجیای میسری کە لە خەتەنەکردنیان کۆڵیوەتەوە، بە درێژی دەکەوینە تاووتوێی ئەوە.

دکتۆر ماهر مەهرانی مامۆستای نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵبوونو وەزیرو سەرپەرشتیاری پێشووی ڕێکخستنی خێزان لە ساڵی 1979دا لە هەمان کۆلیژی پزیشکی (عین شمس) 2000 خانمی پشکنیوە، لەوانەی کە سەریان لە کلینکی نەخۆشییەکانی ژنانی ئەو کۆلیژە داوەو لە تەمەنی منداڵبوون دەرکەوت کە لە(95٪)ی ئەو خانمانە خەتەنەکرابوون، لەو نەشتەرگەریانە بووە کە بە زۆری لە میسردا دەکرێت.

وەزارەتی تەندروستی لە توێژینەوەیەکی مەیدانی دیکەدا بە درێژایی دوو ساڵ بە سەرۆکایەتی دکتۆر فاتمە ئەلزیناتی مامۆستای کۆلیژی سیاسەتو ئابووری کەوتە ڕووپێوێکی لەشساخیی. بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە بە ماوەی 2 ساڵان کراوەو پارێزگاکانی کۆمارەکەی گرتووەتەوەو وەك دوو توێژینەوەکەی پێشوو تەنها لە تاقە شارێك یا لە کلینکی دەرەکی ئەو کۆلیژی پزیشکییەدا نەبووە، لەو توێژینەوەیەدا هاتووە کە ڕێژەی کچانی خەتەنەکراوی میسری دەگاتە

(97٪) و لە لادێدا (99.5٪)و لە شاریشدا (94٪) بووە، نزیکەی (82٪)ی ژنان هێشتاکە لایەنگری خەتەنەکردننو بە جۆرێك (91٪)ی ژنانی لادێو لە بەرانبەریشدا (70٪)ی ژنانی شار لایەنگری خەتەنەکردنن، هەروەها توێژینەوەکە دەری خستووە کە ڕێژەی ژنانی نەخوێندەواری لایەنگری خەتەنەکردن لە ( 93٪)ەو بۆ (57٪) کەمی کردووە، لە ناو ئەو ژنانەدا کە بڕوانامەی ئامادەیی یا بەرزتریان هەیەو هۆی لایەنگری کردنی خەتەنەکردنی کچان بەم جۆرە بووە:

(58.3٪) نەریتێکی باشە.

(30.8٪) داوایەکی ئاینیە.

(36.1٪) خاوێنیە.

(8.9٪) دەرفەتی زیاتری شووکردن.

(3.8٪) چێژی زیاتر بە پیاو دەدات.

(9.1٪) پەردەی کچێنی دەپارێزێت.

(5.6٪) لە داوێن پیسی دووری دەخاتەوە.

(5.9٪) هۆی دیکە.

هۆی دژایەتیکردنی خەتەنەکردن بەم جۆرە بووە:

(37.8٪) نەریتێکی خراپ.

(29.8٪) دژ بە ئاینە.

(45.8٪) دەبێتە مایەی دژواری لە ڕووی پزیشکیەوە.

(27.3٪) ئەزموونێکی خۆیی بە ئازارو ژانە.

(12.1٪) دژ بە کەرامەتی ژنە.

(19.6٪) چێژی سێکسی ناهێڵێت.



(5.9٪) هۆی دیکە.

هەروەها توێژینەوەکە سەلماندوویەتی (74٪)ی ژنان لەو بڕوایەدان کە پیاوان ژنانی خەتەنەکراویان بەلاوە پەسندترەو( 72٪) یشیان پێیان وایە کە بەشێکی گرنگی دابونەریتی ئاینییەو (41٪) یش لەو بڕوایەدان کە بەوە ڕێ لە داوێن پیسی دەگیرێت.

توێژینەوەیەکی مەیدانی ڕۆژنامەوانی کە بێ ژمارەو ئامار بووە، بەڵام بایەخی لە ناسینی ئەو هۆکارانەدایە کە لە پشت ئەم نەریتەی کۆمەڵگای میسرەوە پەنهانە، لە ڕێی خوێندنەوەی ڕۆژنامەنووسیانەی بیروڕای هەر توێژێکی کۆمەڵ، "بوسەینە ئەلبیلی"ی ڕۆژنامەنووس لە ڕێی ڕپێپۆرتاژە ڕۆژنامەوانییەکەی لە گۆڤاری( المصور 23/9/1994) ئەم هەوڵەی داوە، هەر لە وەڵامی سروشتی خۆڕسکی سادەی دانیشتوانی گەڕەکی ئیمامی شافیعی لە قاهیرەوە بە بیانووی ئەم نەریتە ناقۆڵاو بەدرەفتارە ئاشنا دەبین.

کاتێك ڕۆژنامەنووس پرسیار لە خانمێك دەکات شوێنی برینپێچی تایبەت بە خەتەنەکردنی پێ نیشان بدات، خانمەکە لێی دەپرسێت: بۆچی گەر کچی هەیەو بە نیازە خەتەنەی بکات؟ پێی گوت: لێرە لە بازاڕی (جومعە) کچان بە کۆمەڵ خەتەنە دەکرێن، خانمەکە گوتی من لەگەڵ ئەوەدام کچ خەتەنە بکرێتو بەڵگەیشی ئەوەیە کە خودا کەسانی خاوێنی خۆش دەوێت!! پاش هەوڵی ڕۆژنامەنووس تا بۆی ڕوون بکاتەوە کە مانای ڕاستەقینەی کەسانی خاوێن چییە؟، خانمەکە

زۆر بە توندی بەرهەڵستی کردو پێی گوت: بۆ ئێمە خواجەین[42]، باشە ژنانی بێگانە وا بەرەڵلان، ئێمە موسڵمانین، دوو هەفتە بەر لە ئێستا هەر دوو کچەکەم خەتەنەکردوون‌و پێویستە کچ خەتەنە بکرێت، ئەو وەك کوڕ نییەو گەورەیەو خۆیشم هەر لای هەمان برین پێچ خەتەنەکراوم، ئەو زۆر زیرەك‌و شارەزایەو لە باوك‌و باپیرمانەوە دەیناسین‌و هەر کاتێك داوا بکەین دێتە ماڵەوەو، دواتر ژنە دەستگێڕێك بە توندی جلی ڕۆژنامەنووسەکەی ڕاکێشا کاتێك زانی هێرش دەکاتە سەر خەتەنەکردن‌و گوتی: ئێوە بۆچی ناتانەوێ کچان خەتەنە بکرێن؟ ئەم مەسەلەیە لای ئێمە هەر زۆر شورەییە، کاتێك زاوا دەچێتە لای ژنەکەی‌و بینی خەتەنە نەکراوە، ئەوا دەست بەجێ داوای دادە دەکات بێت‌و خەتەنەی بکات، شەرەفی کچان هەر بە خەتەنەکردن دەپارێزرێت، مانای هەیە هەروا دەست بەرداریان بین‌و بەرەڵلایان بکەین!!

بێگومان کۆمەڵگا ناتوانێت واز لە کچان بهێنێت‌و بەرەڵلایان بکات، هەر وەك مەنتیقی قەسابخانە هاواردەکات بە پەلە لەو بەرەڵلایانەوە پەلکێشیان دەکات، بەرەو ئەو جێگایەیان دەبات کە ئەرك‌و فەرمانی قوربانی خەتەنەکردن جێبەجێی دەکات، ژنان زۆر بەئاسانی مەنتیقی کۆمەڵگا لە پەیڕەوکردنی خەتەنەکردندا بەم وتە سادانە کورت دەکەنەوە، خەتەنەکردن ئەرکێکی ئاینیە تا کچان لە دوایێنپاکان بن! تا وەك خواجەکان نەبین‌و، ئەوە هەمان چەمکە کە سلێمان فەیاز لە

42 خواجە: گەورە پیاوانی جولەکە، میسرییەکان بە هەر کەسێکی بێگانە دەڵێن خواجە.



ڕۆمانەکەی (دەنگەکان)دا هەڵی گرتووە، پێشتر خستوومانەتە بەرچاوان، هەروەها تا پیاو لێی ڕازی بێت‌و لە کەڵی‌و نێرێتی خۆی‌و لە شەرەفی سەربەمۆری خۆی دڵنیا بێت.

دواجار بۆ پاراستنی شەرەف‌و ناموسی کچانەو تا ئێستا نازانم هۆی ڕاستەقینەی ئەوە چییە لە میسر، ئەوە هەر کچانن تاقە شەرەف (عرج) یکیان هەیەو پیاویش شەرەف‌و ئابڕوو (عرج)ی نییەو هەر وەك ئەوەی پیاو هەر درێژی (گول)ی هەبێت[43]. لەم گاڵتەجاڕیە داوای لێبوردن دەکەم، چونکە مەسەلەکە هەمووی لە خانەی کۆمیدیایەکی ڕەش‌و تاریکیدایەو فرمێسکی تێدا تێکەڵ بە پێکەنین دەبێت‌و داخ‌و پەژارەو خەم‌و کەسەری کچ تێکەڵ بە پەرۆشی‌و شێلگیری‌و زەردەخەنەی کەسوکار دەبێت، کەوای بۆ دەچن بەوە شادمان‌و خۆشحاڵ بوون‌و لە وازوازی شەرەفی بێداری‌و دوژمنی سەرسەخت بە ئاگا دێن کە لە خەویشدا هەر بەدواوەیانە، تا لە بە ئاگاییدا بکەونە وێزەی کچەکەیان‌و سەری ببڕن.

43 نووسەر بە گاڵتەجاڕییەوە شەرەف (عرج)ی بە(عرج/پانی) شوبهاندووە، هەموو تەنێك (عرج) پانی+ (گول) درێژی هەیەو ژن (عرج)ی هەیەو پیاو (گول)ە.




**جوگرافیای خەتەنەکردنی کچان لە کیشوەری ئەفریقیا**






**جوگرافیای خەتەنەکردنی کچان لە هەرێمی کوردستان (ڕێکخراوی وادی)**

**سەرنج: وەرگێر ئەم دوو نەخشەیەی داناوە.**

## سایکۆلۆجیای خەتەنەکردنی کچان[44]

خەتەنەکردنی کچان ئەو سرووتە خوێناوییەیە کە بە سەربڕینی کچانمان ئاهەنگی تێیدا دەگێڕین، زۆرجار خێزان لە کاغەزێکی سیلوڤانی ڕەنگاوڕەنگیەوە دەپێچێت تا بۆ کچەی لە خوێن هەڵکشێراو بیخاتە بەرچاوو بیکەنە بیانوو، ئەو کاغەزە یا بە شێوەی ئەرك و فرمانی سەپێنراوی ئاینی یا پێویستی کۆمەڵایەتی، یا دابونەریت و هەڵسوکەوت دەبێت، کاتێك کچە دەکەوێتە کردنەوەی کاغەزە سیلوڤانەکە تا لەو شیرینیە ژاراوییە بخوات، هەر زوو لە گەورەیی فرتوفێڵی کەسوکاری و قووڵی ئەو تەپکەیەی کە تێیان خستووە تێ دەگات، مەسەلەکە جگە لە گرێیەکی دەروونی و چەرمەسەرییەکی سایکۆلۆجی چی دیکە نییە، کۆمەڵگا لە پێش کەسوکارەوە پێوەی گرفتارو ئالودەیە، کەسوکار پێش کچەکە تێیدا نوقم دەبێت، هەر ئەویش ڕێگا بۆ کچە خۆش دەکات تا هەموو ئەو گرێ و دەردەسەریانەی بە میرات بۆ بەجێ بمێنێتەوە، هەمەیش ئەمەیش بە دڵێکی ساردو هەستێکی کەودەن و گێلانەوە جێبەجێ دەبێت، هەروەك کەوتبینە ناو

[44] ئەم بەشە لە گۆڤاری تەوار ژمارە 19ی هاوینی 2007 بڵاوکراوەتەوە.



تۆڕێکی مافیای نارۆشنەوە، نازانین لە کوێوە دەستی پێکردووەو لە کوێوە کۆتایی پێ هاتووە، یا سەرو بنیمان لێ دیارنییە.

سیناریۆی خەتەنەکردن، کردەوەی گروپێکی ئایینی مەغریبی وەبیرهێنامەوە دەکەونە بریندارکردنی سەریان تا خوێنی لێ بێت، چونکە لەو بڕوایەدان بەوە جنۆکەو ڕوحە شەڕانگێزەکانی لێوە دەردەپەڕێت، ئەو کۆمەڵگەیە لەو بڕوایەدا بوون هەر کەسێك لەناو ببات گەر بێ گوێیی ئەو بکات، فەرمان بە لایەنگرانی دەکات ئەو قەسابخانەیە دابنێن، چونکە تینووی خوێنە، گرێ دەروونییەکانی ئێمە هەروەکو (ئایشە قندیشە)[45]ی تایبەت بە ئێمە وەهایە، یەکەمین توخمی ئەم ڕاڤە دەروونییەی خەتەنەکردن ئەوەیە کە دیاردەیەکی زاڵبوون و دەست ڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی نێرینەیە بەسەر مێینەوە، هەروەها لە ژنیشەوە بەسەر ژنەوەو پیاو بە دوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێت کە نێرینەیی خۆی پێ بەهێز بکات، هەر لە خۆراکی دەریاییەوە بیگرە تا بە ڤیاگرا دەگات، بە هەموو جۆرە دەرمانێکی چالاککەر (وزەبەخش)ەوە، گەر جیاوازی تەمەن گەورە بوو، ئەوا بە دوای سستکەرێکدا دەگەڕێت یا ئەوەی کە پێی وایە ئارەزووی سێکسی ژن دادەمرکێنێتەوە، بێگومان خەتەنەکردن ئاسانترین و سەرکەوتووترین هۆکارێکە، هەر بۆیە دکتۆر کامیلیا عەبدول فەتاح پێشنیازی کردووە بنەبڕی گرنگترین توخمی نەهێشتنی

[45] ئایشە قندیشە (عائشە قندیشە) لە فۆلکلۆردا منداڵی پێ دەترسێنرێت، لە کوردەواریدا ئایشە گوێدرێژ هەیە کە بۆ ترساندنی منداڵە.

خەتەنەکردنی کچان، هەر نەهێشتنی دیاردەی فرەژنیو سیستمی ژنهێنانە بە جیاوازی زۆری تەمەنی ژن و پیاو، ئەو دەڵێت: مانای خەتەنەکردن لە ناو چینە هەژارەکاندا پەیوەستە بە ڕازیکردنی پیاو، سەرباری پەیوەستبوونی بە پاکوخاوێنیو ئاڵۆش نەبوونەوە، بەوەی لەناو چینەکانی سەرووی کۆمەڵدا سوننەتێکی خوازراوە، کچۆڵە دەکەوێتە بەر ئەم نەشتەگەرییە، بەڵکو پێشی خۆش دەبێت، مادام خەڵکی بەوە ڕازینو ئەوە داوایەکی سەرەکی پیاویشە، بە جۆرێك وا بڵاوە کە بەوە دڵخۆش دەبێت، لەو پێویستیانەیە کە بەبێ خەتەنەکردن هیچ پیاوێك بە ژن ڕازی نابێت، بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا سەرسامی کردووم ئەنجامی هەر دوو توێژینەوەکەی هەردوو " دکتۆر سوهام عەبدولسەلام و ئامال عەبدولهادی" بە ناونیشانی هەڵوێستی پزیشکان لە خەتەنەکردنی کچاندا، بایەخی توێژنەوەکە لەوەدایە کە نموونەی توێژینەوەکە تەنها پزیشکانن، ئەوان لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر درك بە زیانە پزیشکییەکانی خەتەنەکردن دەکەن، بەڵام کاتێك دەکەوینە ناو واقیعەکەوە گوێ لە بیروڕایان دەگرین، دەبینین دابونەریت تا چەندە بەهێزە؟ لێرەدا ڕای پزیشکانی پیاوم بەلاوە گرنگە، بە تایبەتی ئەوانەی کە بە سووکی لە ژن دەڕوانن هەر دوو ژنە توێژەرەوەکە بۆیان دەرکەوتووە، پەیوەندییەکی پۆزەتیڤانە لە نێوان ڕازیبوون بە کاری ژنانو ڕەتکردنەوەی خەتەنەکردندا هەیە، ئاڕاستەی زاڵ لە نێو بەرهەڵستکارانی خەتەنەکردندا کە بە بێ هیچ جۆرە کۆتو بەندو مەرجێك بە کاری ژن ڕازین، ڕێژەیان گەیشتووەتە نزیکەی(61٪) و نزیکەی(11٪) یش ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە،



تیمەکەی دیکە کە لایەنگری خەتەنەکردنن تێیاندا هەیە بە هیچ جۆرێك بە کاری ژن ڕازی نینو ڕێژەیان(31٪)ە، ئەوەی کە ماوەتەوە بە مەرجی زۆرو مافخۆرو ستەمکارانە بەکاری ژن ڕازین، لایەنگرانی خەتەنەکردن بە جۆرێ کاری ژنانیان بۆ توێژەرەوان باسکردووە کە کاریگەری خراپی بەسەر خێزانەوە هەیە، مافی ماڵو منداڵی تێدا فەوتاوە، ژن هەر لە بنەڕەتەوە دەبێ کەیبانووی ماڵ بێت، حەرامە لە دەرەوەی ماڵ کە شانشینی خۆیەتی کاربکات، کاری ژن دەبێتە مایەی لە دەستدانی دەرفەتی کاری پیاوان، هەروەها ژنان لە کاردا بە توانا نین، دژ بەڕەوشت بەرزیو چاکەو داوێن پاکیشە، ڕەوشتی گشتی دەشێوێنێت، ئارەزووی پیاوان دەوروژێنێت، هەردوو توێژەرەکە بەم قسەیەیان کۆتایی بەو بۆچوونە دەهێنن (ڕەتکردنەوەی خەتەنەکردن بەشێکی هەڵوێستی گشتییە، پێی وایە ژن لە مافو ئەرکو توانای کۆمەڵایەتیدا بوونەوەرێکی بە ئاوەزی هاوتای پیاوە، پێی وایە پێشکەوتنی کۆمەڵ لە گرەوی بەشداربوونی هەموو هاوولاتیاندایە، بە ژنو پیاوەوە، لە کاتێکدا ڕازیبوون بە خەتەنەکردن دەیبەستێتەوە بە سووك تێڕوانینی ژن، بە لایەوە لە پیاو کەم تواناترە، شوێنی ئەو هەر لە ناو ماڵدایە بۆ خزمەتکردنی پیاوو منداڵ، دەرچوونی لەو سنوورە بە کێشەی خێزانییەوە گرێدراوە، کە پشێوی سێکسی لێ دەکەوێتەوە.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین تەنانەت لە ناو پێڕی ڕۆشنبیرانیشدا هەر نێرینە زاڵو باڵادەستە، بە تەواوی بە مەترسی ئەم تاوانە لەسەر کچان شارەزان، چۆن خۆشیو ژیانێکی ڕاستو دروستی سێکسی، بەڵکو ژیانێکی مرۆڤانەی لێ حەرام دەکات، مافێکی سادەی

مرۆڤانەی ئەو پێشێل دەکات، پزیشکانی پیاو هەموو ئەوە دەزانن، بەڵکو بە تەواوی لێی دڵنیایشن، سەرباری ئەوە زۆر ناڕۆم گەر بڵێم هەر لەو پێناوەدا بە خەتەنەکردن، ئەم نەریتە دواکەوتووانەیە ڕازین، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵوێستی کۆمەڵایەتیان دواکەوتووانەیە.

ئەمەیش لەگەڵ قسەی (تۆماس سنکارا)[46]ی سەرکردەی ئەفریقیادا گونجاوە، کە لە بارەی خەتەنەکرنەوە گوتوویەتی: هەوڵێك لە گۆڕێدایە بۆ تێشکانی ژن وای لێ بکرێت ئەم نیشانەیەی پێوەبێتو سووکی بکاتو هەمیشە هەست بکات لە پیاو کەمترە، ئەو مافەی نەبێت تەنانەت خێر لە لەشی خۆیشی ببینێت، دڵشادو کامەران بێت هەموو لەشو بوونو قەوارەی ئەو دڵخۆش بێت سنوورێکی هەیەو پیاو بەسەریدا سەپاندووە، هەر بۆیە خەتەنەکردن هۆکارێکی زەلیل بوونیەتی).

[46] ئینسایکلۆپیدیای ئەلکترۆنی ویکیپیدیا بەمجۆرە باسی تۆماس سنکارای کردووە: ساڵی 1949 لە شاری یاکۆی وڵاتی بۆرکینافاسۆ لە دایکبووە کە ئەو سەردەمە بە ڤۆڵتای سەروو ناودەبرا، کەسایەتیەکی کاریزماو گەلێری هەبوو، ساڵی 1983-1987 سەرکردەی ئەو وڵاتە بووە، بایەخی زۆری بە خوێندنو کشتوکاڵو ڕەوشی ژنان داوە. لە کودەتایەکی سەربازیداو لە15ی ئۆکتۆبەری 1987دا کوژراوە. حکومەتەکەی سنکارا ژمارەیەکی بەرچاو ژنانی تێدابووە، خەتەنەکردنی کچانی قەدەغەکردووە، فرەژنی بە تاوان داناوە، ئامانجی هەرچی زیاتر باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی ژنان بووە.



لێرەدا دەبێ کاری سەرۆك جۆمۆ کینیات[47] وەبیربهێنینەوە کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆیدا ڕەواجی بە نەریتی خەتەنەکردن دەدات لە هەڵبژاردندا بیباتەوە!! هەروەك دکتۆر سامی ئەلزیب باسی دەکات تەنانەت ساڵی 1848 لە ئەمریکایش پەیوەندییەك لە نێوان ڕاگەیاندنی مافەکانی ژن لە وڵاتە یەکگرتووەکانو لایەنگرانی پیاوانی ئەو وڵاتە بۆ خەتەنەکردنی مێینە هەبووە، وەك کاردانەوەیەك بە هۆی ترسی پیاو لە مێینەیی ژنو گێڕانەوەی بۆ ئەو هەلومەرجەی ئەوان پێی ڕاهاتبوون، ئەوان پێیان وابوو ژن مەیلی بە لای بەدڕەفتارییەوە هەیە، هەر بۆیە بە بڕینەوەی ئەندامی زاووزێی پێویستی بە چارەسەرە، ئەمەیش بەشدارە لە بێتاوان کردنی پیاوان لە تاوانی ڕەواج پێدانی خەتەنەکردن لە ئەنجامی زاڵبوونی نێرینەیی، هەروەك دکتۆر سوهام عەبدولسەلام بە پیلانی بێدەنگ ناوی بردووە، ئەو لەبارەی ئەم پیلانەوە دەڵێت: ژن وا پەروەردەکراوە شوورەیی بێت بەلایەوە باس لە ئازارەکانی بکات، بە تایبەتی ئەوەی بە سێکسەوە پەیوەستە، هەر بۆیە ژنان نکولی لەو ئازارانەیان دەکەن، سا ئەوەی لە کاتی خەتەنەکردندا

[47] ئینسایکلۆپیدیای ئەلکترۆنی ویکیپیدیا بەمجۆرە باسی جۆمۆکینیاتای کردووە: کامۆ جوناتون کینیتا ساڵی 1893 لە نایرۆبی لەدایکبووەو ساڵی 1978 لە مۆمباسا کۆچی دوایی کردووە، سیاسەتمەدارێکی کینی بووە، ئەمینداری گشتی یەکێتی کینی ئەفریقاییی لە پێناوی سەربەخۆیی کینیا بووە، ساڵی 1938 کتێبێکی بە ناوی "لە ژێرپێی کینیادا" نووسیوە، ساڵی 1963 بووەتە سەرۆکی حکومەتی کینیای سەربەخۆ، تا کۆچی دوایی کردووە.

هەستیان پێ کردبێت، یا لە ژیانی ژنو مێردایەتیدا بە هۆی ئەو شێواندنەوە هەستی پێ دەکەن، ئەوەی لە کچێنیدا بەسەریاندا هاتووە دووبارەی دەکەنەوە، سەرەڕای ئەو پەرژینی بێدەنگیەی کە باسو خواسی ئەم بابەتەی پێ تەنراوە، کێشایەوە بۆ خستنە ناو قەفەزی ئەو ژنو کچانەی کە ئەم شێواندنە سێکسیەیان بۆ نەکراوەو ڕێی قسەکردنیان لێ بگیرێت سەبارەت بەوەی کە بەدڵنیاییەوە دەزان خەتەنە نەکراون، لەگەڵ دەستە خوشکەکانیاندا دەزانن ئەم نەشتەرکاریە پێویست نییە، داوێن پاکیو خاوێنی هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، پێشو پاش شووکردنیان ژیانیان هەر زۆر ئاسایی بووە، بە سەلامەتی لەشولاریان کەیف خۆش بوون، بەڵکو مەسەلەکە گەیشتووەتە ڕادەی نەزانی کە خاوەنانی هەردوو هەڵوێست لە بنەڕەتەوە بە بوونی یەك ڕازی نین، ئەوانەی دەستبەرداری شێواندنی سێکسی مێینە بوون، ئێستا پێیان وایە کە هەموو میسر چاویان لەوان کردووە، کەسێك نەماوە بەم کارە ڕابگات، ئەوانەیش کە هێشتا پابەندن پێی لەو بڕوایەدان ئەوە شەقڵو شێوەی مەسەلەکانەو لە میسردا ژنێك نییە خەتەنە نەکرابێت.

پێشتر لەم بارەوە دواین، ئاهەنگی خەتەنەکردنمان بە خۆشیەکی بێ ئەندازەی دایکانو ژنانی دانیشتووی دەوری کچە کەلەپاچەکراو وەسفکردووە، مایەی سەرسوڕمانە خودی ژنان خۆیانن پارێزگاری لە کاروانی خەتەنەکردن دەکەن، ئەوە نەنكو دایکن بڕیاری لەسەر دەدەنو پلانی بۆ دادەڕێژن، دادەیەکیش دەکەوێتە وێزەی کچەو یەکەمین فلچەی خوێناوی بە تابلۆی شوورەییو نەنگیی مێینەیدا



دەهێنێت، پورو ئامۆژنو ژنانی دراوسێو خزم دەکەونە شەتەکدانو چاوگرتنو هەناسە لێ بڕینو دەست بادانو لە پەلوپۆخستنو هاوار لێ بڕینی کچەی دیل، سەرنجی خوێنی لەبەرچوو دەدەن بزانن بە تەواوی پارچە گۆشتەکەی لێ بۆتەوە، ئەوە بەشداربوونێکی ژنانەیە کە پێشتر نەکراوە تا مێینە بکەنە قوربانی، بە پێی ئەو زانیارییە کەمەی کە هەمە لەم جۆرە بەشداربوونەی ژنان بۆ سووك کردنی کچانی هاوڕەگەزی خۆیان پێ نازانم، گەر پیاو لە خەتەنەکردندا مایسترۆ[48]ی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا ژن ئۆرکسترا[49]ی جێبەجێ کردنە کە ئاوازی بە ئازارو ژان دەژەنن!

گۆشەگیرکردنی ژن لە بەشداربوونی ژیانی کۆمەڵایەتیدا شێوە هەڵسوکەوتێکی لێ پێکهاتووە بە جۆرێ قۆزاخەی مێیەتی شێوە داوێك لە خۆپەرستیو زاڵبوونو شەڕانگێزی لێ دەردەدات، ئەو گەرچی لە دەرەوە دەنگی نابیسترێت، هێندێ کاری ناومالی بۆ بەجێ هێڵراوە تا پێیان ڕابگات، کە پیاو پێکەنینی پێیان دێت. گوتوویە ئەوە مەملەکەتی خۆیەتی، بۆ ئەوەی گوێ نەداتە مەملەکەتێك لە دەرەوەی دیوارەکانی ئەو ماڵەدا دروستی بکات، لەوانە هەموو شتێك بە دابونەریتەوە پەیوەست بن، لە هەموویان گرنگتر خەتەنەکردنی کچانە، نانەوەی پەرژینێکە لە خۆ مەڵاسدان بۆ هەڵوسکەوتی کچەو تەپکە لە دوای تەپکە بۆی دەنرێتەوە، هەروەك بۆ ڕاو لە ماڵ دەرچوو بن، ڕێگرتن لە

[48] **مایسترۆ: سەرکردەی تیپی موزیك.**

[49] **ئۆرکیسترا: تیپی موزیك.**

ماڵ چوونە دەری خانمان لە کۆندا سەرهەڵدانی چینێکی لێ کەوتووەتەوە پێویستیەکانیان بەجێ دەهێنن، کە بە زماندرێژو ڕووهەڵماڵراو جیادەکرێنەوە، تەنانەت بێ پەردە لەگەڵ پیاوانیشدا قسە دەکەن، هەروەك سەرپەڕگیرانە خەفەکردنو بێدەنگی ژنانی دیکە قەرەبوو بکەنەوە، نموونەی ئەم جۆرە ژنانە ئەو دەڵاڵانەی جل دەفرۆشن، ئارایشتکار لە گەرماوداو ئەوانەی خەنە دەگرنەوەو هەموو ئەو کارانەی لە ناوماڵو دەرەوەی ماڵ دەکرێن، لەوانە ڕەواجدان بە کچانی خێزانو وەسفو سەناکردنیانو باسکردنی سیفەتە باشەکانیان وەك بە پێی پێویستو بە پێوانە خەتەنەکراون! بێگومان ئەو دادەیەش کە کاری خەتەنەکردنو مامانی دەکات، ئەم جیتۆ[50]ی ژنانەیەیە کە بە درێژایی مێژوو داوی ئەم پلانە دەچنێت، لە جێگیرکردنی بێ بەهاییو نزمی مێینەیی، بەشدارن لە بڵاوبوونەوەی ئەو گەرموگوڕییە بانگەشە بۆ کراوەدا کە لە ئینتمای بۆ کۆمەڵەوە پەیدابووە، لە کاتی جێبەجێ نەکردنی فرمانەکە ترسیانە لە بەهەشتی گەرموگوڕی ئەو ئامێزە ئەمینە وەدەربنرێن، (دکتۆر سامی ئەلزیب) ڕای هیکسی خانمی توێژەرەوە دەگێڕێتەوە کە دەربڕی ماناکەی پێشووە، دەڵێت: ژنان پشتگیری خەتەنەکردنی کچان دەکەن، چونکە بەوە ڕێزو پێزانینی کۆمەڵایەتیو بژێوی ژیانیان دەست دەکەوێت، بە بێ خەتەنەکردن نەشوودەکەنو نەرێزیشیان لێ دەگیرێت، ئەوە هۆکارێکی پاراستنی خۆیانو دەستەبەرکردنی دەوری خۆیانە لە کۆمەڵگادا، خەتەنەکردن

---

[50] جیتۆ: گەڕەکی جولەکەنشین لە ئەمریکا.



ژن ملکەچی سیستمێکی کۆمەڵایەتی پێکەوە هەڵکردو دەکات، بەبێ ئەوە ژیانیان نابێت، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ ونبوونی تاکە کەسێتی، گەلەژنێك کە ئامانجیانە پارێزگاری لە دابونەریتو کەلتوری کۆمەڵگا بکەن، ژیانیان دەخەنە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، بەڵام دکتۆر سلێمان بە جۆرێکی دیکە ڕاڤەی بەشداربوونی ژن لە خەتەنەکردنی کچاندا دەکات، دەڵێت ئەوە بۆ ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە لە مێرد دەگەڕێتەوە. (بیروباوەڕی هێندێ کەس بە تایبەتی ژنان کە خەفەکردنی ئارەزووی سێکسیان بە خەتەنەکردن، هەروەك چەکێك بە دەستیانەوەیە تا بەرەو ڕووی ئەو مێردە ببنەوەو زەلیلی بکەن، ئەوە مەسەلەیەکەو بە تێپەڕبوونی کات دەردەکەوێت چۆن خودی ژنان دەکەونە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ئەو سەرکوت کردنەی کە دەکرێن، بیانووشیان ئەوەیە کە ئەوە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە!) ئەمە ڕاڤەکردنو شیکردنەوەیەکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە، بەڵام دەشێ ڕاستەقینەیش بێت، ئەوە جۆرێك تۆڵەسەندنەوەی ناپاکانەو نارەسەنانەی کەلەپوورێکە لە زوڵمو زۆرو سەرکوت کردنی پیاوان، بەڵام تێکەڵە بە کەمێك سادەلەوحی لە ئەنجامی گۆشەگیری ناچارییەوەیە تا لە کۆمەڵگادا بتوێتەوە، بە میرات بۆ مێینە بەجێماوە، هەروەك سەربازێکی ئاسایشی سەرەکی بێ گوناه هەڵسوکەوت دەکات کە دەیەوێت بە بڕینەوەی قاچی لە سوپا هەڵبێت!

پزیشکێکی سودانی لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی ژنە زیندانیانی (light fool Klien) بە جۆرێکی دیکە ڕاڤەی دەکات، بیانووی ئەو شەڕانگێزییە سەیرەی ژنانمان دەخاتە بەرچاو، کە دەبوو ئازاری بچەشتایە کە لەو نەشتەگەرییەوە خوێنی لەبەرچووەو دەبەنگانە

هەمان هەڵسوکەوت دووبارە دەکاتەوە، ئەو خانمە پزیشکە دەڵێت: ئەوە دەبەنگی نییە بەڵکو تۆڵەسەندنەوەیە! هەروەك ئەو خانمە پزیشکە پێمان دەڵێت: ژن لە کۆمەڵگادا هیچ دەورێکی نییە، هەموو داخو خەفەتێکی دەسەڵاتی خەفەکراوی خۆیان بەسەر کوڕو کچیاندا دەڕێژن، هەروەك چۆن خۆیان خەتەنەکراون، دەکەونە خەتەنەکردنی کچەکانیان، هەموو ژنێك کە ئازاری زۆری چەشتووە، هەر دەبێت تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە، بەڵام هەر دەتوانێت تۆڵە لە کچەکەی بکاتەوە، سەرباری ئەوەی کە خۆشی دەوێت، نەنەیش هەست دەکات هەموو دەسەڵاتێکی خۆی لە دەست دەدات، گەر واز لەم نەریتە بهێنێت، ئەو خانمە پزیشکە دەڵێت: ئەم سووربوونە مانای ئەوە نییە کە نەنەکان شەڕانگێزو دڵرەقن، بە پێچەوانەوە ڕوو لە خوداو بە بەزەیین، بەڵام گرفتەکەیان لەوەدایە، کە لەو بڕوایەدان هەر بە خەتەنەکردن دەکرێت پەردەی کچێنی بپارێزرێت، بە تایبەتی بە جۆری فیرعەونییەکەیشی، دەڵێت: ژنان سەرباری ئەو ئازارەی چەشتوویانە دەکەونە خەتەنەکردنی کچەکانیان، بەوە ڕێگایەکی ئاسان هەڵدەبژێرنو لەبەرهەڵستی کۆمەڵگایش هەڵدێن، ئەوە خۆشویستنی وێران کردن نییە لە پێناوی وێران کردندا، بەڵام لەبەرئەوەیە کە لە عەقڵی ناوەوەیدا جگە لەم هەڵسوکەوتە بەرامبەر بە ژن چی دیکەی هەڵ نەگرتووە، ئەو لە ڕێی کچەکانیەوە هاوار دەکات، ئەوە جینێکی دەروونییە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە پارێزگاری لە هەمان دابونەریتی هەڵسوکەوتەکە دەکات، دکتۆر سوهام پێی وایە: ژن هەر بۆ ڕازی کردنی مەیلی پیاو بەو کارە ڕادەگات، ئەو هەروەك بریکارێکی جێبەجێ کەری



ویستی پیاو وەهایە، بەوە ئاماژە بە قسەی پیرەژنێك دەکات کە پێی گوتووە: مەرجە کچان خەتەنە بکرێن، چونکە پیاوان هەژارن ئەوان لە گۆشتی ئەو مریشکانە دەخۆن کە لە کێڵگەکاندا بە هۆرمۆن بەخێوکراون، هەر بۆیە پیاوان ناتوانن ژنە خەتەنە نەکراوەکانیان ڕازی بکەن!! ئەو خانمانەی لە پێناوی خەتەنەکردندا دەکەونە کنەکردنو پشکنین، بەرەو ئەم تاوانە دەکەونە خۆیانو بە خەواندنی موگناتیسیانەی چەمکی حازربەدەست سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پیاوو ژن کە ڕووبەڕووبوونەوە پەردەپۆشی دەکات تا پیاوەتیو کەڵیو نێریی بە مانا بەرتەسکە میکانیکییە ڕووتەکەی بسەلێنێت، هیچ خۆشەویستیو هەستو سۆزێکی تێدا نییە، پەیوەندییەکی ساردوسڕە گەر لەبڕی دیاریکراوی خۆی - بێگومان ئەوە هەر پیاوە ئەو بڕە دیاری دەکات - زیاتر بوو، ئەوا پیاوی تێدا دەفەوتێت، هەر یەکێك لەم دوو چارەسەرەی هەیە، یەکەمیان پیاو دووردەکەوێتەوە، ئەمەش کارێکە مەحاڵە چونکە کەرامەتو پیاوەتی پیاوی تێدا بریندار دەبێت، دووەمیان ڕوخساری هەستو سۆزو سێکسی ژنی تێدا دەسڕێتەوە، وەك هێڵی تەلەفۆنی گەرما لێ بڕوای لێ دێت، یا تەنێکی کانزایی ساردوسڕەو توانای گەیاندنی یا وەرگرتنی هیچی نەبێت!

هەمان سایکۆلۆجیای خەتەنەکردن بە تێکەڵەیەکی نێوان ماسۆشیزمو سادیزم وەسف دەکەن، یەکەمیان بۆ مازۆش دەگەڕێتەوە کە چێژ لە ئازاردانو برینی لەشی خۆی دەبینێت، دووەمیان بۆ مارکیز دی ساد دەگەڕێتەوە کە16 ساڵی لە زیندان و 11 ساڵیشی لە نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی ئاوەزدا گوزەراند، ئەم نەخۆشییە بە ئارەزووی

ڕووخـانو ئـازاردانی کەسـانی دیکـە وەسـف دەکرێـت، هـەروەك مـارکیز دەکەوتە فەلاقەکردنو هێندێ جاریش قوربانییەکەی دەگوروو!

ئایا کۆمەڵگەکەمان لە سەدەی بیستو یەکدا ڕازی دەبێت لەگەڵ خۆیداو بە تایبەتی لەگەڵ کچانیدا بە سادیزم یا مازۆشی وەسف بکرێت؟ ناتوانین ئەو کەسانە ڕیسوا بکەین کە بەم جۆرە وەسفمان دەکەن، پێش ئەوەی هەڵسوکەوتی خۆمان لە توندوتیژی دژ بە ژن ڕێكو ڕاست نەکەینەوە.

گەر ئێمە هەوڵمان دا بێت ڕیشەی سایکۆلۆجی خەتەنەکردن وەسف بکەینو بچینە بنجو بناوانی، ئەوا وەسف کردنی کاریگەریی تێکدەرانەو ڕووخێنەرانی خەتەنەکردن لەسەر کچان، کە پێشتر لە بەشێکی زۆر کەمی دواوین، پێویستمان بە چەندین بەرگ دەبێت، هەموو حاڵەتێکی تاكو تەنهان، کاتێك دەکەوینە گێڕانەوەی یادگارییەکان، هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت لە شەرمان سەر دابخەینو ئارەقی خەجاڵەتی بە ڕوخسارماندا دێتەخوارو دڵو هەناوی پێ دادەکەوێت، ئەمە گەمەکردن نییە بە وشەی زمانپاراوو زەقو بەرچاوو ڕەوانبێژ، بەڵکو دەربڕی ڕەوشێکی تاڵەو لە ترساندا کەوتووەتە هاوار، سەرباری دەستدرێژی کردنە سەر لەشو سێکسی منداڵ، بێ تاوانی تێدا دەرووشێنرێت، پێویستی تیشك خستنە سەر (Focus) یا جێگیرکردنو نزیك خستنەوەی بە زوومی دابونەریتو ڕەوشت لەسەر تابۆی سێکسە.

هەر لە تەمەنی منداڵیدایە کچ دەکەوێتە بیرکردنەوە کە ئەوە ناوچەیەکی پیسو بۆگەنو خوێنو توندوتیژیو قەدەغەیە، ڕێگەی پێ



نادرێت لەو شوێنە دزێوو ناحەزو بۆگەنە نزیك بێتەوە، باڵۆنی ترسو تۆقین گەورە دەبێتو بەرزدەبێتەوە تا بەڕووی کۆمەڵگادا هێندێ جاریش بەڕووی خودی قوربانیدا دەتەقێتەوە، کچ فێردەبێت جۆش خواردنی بە ژانو ئازاری ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە، تا کەسوکاری قایل بکات، کە ڕازی دەکەنو کارێکی ڕاستیان کردووە، ئەم شاردنەوەیە پەرەدەستێنێت تا فێری نواندنو درۆکردنیش دەبێت، وا خۆی دەنوێنێت کە هەر زۆر ئاساییە لای مێردەکەیشی وا خۆی دەردەخات چێژو خۆشی دەنۆشێت، لای کەسوکاریشی وای دەردەبڕێت کە هەر زۆر سوپاسگوزاریانە، پەتی درۆ درێژدەبێتەوە تا سادەترین هەستو سۆزی جوانی مرۆڤایەتی دەخنکێنێت کە خودا لە دڵماندا خەڵقی کردووە، تا چێژ لە ژیان وەربگرین. ئێمە بە خەتەنەکردن درۆو ترسو دووڕوویی دەخەینە ئاوەزو ڕوحی کچەوە، تا بە ئارەزووی خۆمان مرۆڤایەتی بشێوێنین، بکەوینە ناو گرێ دەروونییەکانمانەوە کە چڕنوکی لە گۆشتی ژیانمان هەڵچەقاندووە.

بەڵام بێدەنگی کۆمەڵگا لەم قەسابخانەیە، بە زۆری وای بۆ دەچم لالێیەو لە بێهۆشکەرێکی گشتییەوە هەڵمان مژیوە، لە بەرامبەر ئەم تاوانە دزێوو چەپەڵەدا بڕیاری کەمتەرخەمیو بێدەنگیی تۆقێنەرمان داوەو بووینەتە کەڕەی شەربەت[51] هەر بە بۆنەی تلیاكو حەشیشەوە زۆر لە توێژەرەوان هۆی بە دیاری پێشکەش کردنی ڕۆتینی تلیاكو حەشیشە بە زاوا کە بەشێکی خۆشەویستی دۆستو خزمو هاوسێیە بۆ

[51] کەڕەی شەربەت: شێتێکی خەڵکی سلێمانی بوو، کینایەیە بۆ مرۆڤی نەبیست.

ئەو کەسەی بەرەو ژیانی تازە هەنگاوی هەڵگرتووە، بۆ خەتەنەکردنی دەگێڕنەوە تا زاوا وای بۆ بچێت کە دیدارەکەی دیداری دەیان ساڵەیەو چەند کاتژمێر درێژە دەکێشێت، تا ڕاستی لێ ون ببێت، دیدارەکەی لە ڕاستیدا هیچ هەستێکی تێدا نییەو بە ئەندازەی بەفربەند ساردو سڕو بێ ژیانو گەرمییە، زۆر توێژەرەوە هەن وەك هۆکارێکی بڵاوبوونەوەی تلیاك خەتەنەکردنیان ڕیسواکردووە.

ئەحمەد ئەمینی بیرمەند لە فەرهەنگی دابونەریتدا سەبارەت بە خەتەنەکردن دەڵێت: لەم ڕۆژانەی ژیانمدا مەبەستم ساڵی 1950و دواترە، هێندێ کەس داوایان کرد تەنها کوڕان خەتەنە بکرێن، بەو بیانووەی کە خەتەنەکردنی کچان لەوانەیە ببێتە هۆیەکی بڵاوبوونەوەی تلیاكو حەشیشەو بەنگ کێشان، چونکە گەر کچ خەتەنەکرا، ئەوا بە گەورەبوونی چێژی سێکسی کەم دەبێت، هەروەك باسمان کرد پیاو ناچاری بەنگ کێشان دەکات، هەر بۆیە داوایان کرد کچ خەتەنە نەکرێت تا پیاو ناچاری تلیاك کێشان نەبێت، دکتۆر سامی ئەلزیب لەم مەسەلەیەدا ڕای دیکەی گێڕاوەتەوە، لەوانە ڕای دکتۆر محەمەد سەعید ئەلحەدیدی کە دەڵێت: تلیاكو بەنگ کێشان بەهەموو جۆرەکانییەوە، بە شێوەیەکی ترسناك لە وڵاتەکانماندا بڵاوبووەتەوە، سەرباری سزای یاسایی توندوتیژ دژ بە هەموو ئەوانەی مامەڵە بە تلیاکەوە دەکەن، لە هەموو ئامارێکی هەر وڵاتێکی دیکەی تێپەڕاندووە، ئایا نهێنی ئەوە لە چیدایە گەر بەو نهێنییە گەیشتین، ئەوا بۆ خۆمانو نەتەوەکەمان سامانێکی زۆرمان گەڕاندووەتەوە کە لە نەهێشتنو بنەبڕکردنیدا خەرج دەکرێن، سوودی گەورەتریشمان دەست دەکەوێت،



چەند کەس بەرەو زیندان ڕاپێچ کراون؟ چەند کەسیش بۆ نۆشینی ئەم ژارە قوربانیان بە سامانو ئاوەزو خێزانی خۆیان داوە؟ نهێنی ئەوە لە چیدایە؟ هەمان ڕای ئێوەم هەیە کە زۆربەی ئەوانەی تلیاك کێشن درك بە زیانەکانی ناکەنو پێکهاتەی ئاوەزیان ناتەواوە، بەڵام ڕاتان چییە ئەو کەسانەی کە تلیاك دەکێشن، کەسانێکن لە ژیانی ڕۆژانەو زانستیو ئەدەبیو ماددی خۆیاندا سەرکەوتوونو نیشانەی بڕێکی زیاتری نەك هەر عاقڵییە بەڵکو تێگەیشتنیشە؟ وەڵامەکەی ئاسانە، ئەویش سڕکردنی هەستو سۆزی ئەو پیاوانەیە تا لەگەڵ ژنە خەتەنەکراوەکانیاندا هاوتاببنەوە، هەروەها دکتۆر روشدی عەقار دەڵێت: لە62 حاڵەتدا ژنانو پیاوان یا تلیاکیان کێشاوە یا مەیو خواردنەوەی کحولی خواردووەتەوە تا لە کاتی جووتبوونیان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا یاریدەیان بدات ئارەزووی تێکردنی ژنو مێردەکانیان هەبێت، کاتێك پرسیار لە ئەنجامەکەی کراوە، وەڵامیان ئەوەبووە کە هێندێ جار سوودی هەبووە، لە هێندێ حاڵەتی دیکە ئەنجامەکەی پێچەوانەوە کەوتووەتەوە، هەموومان دەزانین هۆی تلیاك کێشان یا خواردنەوەی کحول هێندێ لە پیاوان ئەوەیە ئارەزوویانە بۆ ماوەیەکی درێژتر لەگەڵ ژنەکانیان جووت ببن، ئەمەش بە هۆی زیادبوونی ڕادەی ساردوسڕی ژنە بە هۆی خەتەنەکردنیەوە.

ئەوە مێردەزمەیەکی ڕەشە، یا بە زمانو زاراوەی نوژداری دەروونی خەتەنەکردن وازوازێکی گومڕاییو سەرلێشێوانی زاڵە، وای پیشان دەداتو بەسەریشماندا زاڵە، ئاماژەی بۆ دەکاتو دەیخاتە دڵمانەوە کە کچ شوورەییو نەنگییە، ئێمە لە جیهانی شارستانیەوە ڕاوەدوونراوین

کە دەیەوێت کەلتورمان پەردەپۆش بکات، وا دێتە بەر زەینمان خەتەنەکردن لە سیما بنەڕەتییەکانیەتی، ئایا پێویست ناکات کەلتوری گەلان ناوبەناو لە بێژنگ بدرێتو تەتەڵە بکرێت، تا هەر مرۆڕو شتێکی نامۆ لەم کەلتوورەدایە توڕی بدەین؟

پێم وایە ئێستا کاتی لە بێژنگدانو تەتەڵەکردنی هاتووە، تا ئەلفبێی کەلتوورمان مافەکانی مرۆڤ بێت، پێش هەر شتێك ئەو مافە مسۆگەر بێت کە لەشێکی هەبێتو دەستدرێژی نەکرابێتە سەر.



## خەتەنەکردن لەڕووی یاساوە[52]

### هەر کەسێك ئەم کارە بکات لەڕووی یاساوە تاوانبارە.

---

[52] **کەمپینی خەتەنەکردنی مێینە بوەستێنن، لە یادی 8ی مارسی ساڵی 2007دا یاداشتێکی لە چەند ڕۆژنامەدا بلاوکردەوە، تا بە یاسا خەتەنەکردنی کچان قەدەغە بکرێت، یەکێتی ژنانی کوردستان لە چەند ڕۆژێکدا 18800 کەس واژۆیان لەسەر ئەو یاداشتە کرد، دواتر لە کۆنفرانسێکی تایبەتدا دەقی یاسایەکی پێشنیارکراو ئامادە کرا تا بخرێتە بەردەم پەرلەمان، لیستی ئەو داوایە دراوەتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەو ئومێدەی تا کۆتایی 2009 پەسند بکرێتو جێبەجێیش بکرێت، سەرباری جێبەجێ کردنی یاسای 412 کە دژ بە خەتەنەکردنی کچانە. بەداخەوە زۆر لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە خۆیان بە نوێنەری گەل دەزانن، نەك هەر ڕازی نەبوون گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، بەڵکو پێیان شەرم بوو لە پەرلەماندا باس بکرێت، هەروەك ئەوانە نەك لە پەرلەمان بەڵکو لە دیوەخانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دانیشتبێتن. دواتر بە پێداگری ڕەوانەی حکومەت کرا تا بودجەی بۆ تەرخان بکرێت، هەتا ئێستایش بێ وەلامە. وەرگێڕی ئەم کتێبە زۆری هەوڵدا لە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان دەقی یاسایەك یا پڕۆژەیەك یا هەر هیچ نەبێت بڕیارێك ببینێتەوە کە تایبەت بێت بە قەدەغە کردنی خەتەنەکردن، بەلام هیچی نەدۆزییەوە.دوا هەولێش بە پێی ڕۆژنامەی هەولێر (ژمارە 672ی 6ی کانوونی یەکەمی 2009 لاپەڕە چوار) تێیدا هاتووە: هەر کەسێك پێشنیازی کرداری خەتەنەکردن بکات سزا دەدرێت تا لە 5 ملیۆن دینار تێ پەڕ نەکات، ئەو کەسەیش کارەکە ئەنجام دەدات 4تا 8 مانگ زیندانی دەکرێت، تا بڕی لانی کەم 10 ملیۆن دینار سزایش دەدرێت.ئەگەر ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات هەر پیشەیەکی پزیشکی هەبێت بە 6 تا 12 مانگ زیندانی و بڕی 11 ملیۆن دیناریش سزا دەدرێت.**

پرنسیپی جیاکردنەوە یا ڕێگەچارەی ناوەڕاست یا ئارەزووی ڕازیکردنی گشت لایەك، خێراترین لە گۆڕنەری یاساکانمانن، یەکەم قوربانی ئەم پرنسیپە ئەو یاسایانانەن کە بە دابونەریتو عورفو عادەتی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستن، لەوانە ئەو یاسایانەی کە پێوەندییان بە خەتەنەکردنی کچانەوە هەیە، هەردەم کە باسی داڕشتنی یاسایەك بۆ خەتەنەکردن دەکەین لە پەراوێزیدا دەڵێین: تەنها پزیشکان بۆیان هەیە کچان خەتەنە بکەن، هەروەك باسی مافی پزیشکان بکرێت کە لە بەدەنی کچاندا هەیان بێت، نەك باسی مافی کچان بکرێت لە لەشێکدا کە ئەتك نەکرابێت، قەدەغەیە سەرەژنو برینپێچاو پزیشکانیش کچان خەتەنە بکەن، ئێمە باس لە پرنسیپ دەکەین بە باسکردنی مەرج نەکەوینە ساتو سەودا یا هەڵاوێژی کردن یا جیاکردنەوە یا دووڕوو نەبین.

ددان بەوەدا دەنێم کە تەنها بە دەقەکانی یاسا ناتوانین ئەم نەریتە دزێوە قەدەغە بکەین، ئەم دابونەریتە بەربەرییە هەر دەبێت بە ڕۆشنبیرکرنو بەرچاو ڕوونکردنەوەو هۆشیاری هەرچی زیاتر بنەبڕ بکرێت، نەك بە یاساو حوکمو ڕاسپاردەی زیاتر، بەڵام ناتوانین خۆمان گێل بکەین کە یاسا بۆ ڕاگرتنی مەسەلەکە گرنگە، کاتێك کۆمەڵگا بڕیار بدات، دەستی یاسا قورس دەبێت، بە پێچەوانەوە گەر کۆمەڵگا مەبەستی نەبوو ئەوا یاسا سەرشۆڕو ملکەچ دەبێت. هەوڵ دەدەین کاروانی یاسای نێودەوڵەتیو میسری دژ بە خەتەنکردنی کچان بخەینە



بەرچاوان، تا لە ئاستی بەرەو پێشچوونی خەباتی دژ بەم نەریتە قێزەونو بێزراوە تێ بگەین.

بۆ یەکەمجار ئەم کێشەیە لە ساڵی 1931داو لە کۆمەڵەی گەلاندا لە کۆنگرەی (جنێف)دا گفتوگۆی لە بارەوە کرا، کاتێك ڕەوشی منداڵانی ئەفریقیا خرایە بەرباسو تێیدا ئاماژە بە خەتەنەکردنی کچانی هۆزێکی کینیا کرا، بەڵام کۆنگرەکە ڕازی نەبوو ڕاسپاردەی دەوڵەتانی ئەوروپا پەسند بکات، کە هەوڵی ئەدا ئەم کارە بە تاوان لە قەڵەم بدات.دواتر ڕێکخراوی لەشساخیی جیهانی بەو بیانووەی دەسەڵاتی توێژینەوەی ئەم جۆرە مەسەلە کەلتوورییانەی نییە، ڕازی نەبوو ساڵی 1958 توێژینەوەیەك جێبەجێ بکات، کە نەتەوەیەکگرتووەکان داوای کردبوو سنوورێك بۆ خەتەنەکردنی کچان دابنرێت.

داواکاری ژنانی ئەفریقیایش لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پێڕەوکردنی قەدەغەکردنی کچان بوو، بە تایبەتی پاش کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەدیس بابا سەبارەت بە بەشداربوونی ژنان لە ژیانی گشتیدا هەروا درێژەی هەبوو، تا خەونەکە بەدی هاتو ساڵی 1964 لە کۆنگرەی تۆگۆدا خەتەنەکردن ڕیسواکرا، پاشان یەکەم کاردانەوەی ڕێکخراوی لەشساخیی جیهانی سەبارەت بە شوێنەواری زیانبەخشی ئەم نەریتە لە 30ی ئەیلولی 1976دا بوو، کە تەنها خەتەنەکردنی فیرعەونی تێیدا ڕیسواکرا. ساڵی 1979 خاڵێکی وەرچەرخان بوو، کاتێك ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوەو بە بەرنامە کۆنگرەیەکی بەست تا لەبارەی دیاردەکەوە گفتوگۆ بکرێت، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ساڵ تێ ناپەڕێت، ئەو ڕێکخراوە بە شێوەی ڕاپۆرت یا

توێژینەوە یا بانگەواز خەتەنەکردنی تێدا بە تاوان دانەنێت‌و ڕیسوای نەکات، گرنگترینیان توێژینەوەکەی هەر دوو "خانم دکتۆر ناهید تۆبیا"و "سۆزان عیزەت" بوو کە ڕێکخراوی لەشساخیی جیهانی ساڵی 1998 بڵاوی کردەوە، لەم بەشەدا سەبارەت بە تێڕوانینی یاسایی خەتەنەکردن زیاتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم توێژینەوەیە، دەکرێت هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی خەتەنەکردنەوە لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

1. ڕیسواکردنی هەموو جۆرەکانی خەتەنەکردن، بەو پێیەی ناهەقییەکە دەرهەق بە سەلامەتی لەش‌و دەروون‌و تەندروستی دەکرێت، وێنەیەکی جیاکردنەوەو هەلاوێردن‌و توندوتیژیی دژ بە ژنانە.
2. قەدەغەکردنی خەتەنەکردن لە نێوەندە پزیشکییەکاندا.
3. بە مەبەستی قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی کچان داوای کردووە یاسایەك دابڕێژرێت، سزای هەر کەسێك بدرێت تەنانەت گەر پزیشکیش بێت‌و بەم کارە ڕابگات.

گەر خەتەنەکار بە پێی یاساکانی پێشوو تاوانبار بێت، ئەوا بە پێی مافەکانی مرۆڤیش هەر تاوانبارە، چونکە دەستدرێژییەکی بێ پەردەیە بۆ سەر لەش‌و پێشێلکردنی مافی سەلامەتی لەش‌و بەدەنیشە، کە گرنگترین دوو مافی مرۆڤن. لە ماددەی سێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتووە: هەموو کەسێك مافی ژیان‌و ئازادی‌و دڵنیایی‌و ئەمینی خۆیی هەیە، لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی منداڵ (ماددەی 24) هاتووە: منداڵ مافی خۆیەتی بەوپەڕی



لەشساخی خۆی بەهرەمەند بێت، دەوڵەتان چالاکانە گشت تەگبیرێك دەگرنەبەر بە مەبەستی نەهێشتنی هەر کارێك لە دابونەریتی کۆمەڵدا بێت‌و زیان بە لەشساخی منداڵ بگەیەنێت، بڕگەی پێنجەمی یاسای نێودەوڵەتی ئاکارو ڕەوشتی پزیشکی هاتووە: مەرجە پارێزگاتری لە هەموو منداڵێك بکرێت لە چارەسەر یا هەر پشکنینێکی پزیشکی کە پێویست نەبێت، لە مافی پاراستنی بەدەنەوە تا بە مافی ئازار نەدانیش دەگات، بێگومان خەتەنەکردن جۆرێکی ئازاردانە، لە مافی ئەو شەرەف‌و ئابڕووەیە کە ئێمەی پزیشکان لە بەندی سێیەمدا سوێندی پێ دەخۆین‌و لەو بارەوە دەڵێین: (شەرەف‌و ڕووسووری خەڵکی بپارێزین‌و شەرم‌و نهێنییان بشارینەوە)، خەتەنەکردن ئەوپەڕی ئابڕووبردن‌و ڕووڕەش کردن‌و ناوزڕاندن‌و هەڵماڵینی شەرم‌و نهێنییە.

لە نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ڕێکخراوی لەشساخیی جیهانی (WHO)و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە بەرەو میسر دەچین، ئەو پەندە باوەی لەگەڵدا دەگونجێت (ئەو کەسەی دەستی لە ئاودایە وەك کەسە نییە کە دەستی لە ئاگردا بێت)، ئێمە لە میسر لایەنگیری بووین، ڕووحمان وا لە کورەو توونی ئاگردایە، کە قەوارەو بوونی کچی تێدا دەسووتێت، هەر بۆیە دەبێت پەنا ببەینە بەر یاساکان، تا بڵێسەی کڵپەسەندووی گڕی ئەم ئاگرە بکوژێنێتەوە.

بڕیاری وەزاری ژمارە 74ی ساڵی 1959 یەکەمین دەقی یاساییە لە بارەی خەتەنەکردنی کچانەوە، لیژنەیەك لە پزیشکان‌و پیاوانی ئایین‌و لە ناویاندا (حەسەن مەئموون)ی موفتی میسرو (شێخ حەسەنین مەعلوف) دایان ڕشتووە، ئەو لیژنەیە لە ماددەی دووەدا بڕیاری داوە:

1. قەدەغەیە بۆ هەموو کەس جگە لە پزیشکان کچان خەتەنە بکەن، بە جۆرێك هەر کەس ئارەزووی کرد بەشێکی بۆ بکرێت نەك هەمووی.

2. نەشتەرگەری تەندروستی لەبەر هۆکاری تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونی لە یەکەکانی سەربە وەزارەتی تەندروستیدا قەدەغەیە.

3. ئەو ژنە مامانانەی مۆڵەتیان هەیە، بە هیچ جۆرێك بۆیان نییە کاری نەشتەرگەری بکەن بە خەتەنەکردنی کچانیشەوە.

4. خەتەنەکردن بەمجۆرەی ئێستا (1959) دەکرێت، لەڕووی تەندروستی‌و دەروونییەوە زیان بە کچ دەگەیەنێت، سا پێش دوای شووکردنی بێت.

بەو پێیەی یاسادانەران (فوقەها) بە پشت بەستن بە چەند فەرموودەی ڕاست‌و دروست (صحیح) ڕایان جیاواز بووە، لەوەی کە ئایا خەتەنەکردنی کچان واجبە یا سوننەتە هەیانە ڕای وایە ڕێزلێنان‌و خەڵاتە، بەڵام هەمووان لەسەر ئەو ڕایە کۆك‌و تەبا بوون کە ڕێوڕەسمی شەریعەتی ئیسلام لە بنەوەبڕین (استئصال)ی ڕەت کردووەتەوە.

سەبارەت بەوە تەنها قسەیەکی سادەم هەیە: ئەو لیژنەیە سەرباری ڕۆشنکردنەوەیان، بەڵام دووچاری ترسنۆکی‌و دووڕوویی کۆمەڵگا بوون، گۆچانەکەیان لە ناوەڕاستەوە هەڵ گرتووە، هەوڵیانداوە کێشەکە بە شێوازێکی زڕو بێ بەر چارەسەر بکەن، ئەویش (کەمێکی لێ دەبڕێت تا دڵی کەسمان لێ نەڕەنجێت)، بەمجۆرە تاووتوێی مەسەلەکەیان کردووە، تەنانەت بڕینی یەك میللی مەتریش هەر پێشێلکارییە، ئەمە مەسەلەی



پێوانەکاری نییە، بەڵکو مەسەلەی پرنسیپە، ناکرێت سات‌وسەودای پێوە بکرێت، هەر گومان‌و دوودڵییەك ڕێ خۆشکەری سات‌وسەودایەو ڕێگاو دەروازەکان بە ڕووی هەوای بیروبۆچوونی دواکەوتووانەدا دەخاتە سەر پشت، زۆر نابات ببێتە باوبۆران‌و ڕەشەبا.

ڕۆژی 7ی ئەیلولی 1994 لە مێژووی گفتوگۆکردن لەبارەی خەتەنەکردنەوە ڕۆژێکی بەرچاوو جیاکەرەوە بوو، کەناڵی (CNN) فیلمی خەتەنەکردنی کچێکی بە ناوی (نەجلا) لە شاری قاهیرەی پایتەختدا پەخش کرد، ڕەوشی ئەو ڕۆژە بەجۆرێك بوو گڕ بگرێت، کۆنگرەی دانیشتووانی جیهانی‌و وەزیری تەندروستی ڕایان گەیاند کە مەسەلەکان جێگیرن‌و هەموو شتێك تەواوەو خەتەنەکردن لە میسردا دەگمەنە، ئەم فیلمە ئابڕووی هەمووانی بردو ناوی زڕاندین، سەلماندی هێشتاکە لایەنگیرو پشتیوانی ئەم وەحشیگەرییە هەر ماون، لەبەر ئەوەی لە ئاستی جیهاندا ئابڕوومان چوو بوو، هەر وەك پیشەمانە پاش ئاڵۆزبوون‌و لە دەست دەرچوونمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەکاندا، هەر دەبوو لیژنەی بۆ پێك بهێنرێت، لیژنەکە 22 ئەندام بوون، (عەلی عەبدولفەتاح)ی وەزیرو (سەید تەنتاوی)موفتی ئەو سەردەمەی میسر لە لیژنەکەدا بوون، دوای یەك مانگ‌و دوو ڕۆژ لە 29ی تشرینی یەکەمدا بەیاننامەیەك دەرچوو، لە یەکەمین بەندی ئەو بەیاننامەدا هاتووە: خەتەنەکردن نەریتێکی کۆنەو پشتاوپشت ماوەتەوە، لە هیچ دەقێکی قورئانی پیرۆزدا باسی نەکراوە، ئەو فەرموودانەیش کە باسی خەتەنەکردن دەکەن بە چەند جۆرێك گێڕاونەتەوەو هەموویان لاوازن‌و دەستکارییان کراوە. ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، ئەوە

مەسەلەیەکە پێوەندی بە پزیشکانەوە هەیە، بەڵام ڕێنوێنییەکانی وەزیری تەندروستی جۆرێك شلبوونەوەو خاوبوونەوەو ژێربەژێر ددان پێدا هێنانو شەرم کردن لە بە تەواوی ڕیسواو ئابڕووبردنیو تاوانبارکردنی یەکلاییکەرەوەی پێوە دیاربوو، وەزیر لەو ڕێنوێنیانەی 19ی تشرینی یەکەمدا ناردبوونی، دیاربوو کە بە هەڵوێستێکی ناجێگیرەوە مامەڵەی بە خەتەنەکردنەوە کردووە، وەك (قەدەغەکردنی خەتەنەکردن لە جێگایەکدا کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە نەکرابێت) هەر وەك جێگایەك هەبێت بۆ خەتەنەکردن شیاو بێتو جێگایەکی دیکەیش بۆ ئەم مەبەستە نەگونجاو بێت، چۆن ئێمە باسی خەتەنەکردن دەکەین، هاوکات پاش یەك دێڕ دەڵێین شوێنی تایبەت بەم مەبەستە هەیە، ئەوە لە دەربڕیندا ناکۆکەو دەربڕی ناکۆکیی ئاوەزیشە، کە تەنانەت لە ئاوەزو زەینی سەرکردەکاندا لە پزیشکانو کەسایەتییە گشتییەکانیشدا شوێنی خۆی کردووەتەوە، کە بەرەو ڕووی ئەم نەریتە بوونەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێنوێنییەکاندا هاتووە: هەموو نەخۆشخانەیەکی فێرکاری یا ناوەندی دوو ڕۆژی هەفتە بۆ خەتەنەکردن دەستنیشان دەکەن، یەکیان بۆ خەتەنەکردنی نێرینەو ئەوی دیکەیان بۆ پێشوازی لەو خێزانانەی کە بە خەتەنەکردنی کچەکانیان ڕازین، ڕێنوێنییەکان ڕایان سپاردووە کە لەگەڵ خێزانەکانیاندا بکەونە گفتوگۆوە، بەڵام گەر هەر سووربوون ئەوا چار نییە با کچەکانیان خەتەنە بکرێن!! ئەمە هەر وەك ئەوە وایە کەسێك ڕوو بکاتە نەخۆشخانەو بڵێت: دەمەوێ خۆم بکوژم یا قاچم ببڕمەوەو لیژنەیەکی گوێگرتنو قایلکردن پێك



بێت، گەر گوێی لێ نەگرتینو هەر سووربوو لەسەر داواکەی، ئەوا دەیدەینە دەست خوداو داواکەی جێبەجێ دەکەینو دەڵێین: ئامین، ئاو بێنەو دەست بشۆ! ئەم پاشگەزبوونەوەو یەکلایی نەکردنەوەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانەدا ڕێ بە هەر کەس دەدات ترسو دڵەڕاوکێ بخاتە ئاوەزو ویژدانی کۆمەڵگاوە، ئەو فەرمانبەرانە بە ڕووی شەرعدا وەستاونەتەوەو بە زەبرێکی زۆر سووك دەکرێت لە مەسەلەی خەتەنەکردنی کچاندا لە کەلی شەیتان بێنەخوار.

لەم مەسەلەیەدا سەندیکای پزیشکان لە وەزارەتی تەندروستی باشتر نەبوون، بەیاننامەیەکیان لە 25ی ئۆکتۆبری 1994دا دەرکردووەو بە مەرجێك ڕێگە بە خەتەنەکردن دەدەن، وشەی ڕێگەپێدان خۆی لەخۆیدا تاوانەو هەڵوێستێکی کۆنەپەرستانەیشە، سا هەر چەندە (بەڵام)ەکانیشی پێوە بلکێندرێو بەشێکیشی بێت نەك هەمووی، پاش گەورەبوونی کچەیش بێت، ڕەزامەندی کچەو باوکیشی لەسەر بێت، ئسولی پیشەو فیقهیش لەبەرچاو بگیرێت!!! (سەرنج: گەر ئسولی پیشەکە لەبەرچاو بگرین، ئەوا هەر لە بنەڕەتەوە نەشتەرگەرییەکە ناکرێت.) مایەی سەرسوڕمانە سەندیکا داوای کردبوو گەر خەتەنەکردن بە پێی یاسا کرا ئەوا بە تاوان دانەنرێت، زیاتر بخرێتە بەر توێژینەوەوە، سەرنج بدەن ئەم بەیاننامەیە پزیشکانێك نووسیویانە زۆر باش دەزانن کە خەتەنەکردن چییەو کوێریش زیانەکانی دەبینێت، بەیاننامەکەی سەندیکا بە دەنگی گوتاربێژانەی سەر مینبەرەکان دەڵێت: (نەتەوەی میسری سەر بە شارستانییەتی عەرەبیو ئیسلامیو ڕەهەندی مرۆڤایەتییە، بەهاو پرنسیپو نموونەی باڵاو ناسنامەی

تایبەت بە خۆیی هەن، مەرجە شانازییان پێوە بکاتو بەرگرییان لێ بکات، لە نێو نەتەوەکانی دنیایشدا بڵاوی بکاتەوە!! پرسیار ئەوەیە: ئایا خەتەنەکردن بووەتە بەشێکی بەهاو پرنسیپو ناسنامەمان؟ ئایا شارستانی پێویست بەوە دەکات خۆی بەم شتە کاڵ کرچانەوە ببەستێتەوە تا لە زەلکاوی ڕیسواییو پێشێلکاری وەحشیگەریدا ڕۆ بچێت، کە لە ناو ئینتیمای کەلتوریو ئاییندا ڕوودەدەن؟

مایەی سەرسوڕمانە پاش ئەم هەموو هەراو زەناو هەڵڵاو بەیاننامەو ڕاسپاردانە، هێشتاکە بە هەمان حەماسەتو سووربوونەوە لە نەخۆشخانەکاندا کچان خەتەنە دەکرێن، بێگومان سوود لە وشەی (بەڵام) وەرگیراوە، بەیاننامەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە لە مارسی $1995$دا دەرچووە، ئەوەی ڕوونکردووەتەوەو هێندێ کاروکردوەی ڕیسواکردووە، لەوانە بەڕێوەبەری یەکێك لە نەخۆشخانەکان نەشتەرگەرییەکەی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، پزیشکانی پسپۆڕی منداڵانو نەشتەرگەری ژنانەی سوودمەند ناکۆكو دژ بە یەك بوون، دوای گۆڕینی وەزیری تەندروستی لە $1996$دا، بەرەو ڕووی ئابڕووچوونێکی پڕ شەرمەزاری بووەوە، گەرچی ڕاستەوخۆو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان نەبوو، دوو کچۆڵە گیانیان لە دەست دا، یەکیان بە دەستی پزیشکێك گیانی سپارد، ئا لێرەدا دەردەکەوێت کە پزیشکانیش بێ هەڵە نابن، بەڵام لە کردەوەدایە نەك لەو کەسەی بەم کارە ڕا دەگات، هەر بۆیە دکتۆر ئیسماعیل سەلام لە $8/7/1996$ دا بڕیاری خۆیی دا: (خەتەنەکردنی کچان لە نەخۆشخانەدا یا کلینکی گشتی یا تایبەتیدا قەدەغەیە، تەنها لە حاڵەتی نەخۆشیدا ڕێگەی پێ



دەدرێت، دوای ئەوەی سەرۆکی بەشی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵبوون لەسەر داوای ئەو پزیشکەی چارەسەری نەخۆش دەکات بڕیاری لێ دەدات)، سەرباری هەڵاوێژی لەم بڕیارەدا، بەڵام هەنگاوێك بوو بەرەو پێشەوە، هێزە چەق بەستووەکان لە نێویاندا پزیشکانیش داوایان لەسەر وەزیر بەرزکردەوە، ئەوە مافی ئەو نییە، ئەم بڕیارە بدات. ئەوە دژی شەریعەتەو دادگا حوکمی خۆی دەدات، دواتر لە دادگای تێ هەڵچوونەوەدا یەکەمین جەولەیان دۆڕاندو ئەو پارچە چەرمەیان کردە کێشەی سەرەکی ژیانی خۆیان، مەگەر بەسەر لاشەیاندا تێ بپەڕێت! لێرەدا سەرنجێکم هەیەو دەلالەتی خۆیی هەیە، پەرلەمانی میسری لە کاتی گفتوگۆکردن لە بارەی یاسای منداڵەوە لە $1996$دا پێی وابوو کە ماددەی $240$ی یاسای سزادان بەسەر نەشتەرگەری تێکدانی ئەندامی مێینەیشدا جێبەجێ دەبێتو بەسە بۆ حەرامکردنی، نازانم لەسەر تاوانبارکردنی خەتەنەکردن بە یاسایەکی جیاوازو ڕوونو ئاشکراو یەکلاییکەرەوەو ڕاشکاوانە ئەو هەموو ترسە لە دەقێك لە پای چییە؟ ئایا ئەوە چاوەڕاوی هەستوسۆز نییە، لەسەر حسێبی مافە سەرەتاییە بەڵگەنەویستەکانی مرۆڤە؟ نازانم، بێگومان وەڵامەکەیشی لای من نییە.

گرنگترین توێژینەوەی میسری سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان لە گۆشەی بەرپرسیارێتی تاوانکاریو مەدەنییەوە، توێژینەوەکەی (سەلاح مەحموود عەویس)ە کە جێگری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە بوو، دەڵێت: (کۆئەندامی زاووزێی مێینە بە شێوەی سروشتی خۆی نەخۆشی نییە، هۆکارێکی ڕاستەوخۆی نەخۆشییەکی دیاری کراویش نییە،

هەروەها هۆیەکی ڕاستەوخۆی هەست کردن بە ئازارێکی کوشندەیش نییە، دەستکاری کردنی ئەم ئەندامە سروشتییە چارەسەری هیچ نەخۆشییەك ناکات، یا دۆزینەوەی دەردێك بێت، یا سووك کردنی ئازارێك یا نەهێشتنی هەر ئازارێکی لەش بێت، ئەوە کاری نەخۆشخانە نییە، کە پزیشکان چارەسەری نەخۆشی تێیدا دەکەن. بەوە پزیشك بە بریندارکردنی بە ئەنقەست تاوانبار دەبێت، بە پێی ماددەی 241 یا ماددەی 242 یاسای سزادان لێی دەپرسێتەوە، بەوە بەرپرسیارێتی تاوانکاریو مەدەنی پزیشك دیاری دەکرێت، کە بە ڕاستی بەو کارە ڕاگەیشتووە، چونکە هەر خۆی کاری ماددی تاوانەکەی کردووە، بەوەیش بەرپرسیارێتی بەخێوکار یا سەرپەرشتیار بەو پێیەی شەریکی پزیشکن دیاری دەکرێت)، دکتۆر محەمەد فەییازیش پێ لەسەر هەمان مانا دادەگرێتەوەو دەڵێت: (نوژداری چەند ئاکارو مۆڕاڵی هەن، بەرچاوترینیان نەکردنی نەشتەرگەرییەکە گەر سوودێکی لەشساخی تێدا نەبێت، زیان بە بەدەنی مرۆڤ بگەیەنێت، بە هەمان لۆجیك گەر دەرکەوت نەشتەرگەرییەك سوودێکی نووژداری تێدا نییە یا مەترسی هەیە، مەرجە نەکرێت. بەڵکو سوورە لەسەر تاوانبارکردنی ئەو پزیشکەیش کە نەشتەرگەرییەکی ئاوها بکات، بە ڕای من ئەو پزیشکەی بە نەشتەرگەری خەتەنەکردنی کچان ڕازییە، هاوتای ئەو کەسەیە ڕازی بێت بە نەشتەرگەری منداڵ لەباربردن، بە تاوانبارکردنی دووەمیان پێویستە یەکەمیشیان تاوانبار بکرێت.

لایەنگرانی خەتەنەکردن بەرپەرچی ئەو کەسانە دەدەنەوە کە پێیان وایە خەتەنەکردن شایانی سزای یاسایی نییە، چونکە لە خانەی



تەمبێ کردنو پەروەردە کردندایە. وەك باوك بەسەر کچدا جێبەجێی دەکات، (سەلاح عەویس)ی ڕاوێژکار بەم مەنتیقە ڕازی نییەو دەڵێت: ( بەخێوکار مافی لە پارەو سامانی منداڵدا دیاری دەکرێت، بە پێی چەند ڕێنوێنییەکی دیاری کراو دەکەوێتە بەر ڕەفتاری، بەڵام سەبارەت بە کوڕو کچی منداڵ تەنها مافی پەروەردەکردنو خوێندنی هەیە، مافی پەروەردەکردنو تەمبێ کردن بە پێی شەریعەتی ئیسلام لە ڕێنوێنی کردن بەرەو هەڵسوکەوتی ڕاستو نەریتی باشدا پەنهانە، هاندانو گاڵدانی بە لێدانی سووك لەسەر هەڵسوکەوتی نالەبار، ئایا مەنتیقەو دەچێتە عەقڵەوە کچۆڵە لە بەشێکی ئەندامێکی سروشتی خۆی بێ بەش بکرێت؟ کە خودا خەڵقی کردووە، بکەوێتە خانەی تەمبێ کردنو دەرسدادانەوە!!...)، ڕاوێژکار پرسەکانی بەوە پشت قایم دەکات کە چۆن بە پەروەردەکردنی ناودەبەینو زۆربەی ژنانی لەشفرۆش خەتەنەکراون، هەروەها ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە خەتەنەکردنی کچان سیفەتی جوانکاری پێ بدرێت، کە بووەتە بەشێکی نەشتەرگەری پزیشکی مەبەست لێی چارەسەری ئەندامێکە یا ڕاست کردنەوە یا لابردنی بەشێکی زیادەیە، یا بە واتایەکی دیکە هەوڵێکە شێوەی سروشتی خواکرد بە ئەندامێك یا بەشێکی لەش بدرێتەوە، ئەمەیش ئامانجی نەشتەرگەری جوانکارییە، ئایا ئەوە لەگەڵ خەتەنەکردنی کچاندا دەگونجێت؟ ئەوە لە هەموو دیمەنێکدا گۆڕانی شێوەی سروشتی ئەندامی زاووزێی مێینەیە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەتك کردنی لەشی مێینەیە). "ئەحمەد شنەن"ی دادوەری بەناوبانگ لە ڕۆژنامەی (الاخبار)دا گوتارێکی نووسیوەو تێیدا ئاماژەی بەدەورو مافی جێگری

دادوەری گشتی داوە کە هەر کەسێك بەم کارە ڕابگات بیداتە دادگاو، تاوانی خەتەنەکردن بەسەر تاوانەوە گیرانەو، کارمەندانی داداگاو قەزا بۆیان هەیە ئەو کەسانەی کە بەم کارە ڕادەگەنو تێیدا بەشدارن دەستگیریان بکاتو بیانداتە دادگا.

یاسا ناتوانێت بە نووکە قەڵەمێك دابونەیتێکی کۆمەڵایەتی چەسپاوو ڕیشەداکوتراوی وەك خەتەنەکردن بنەبڕ بکات، سەرباری ئەوە پێویست بە ڕوونکردنەوەی زەینو بیرکردنەوەو یەکلایی بوونەوە لە جێبەجێ کردندا هەیە، قایلبوون بەوەی کە ئەم نەریتە وەحشیگەرییە هیچ پێوەندییەکی بە شەرەفو پاکیزەییەوە نییە، دڵنیا بین کە ژن دوژمنمان نییەو بەڵکو شەریكو هاوڕێی ژیانمانە.



## خەتەنەکردن لەڕووی نوژدارییەوە
## خەتەنەکردن پێوەندی ژنومێردایەتی تێك دەدات

ئەو بڕوبیانوەی کە لایەنگرانی خەتەنەکردن دەی هێننەوە، جگە لە وەهم کە لە ئاوەزیاندایە چی دیکە نییە، سیفەتی زانستی بەسەردا دەبڕنو لە کاغەزێکی جوان بە زاراوەی ئەکادیمیەوەی دەپێچن، پێیان وایە ڕاڕەوێکی ئەمینە تا درۆو دەلەسەو خەیاڵو وەنەوزیانی پێدا بپەڕێننەوە، هێشتاکە مەغۆلی فیکری کۆنەپەرستانەو تەتەرەکانی سەدەی ناوەڕاست بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە سوورن لەسەر ئەوەی هەر ڕووکەش سەروەر بێتو نیوەی کۆمەڵگا بە ناوی خەفەکردنی ئارەزووو شەهوەتی سەرکێشییەوە بتۆقێنن، ئەوانە نازانن شەرەف بە خەتەنەکار ڕێك ناخرێت. ئارەزووی یاخی بە بڕینەوەی پارچە چەرمێك یا خوێنبەربوون جڵەو ناکرێت، کۆمەڵگایەك لە خۆی دڵنیا بێتو متمانەی بە خۆی هەبێت، بەو بیانووەی بەوە لە لەڕێ لادان دەیان پارێزێت، مین لە لەشی کچانیدا ناچێنێت. کاتێك ئەو مینە دەتەقێتەوە هەموانو لە پێشەوە خودی کۆمەڵگا دەسووتێنێت.

ئەوەی کە لایەنگرانی خەتەنەکردن باسی دەکەن، جارنامەیەکی سەرنجڕاکێشی لەبارەی پشتێنەی پاکیزەیی وەبیر هێنامەوە کە لە

کتێبی (The Girded Chastity)ی نووسراوی (Ding wall)ەو سەدەی نۆزدەهەم نووسیویە: (لەمەودوا دەستدرێژی کردن نامێنێت، ئامێرێك دڵسۆزی خانمان دەپارێزێت، بە زرێو قفڵو کلیلێکی سادەوە بە 120 فرەنکە، بە زرێو قفڵو کلیلێکی هونەری بە 180 فرەنکە، بە زرێو قفڵو کلیلێکی زیوینەوە بە 320 فرەنکە، .......... حەواڵەیەکی پۆستە بۆ بەڕێز ......... بنێرە، داهێنانێکە هەمووان دەزانن چ سوودێکی هەیە، بەم ئامێرە دەکرێت لە کچەکان دڵنیابین کە دەبنە مایەی شەرمەزاریمان، مێرد دەتوانێت بێ ترس لە لەکەداربوونی شەرەفی، ژنەکەی بە جێ بهێڵێت، بەمجۆرە لەمەودوا ئابڕوو حەیاچوون نامێنێت، بەم ئامێرە باوکان دڵنیا دەبن کە باوکی شەرعی منداڵەکانیانن، ئەمە گەورەترین خزمەت بە ئەخلاق دەکات).

لەو بڕوایەدام ئەوەی کە لایەنگرانی ئەخلاق دەی دەن بە گوێماندا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەم جاڕنامەیەدا نییە، هەمان هزری دواکەوتووانەی جاڕنامەکەی سەدەی نۆزدەهەمە لە بارەی ئەخلاقو چۆنیەتی پاراستنی کە لایەنگرانی خەتەنەکردن هەیانە، پێم وایە گەر بۆیان بکرێت لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانەوە جاڕنامەیەك پەخش بکەن لەم شێوازەی پێشوو جیاوازتر نابێت، بەڵکو هەر زۆر کۆمیدیانەتر دەبێت، پێشنیاری ئەم شێوەیە دەکەم:

(ئەی باوکی لانەواز، ئەخلاقی کچەکەت بەدرێژایی ژیان بە لێدانی نەشتەرێكو مشتێك قاوە دەپارێزیت، ئەو پارچە چەرمە ببڕەو بێ خەم لێی بخەوە). لەم کۆمیدیایە داوای لێبوردن دەکەم، هەڵوێستێکە جگە لە گریان بەرگەی هیچ ناگرێت، بەڵام هێندێ جار پێویستمان بە



کۆمیدیایەکی ڕەشە تا ئەوپەڕی بێ هوودەیی دژ بە عەقڵو ئاوەزمان دەری ببڕین، بێ هوودەییەکی وەك خۆی نەبێت، ڕاڤەی ناکات.

یەکەمین چەمکی هەڵە کە تێڕوانینی کۆمەڵگا هەڵ دەسووڕێنێتو وای لێ دەکات بە خەتەنەکردنی کچان ڕازی بێت، ئەوەیە کە هێندێ کەس بە قسەی سەرپێی ڕەواجی پێ دەدەن، گوایە ئەندامی بڕراو بە خەتەنەکردن دەبێتەمایەی ئاڵۆش بوونی ژن، هەر وەك "عەبدولسەلام ئەلسوکەری" دەڵێ: (ڕادەیەك بۆ دەرچوونی وزەی بە ئاڵۆشی دادەنێت، تا دووچاری هیچ ناشەرعییەك نەبێت) ئەمە هەمان بیروباوەڕی میللییە کە ئامالی کچۆڵە لە ڕاپۆرتە هەواڵێکی گۆڤاری (صباح الخير، 3/11/1994)دا دەڵێ: " کاتێ پاڵیان خستم تکام لە دایکم کردو دەمگوت: دایە بۆ وام لێ دەکەیت؟ ئەمەت هەروا بەلاوە ئاسانە؟ ئەو کاتە تەمەنم یانزە ساڵان بوو، درکم بە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆم دەکرد، هەروەها زۆر کچۆڵەیشم بینی بوون کە خەتەنەکرابوونو ئازارێکی زۆریان چەشت بوو. هەروەك بیرمە دایکم جلەکانی لەبەر داکەندم دەگریاو دەیگوت: (بۆ ئەوەی گەورە ببیتو هەڵ بچیتو خڕوخەپان ببیت)، چاو تێ بڕینی مامە سمایلی خەتەنەکارم لە بیر ناچێت، کە لە لەشمی دەڕوانیو گوێزانی بە دەستەوە بوو، دەی پرسی: (گۆشتتان دەرخوارد داوەو دۆتان پێی داوە یان نا؟) کاتێك دەستی بۆ بردم زۆرم بەلاوە زەحمەتو گران بوو، کە لە دایكو باوكو خوشكو براکانم شاردبووەوە، دواتر کەمێك قاوەو لۆکەی پێوەکردو ئامۆژگاری کردم تا 10 ڕۆژ لە جێگادا هەڵ نەستم، ئەم هەموو ئازارو یەکەمین جاری چوونە حەمام هەمووی ئازارو ژانو عەزاب، بەڵکو ئێستاکە زیاتر

هەستی پێ دەکەم!)، ئامال هاوڕای ئوم سەعدیەی ژنە جوتیاری میسرییە کە دکتۆر مستەفای پزیشکی ژنان لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە خەتەنەکردن بۆمانی دەگێڕێتەوە، کاتێك دەڵێت: (پیاوان پێیان خۆشە ژنەکانیان بە ئاسانی نەورووژێن، چونکە ئەمە بەو مانایەیە کە دەکرێت متمانەی پێ بکرێت، گەر بڵێین ئەوە قسەی ژنە جوتیارێکە ئەوا قبوڵمانە، بەلاّم پزیشکێکی گەورە قسەی وا بکات مایەی سەرسوڕمانو دەمەق بوونە دکتۆر حامد ئەلغەوابی بە داخەوە هەمان مەنتیقی ئوم سەعدییەی هەیەو دەڵێت: پیاوان هەمیشە لە ژنەکانیان گەورەترن، لەوانەیە بیست یا پانزە یا دە ساڵان زیاتر تەمەنیان جیاواز بێت، هەر وەك لە ولاّتەکانماندا باوە، حاڵو باری ئەو پیاوە چۆن دەبێت گەر گەیشتە پەنجا ساڵانو زیاتر، گوڕی تێدا نەماوەو لە جووڵە کەوتووەو هێشتا تەمەنی ژنەکەیشی سی ساڵانە یا کەمترەو ئەندامەکانیشی هەستیارو سەلامەتن، پیاوێك لەو تەمەنەدا چۆن پارێزگاری لە لەشساخی خۆی بکات، ژنێکی هەیەو لە هەرەتی شۆخو شەنگیدایە، ئەمیش لە هەستو خوست کەوتووە، ژنە مەیلی زیاترەو ئەمیش کەم مەیلە، ئەی ئەنجامەکەی چۆن دەبێت؟ ئا لێرەدا پیاو ناچارە بکەوێتە تلیاك کێشان، بەلاّم لەباری یەکەمدا کە ژنە نیواونیو خەتەنەکراوە، هەستی مەعقولەو ژنو مێرد وەك یەکن.)

بێگومان دەمویست یەك ملیۆن نیشانەی سەرسوڕمان بخەمە دوای ئەم قسانە، دەپرسم: ئا ئەمە قسەو مەنتیقە؟ لەگەڵ مندا سەرنج نادەن، قسەکان زیاتر هەر بە لای پیاودایەو چۆن بەختەوەرو کامەران بێتو ماندوو نەبێتو لە کەڵیو نێری خۆی دڵنیا بێت؟! هەستو سۆزو



عاتیفەی ژن لە کۆتایی لیستەکەدایە، سا ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە نەیشسڕرابێتەوە! ئایا چارەسەری ئەم کێشەیە کە دکتۆر ئەلغەوابی باسی دەکات، بە بڕینەوە یا بچوك کردنەوەی دیاردەی تۆقێنەری جیاوازی تەمەنی نێوان ژنو مێرد یا ئەوەتا ژن بچێتە ژێر باری گرانی هەموو شتێك؟! ئایا پیاو ڕازییە بە خەساندنی خۆی چارەسەری کێشەکە بکات؟ با وای دابنێین جیاوازی لە تەمەندا هەیە، دەبێ لەوە تێ بگەین کە سێکس هەر لە چەمکی بەرتەسکی میکانیکیدا گیری نەخواردووە، ڕەهەندی مرۆڤایەتیو هەستی قوڵو بەرفراوانتری لەم پێشبڕکێیەدا هەیە، کە لایەنگرانی خەتەنەکردن لە نێوان کەڵی پیاوو ئالۆشی ژندا بە بیریاندا دێتو بەلایانەوە مارێکی بە فیشکەفیشکەو لە فیشکە ناکەوێت، بە داخەوە ئەوە خەیاڵێکی نەخۆشە کە پێی وایە ژن هەمیشە کچێکە لە کچانی پۆرنۆ.

لایەنگرانی خەتەنەکردن هەوڵ نادەن لەو ڕاستییە پزیشکییە تێ بگەن، کە دەڵێت: مێشکی مرۆڤ ئەندامی سێکسیی ژمارە یەکە، ئەندامە سێکسییەکان جگە لە جێبەجێکاری فرمانی ئەم مایسترۆیە هیچی دیکە نین، مێشك سەرچاوەو بزوێنەری ئارەزووی سێکسییە، هەر بۆیە بە بڕینی قیتکە ئارەزووی سێکسی بنەبڕ نابێتو شەهوەتیشی پێ خەفە نابێت، هەر وەك کۆمەڵەی خۆشەویستانی خەتەنەکردن پێیان وایە، گەر بمانەوێ ئەم شەهوەتو ئارەزووە هەر ئەوەندەیە کە فرمانێکی ڕوونو ڕاشکاوی پزیشکی جێبەجێ بکەین کە بڕینەوەی مێشکەو سەرچاوەی ئەم شەڕانگێزیو تاوانەیە!! لە ڕاستیدا کچەی داماو بە خەتەنەکردن ئارەزووی ناکوژرێت، بەڵکو تێر نابێت، بە واتایەکی دیکە

کۆمەڵگا هەروەك ئاژەڵێك مامەڵەی لە تەکدا دەکات، برسی دەکاتو لە خواردن بێ بەشی دەکات، کاتێك خواردنی لە پێش دادەنێت، تەنها ڕێی دەدات بۆنی بکاتو قوتی نەدات!! ئەوە لە وێنەیەکی بالآیدا ئازاردانو زووخاوێکی بە تۆپزییە، سەرکوت کردنیشە هەروەك لە زیندانی نازیو فاشیستەکاندا بێت.

سەرباری ڕاستی پێچەوانەی چەمکی پێشوو، ئەوەی پێوەندی ژنو مێردایەتی کاری تێ دەکرێت، زۆربەی خەڵکی لە ئەنجامی نائامادەییو ساختەبوونی ئاوەزو ڕووحیەوە سوار شەپۆلی دەروێشی دەبنو بە دەنگ ئەو داوایەوە دەچن کە دژ بەم چەمکەیەو دەڵێت: ڕێژەی ئەو ژنانەی کە خەتەنەکراونو لە پێوەندی هاوسەرییاندا سستو ساردن دەگاتە (54٪)، هۆی ئەمەیش هەر بۆ برینەوەی شوێنە هەستیارە پێویستەکانی کارلێکی سێکسی دەگەڕێتەوە. گومانی تێدا نییە کە ساردو سڕی ژن لە دیداری سێکسیدا چەندین کێشەی لێ دەکەوێتەوە، یەکەمیان بەردەوام نەبوونی هاوکاری سێکسی نێوان ژنو مێردە، ئەمەیش دەبێتە مایەی هەوکردنی درێژخایەنی حەوزو ئازارو دەردراوو گرژی دەروونیو زۆرجاریش لەناو خێزاندا کێشەی توندی لێ دەکەوێتەوە[53]، لەوانەیە بە جیابوونەوەیان کۆتایی بێت، هەروەها

[53] ڕۆژنامەی هاولاَتی، ژمارە (384)ی چوار شەممە ڕێکەوتی 2ی کانوونی دووەمی 2008، بڕوانە لاپەڕە 11: لە شەش مانگی ڕابردوودا 424 حاڵەتی جیابوونەوەی ژنو مێرد هەبووە، کە هۆکاری بەشێکیان لاوازی سێکسی بووە. هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارەی(68) ڕێکەوتی سێشەممەی 8ی ئایاری 2007، لاپەڕەی 16: لە چەمچەماڵ



هۆیەکی گرنگی بڵاوبوونەوەی تلیاك کێشانیشە لەناو پیاواندا کە پێیان وایە بەوە چارەسەری کێشەکە دەکەن. "دکتۆر ماهر مەهران" لەبارەی کاریگەری خەتەنەکردن لەسەر پیاو دەڵێت: (بێگومان کێشەی دەروونیو سێکسی کە لە خەتەنەکردنەوە سەرهەڵدەدەن، ڕەنگدانەوەی لەسەر پیاویش دەبێت، دەرکەوتووە کە (10٪)ی پیاوان بە دەست لاوازی سێکسی یا زوو ئاوهاتنەوەوە گرفتارن، هەروەها (18٪)ی پیاوان تلیاك کێشن، (3٪)یش بۆ چارەسەری کێشەی سێکسیو خێزانی دەروونی ژنی دیکە دەهێنن). (خانمە دکتۆر سوهام عەبدولسەلام) پێ لەسەر هەمان واتا دادەگرێتەوەو دەڵێت: (لە حاڵەتی تێکشکانی دووبارەی سێکسیدا لەوانەیە هێندێ خانم دووچاری خەمۆکی ببن یا پاڵ بە هێندێکیانەوە بنێت، بێ بەهانە تووڕەو تۆسنو شەڕانگێز بێت، کەسێك بێت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە شێوەیەکی ڕاستو ڕێك پەروەردە نەبووبێتو لەڕێ لابداتو بەدوای زیاد لە پیاوێکدا بگەڕێت، تا لەڕووی سێکسییەوە تێر بێت، کە لێی بێ بەشە.)

کۆمەڵگا وا بەخەیاڵیدا دێت، تۆوی چاکەو باشە دەچێنێت، دووچاری شۆك دەبێتو خۆی دەبینێتەوە دروێنەی خیانەتو ناپاکی دەکات، "دکتۆر سامی ئەلزیب" کاتێك لە بارەی توێژینەوەکەی خانمە دکتۆر (Somas-Kosso)ی سیرالیۆن نووسی بووی: (لەبارەی ئەو مانایەوە پێمان دەڵێت کە ئەنجامەکەی: لاوازی بەدەنگەوەچوونی سێکسییە تا

خەتەنەکردنی کچان بەردەوامە، پیاوێك: خەتەنەکردن کوشتنەو بوو بە هۆی جیابوونەوەم لە هاوسەرەکەم.

ڕادەی ئـارەزوو نـەکردنی ژیـان، کاتێـك دەبینێـت مێردەکـەی هەسـتو سۆزێکی بەرانبەری نابێتو تـەنها لەبەرئـەوەی کـە ساردو سڕە ڕوو لـە ژنی دیکە دەکات، ئەو خانمە دکتۆرە کە چاوی بـە پـەنجا ژن کـەوتووە پێش خەتەنەکردنیان سێکسیان کردبوو، دەرکەوت کە هیچ کامیان بـەو چێژە نەگەیشت بوون کە پێش خەتەنەکردنیان پێی گەیشت بوون، ئەو خانمانـە بـێ ئاگـابوون لـەوە کـە خەتەنـەکردن بـەو دەردەی بـردوون، هێنـدێکیان هـەوڵیان دابـوو، بـەدووی مێردێکـی نموونەییـدا بگـەڕێنو چـەند شـوویان کردبـوو، کـە بـووە مایـەی مـاڵوێرانیو لـە دەسـتدانی هاوسەرەکانیان، بـەمجۆرە دەبیـنین خەتەنـەکردنی ژنـان لـەبری ئـەوەی هۆکارێکی ڕێگـرتن بێـت لـە پێوەنـدی سێکسـی بـەدەر لـە هاوسـەرێتی، ئەنجامی پێچەوانەی هەبووە.)

مایەی سەرسوڕمانە، هێندێ کەس لەوانەیش کە هەڵگری بڕوانامەی بەرزنو زانـان هـەمان قـەوانی کۆن بـە گوێمانـدا دەدەنـەوە، کـە چـەند عـەرەبێك لـە کۆنـدا گوتوویانـە، ئەمـەیش لەبـەر نـەزانییان بـووە لـە زانسـتی فسیۆلۆجیاو توێکـارزانی، دەبیـنین هـەروەك "جـاحیز"[54] لـە کتێبی گیانەوەردا گوتوویە: (قیتکە چێژو ئـارەزوو کـەم دەکاتـەوە، بـە پێچەوانەی ئەوانەوە کە خەتەنـەکراون... "جـەنابی کوڕی خەشخاشـی

[54] جا حیز : ئە بو عو سما نی کو ڕ ی عو مە ر کو ڕ ی مە حبو بی کە تا نی بەسری ( 169-255 کۆچی )، نووسەرێکی گەورەی سەردەمی عەبباسییەکانە، لە بەسرا لە دایکبووەو هەر لەو شارەیشدا کۆچی دوایی کردووە. (ئینسایکلۆپیدیای ویکیپیدیا )



قازی[55]" گوتوویە: لە تاقـە گوندێکـدا ژنـانی خەتەنـەکراوو داوێنپیسـی ژماردوون، سەرنجی داوە کە ژنە داوێنپاکەکان بەزۆری ئەوانە بـوون کـە خەتەنەکرابوونو داوێنپیسەکانیش ئەوانە بوون کە خەتەنە نـەکرابوو، ژنانی هیندو فارسو ڕۆم بە گشتی بەدووی پیاوانـەوە بـوونو داوێنتـەڕ بـوون، چونکە زۆر مـەیلیان بـەلای پیاوانـە بـووە، هـەر بۆیـە لـە هینـد ماڵیان بـۆ جیـا کراوەتـەوە، دەڵێن: ئـەوە هـیچ دەردێـك نییـە، جگـە لـە هـەبوونی قیتکـە.) بێگومـان هـیچ قسـەیەکمان نییـە، ئـەوە قسـەی سەرپێیەو خوا لە گونـاهی خاوەنەکـەی خـۆش بێـت، چـەندین سـەدەیە نووسراوەتەوە، لە کاتێکدا زانست زۆر ئـامڕازی بەرنامەسازی نـەبووەو وەڵامدانەوەیشی هەر زۆر سادەیە.

هـەر وەك پێشـتر گوتمـان، ئـەو پاکیزەییـەی کـە (جـاحیز) باسـی لێوەدەکـات، خەتەنـەکردن نایخوڵقێنێـت، شەڕواڵپیسـیو بەدڕەوشـتیو زینـاکردنو هەڵسـوکەوتو ئـارەزووی سـەرەڕۆیانە، لەبەرئـەوەی کـە ژنـەکانی خەتەنـەکراون، لـە کۆمـەڵگادا بڵاونابێتـەوە، بـەڵکو کۆمـەڵگا نیشانەی چـەندین کـەموکوڕی ئـابووریو کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو ...ی تێدایە، بەو هۆیانەوە ژنان دەکەونە لەشفرۆشی یا بۆ پـارە پـەیداکردنـە یـا نارەزایـەتی دەربڕینـە یـا بەدڕەوشـتی بووەتـە کـارێکی ئاسـاییو نەبێزراوی کۆمەڵگا، نەك لەبەرئەوەی ژنان پارچـە چـەرمێکی زیادەیـان پێوە بێت!!

[55] جەنابی کوڕی خەشخاشی قازی: لە ئینتەرنێتدا زۆر بەدوای ئەم ناوەوە گەڕام، بەڵام هیچم لێهەڵنەکڕاند.

خەڵكی ئەم ڕەوتەی لایەنگرانی خەتەنەكردن هەمان قسەی ئیبن تەیمیە لە فیقهی ژنانو پاكیزەیی دەجوونەوە، كە دەڵێت: (جۆرێ جنێو هەیە (یا بن الغلفاو) (الغلفاو: ئەو پارچە چەرمەیە وا بەسەر قیتكەوە)، بیانوویشی ئەوەیە ئەو ژنانە زیاتر مەیلیان بەلای پیاوانەوەیە، هەر بۆیە ژنانی تەتەرو فەرەنگی بە پێچەوانەی ژنانی موسڵمانەوە زۆربەیان قەحبەن)، "ئیبن ئەلقەیمی ئەلجوزیە" پێ لەسەر هەمان واتا دادەگرێتەوە كاتێك بڕوبیانوو بۆ خەتەنەكردن دەهێنێتەوە، بەوەی كە ئارەزووی ژن ڕێك دەخات، دەڵێت: (كە ئارەزوو لە تامی دەركرد، ئەوا مرۆڤ دەبێتە چوارپێ، گەر هەر نەیش بێ ئەوا بێ گیانە، خەتەنەكردن ڕێكی دەخات. هەر بۆیە دەبینین ژنێك

[56] ئیبن تەیمیە (661-728ی كۆچی): ئەبو عەبباسی كوڕی ئەحمەد كوڕی عەبدولحەلیم كوڕی عەبدولسەلام كوڕی عەبدوڵلا كوڕی تەیمییەی حەڕانی (حەڕان شارێكی كوردستانی باكورە) بە ڕەگەز كوردەو لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لەگەڵ باوكیدا لە ترسی تەتەرەكان ڕووی كردووەتە دیمەشق، چەندین نووسراوی هەن، زۆربەی بزووتنەوە ئسوڵیە ئیسلامییەكانی ئەم سەردەمە پشت بە بیروبۆچوونەكانی ئەو دەبەستن. (ئینسایكلۆپیدیای ویكیپیدیا)

[57] ئیبن ئەلقەیمی ئەلجوزیە (1292-1394): عەبدوڵلای كوڕی شەمسەدینی كوڕی محەمەد كوڕی ئەبوبەكری ئەیوب كوڕی سەعد كوڕی خدری كوڕی مەكی زەیدەدینی زەرعی كوردییە، زانایەكی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی سەدەی هەژدەهەمە، قوتابی ئیبن تەیمییەیە، لەدیمەشق لە دایك و باوكێكی كورد لە دایك بووە. (ئینسایكلۆپیدیای ویكیپیدیا)



خەتەنە نەكرابێت تێر نابێتو كلۆكۆی ئارەزووی دانامركێتەوە!!!! "ئەلباجی" لە كتێبی (المنتقی)دا قسەی یەكێك لە فوقەهامان بۆ دەگێڕێتەوە: (كەسێك گەر كەنیزەكی كڕین با خەتەنەی بكات، گەر ویستی بەندی بكات، گەر بۆ فرۆشتنی بوو، ئەوا لەسەری نییە، خەتەنەی بكات) پوختەی مانای ترسناك ئەوەیە گەر ویستت جڵەوو لغاوی كەنیزەك بكەیت، ئەوا خەتەنەی بكە، هەر وەك قەمتەر لە دەمی ئاژەڵ بنێیت).

چەند بیانووی كۆمیدی هەن، ئەوانەی كە دەیڵێنەوە بەرگی زانستی بە بەردا دەبڕن تا بە ژێر كەوانی سەركەتنی كۆمەڵایەتیدا بیپەڕێننەوە! لەو بڕوبیانووە پووچانە: گەرما كار دەكاتە سەر خانمانی ڕۆژئاواو هەستیاری سێكسییان زیاد دەكات، بۆ نموونە "دكتۆر عەبدولڕەحمان ئەلعەدەوی" مامۆستای ئەزهەر نووسیویە: (كچانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات كە زۆربەی ڕۆژەكانی ساڵ پلەی گەرمای تێدا بەرزە، گەر خەتەنە نەكرێن، ئەوا لەو گەرمایەدا دەكەونە ئالۆشو حەیاو شەرمی لا كەم دەبێتەوە...)ئەم قسەیە سەرباری زانست پێچەوانەی مەنتیقیشە، وا دانراوە ئەو دەوڵەتانەی گەرمەسێرن دەوڵەتانی نەفرەت لێكراون بە ئارەزوو جۆش خواردووەوە كەسێك نییە لە دنیادا پلەی

[58] ئیناسیكلۆپیدیای ویكیپیدیا بەمجۆرەی ناساندووە: سلێمان كوڕی خەلەف كوڕی سەعد كوڕی ئەیوب كوڕی وارسی ئەندەلوسییە، ساڵی 403 ی كۆچی لە شاری باجە تونس لەدایكبووەو ساڵی 474 كۆچی دوایی كردووە، ژمارەیەكی زۆری نوسین لەدوای بەجێماوە.

گەرمی کە دەزگاکانی کەشناسی ڕای دەگەیەنن بە سێکسەوە ببەستێت، دووەم بیانوویش لێکخشاندنی جلوبەرگ مرۆڤ دەورووژێنێت. ئەمە قسەیەکی هەر زۆر سەیرو سەمەرەیە، پیاو کە ئەندامێکی زۆر گەورەتر لەو پارچە چەرمەی ژنی هەیە هەر لە بنەڕەتیشەوە شاردراویشەتەوە، گەر تیۆری لێك خشاندنی جلوبەرگی بەسەردا جێبەجێ بکەین، ئەوا کارەساتێکی ئەخلاقی دەقەومێت‌و تەواوی کۆمەڵگا ڕادەماڵێت، بیانوویەکی هاوشێوە ئەوەیە کە خەتەنەکردنی خانمان لە وروژاندنی هۆکارە قەرەباڵغەکانی هاتوچۆ دەپارێزێت، هەر وەك "جادئەلحەق"ی شێخی کۆچکردووی ئەزهەر دەڵێ: (ئەو کچەی خەتەنە نەکرابێت هەر لە منداڵی‌و هەرزەکارییەوە وا گەورە دەبێ تووڕەو تۆسن بێت، ئەوە مەسەلەیەکە لەوانەیە لەوەی ئەم سەردەمە پێی گەیشتووین بۆمانی بخاتە بەرچاو هەر لە پێکداچوون‌و تێکەڵبوونی نێوان ژن‌و پیاو لە بوارە نزیك‌و ئاپۆڕەکاندا کە لە کەس شارراوە نییە). لەو بڕوایەدام ئەم جۆرە قسانە بە تەواوی پیاوانیان لە بیرکردووەو هەر وەك فریشتە مامەڵەیان دەکات. سەرباری ئەوەی وەك باسمان کرد بیانووی زۆر زیاتریان هەیە بۆ خەتەنەکردنی کچانی دەهێننەوە، بۆ نموونە ئایا دەچێتە عەقڵەوە بکەوینە خەساندن تا لە هۆکارەکانی هاتوچۆدا ئەوە نەقەومێت؟ ئایا دەکرێت بە پێی ئەم تیۆرە خەتەنەکردن تەنها بەسەر ژنە فەرمانبەرەکان‌و بە تایبەتی ئەوانەی کە سواری پاس دەبن جێبەجێ بکەین؟!!!! بیانوویەکی دیکە هی (ئەبو ئالای جەمەل)ە لە کتێبی (نهایە البیان)دا باسی کردووە: (ئێمە ئەی برایان لە سەردەمێکدا دەژین، ماددە بەسەریدا زاڵەو بە زۆر شێوەی فسق‌و فجوری ژنانی



ڕووت‌وقوتی هۆڵی سینەماو شانۆو هۆکارە تێکدەرەکانی ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت... ئایا بە ڤیتکەی تەواوە لەبەردەم هەر وروژاندنێکی سادەدا وازی لێ دەهێنرێت، تا بەرەو فەوتان‌و ڕێی شەیتانی ببات؟ چی ڕوودەدات گەر کچەکەت خەتەنەنەکرابوو و تەلەفزیۆنی کردەوەو فلیمێکی وروژێنەری کەوتە بەرچاو؟ ئەو کچە داماوە چی دەکات!!) بە فیعلی ئەو داماوە بەمجۆرە هزرو بیرانەی ئاوەزی کۆمەڵگای داگیرکردووین کە ترس‌و دڵەڕاوکێ‌و وازوازو فۆبیای لەش جڵەوی گشت هەڵسوکەوتێکی کردووە، کەسانێك هەن لە ڕاڤەی بێزراوو لاف‌و گەزاف لێدەری خۆی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە خەتەنە نەکردن هۆی زەرد هەڵگەڕان‌و باریك‌و بنێسی‌و نەخوێندنیەتی لە قوتابخانەدا!! کەسانێك هەن لە تامیان دەرکردووەو گەیاندوویانەتە ئەوەی کە سەفەرکردنی باوك بۆ دەوڵەتانی کەنداو بکەنە بیانوو هەر وەك ئەبو ئالا لە کتێبەکەی پێشوودا باسی کردووە: (بە پێی ئامار نزیکەی پێنج ملیۆن میسری لە سەرتاسەری جیهاندا کاردەکەن، لانی کەم نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە ژن‌و منداڵیان بەجێ هێشتووە، ئاساییە هەر یەکێك لەوانە پاش یەك ساڵ دەگەڕێتەوە، خوداتان بێ ژنێك ماوەی یەك ساڵی ڕەبەق مێردەکەی لێ دوور بێت، دەبێت چی بکات؟ بێگومان ژنێك گەر خەتەنە کرابێت ئەوەندە بە ئالۆش نابێت، ماڵ‌و منداڵ‌و مێردەکەی خۆی دەپارێزێت!)

دەپرسم ئەم بۆچوونە نەخۆشە چییە، کە پێی وایە ژنەکانمان ئاژەڵن‌و برسی سێکسن؟ ئەوانە چۆن لە ڕوویان هەڵدێت بڵێن ڕێزی ژن دەگرین‌و سووکایەتی پێ ناکەین؟ بەلایانەوە گەوهەری پارێزراوو

مرواری شارراوەیە، ئەوانە بەمجۆرەی وەسف دەکەنو مۆری ئەم شەرمو عەیبو عارەیش بە ناوچەوانییەوە دەنێنن. مایەی سەرسوڕمانە کە داوێن پاکییان تەنها بۆ ژنان گەرەکەو پیاوانیان لێ دەرهاویشتووە، بیریان چووە زۆربەی ئەو ژنانەی لە قەحبەخانەکاندا دەستگیر دەکرێن خەتەنەکراونو ڕێی لەشفرۆشیشی لێ نەگرتوون!! با گوێ لەم دایکە میسرییە بگرین کە بۆ ڕۆژنامەی (الشعب/18/11/1994)دەدوێت:

(لای ئێمە خەتەنەکردن لە گونددا نەریتێکەو بە شەرەفی کچەوە بەستراوەو دەستەبەری عەقڵو ئاوەزی دەکات، مەسەلەکە لە کەسوکاری تێپەڕاندووە، دایك کە خەتەنەی کچەکەی نەکاتو لەناو ژنانی گونددا ڕای بگەیەنێت زۆرباش دەزانێت کە تۆمەتی داوێنپیسی دەدەنە پاڵ کچەکەی، لەوانەیشە کەس نەچێتە خوازبێنی، چونکە بەلای ئەوانەوە کەسێکی سووكو بێ ئابڕووە، مەسەلەکە چ پێوەندییەکی بە ئایینەوە نییە، ئەوە دابێکی بەهێزەو خۆم زاتی ئەوە ناکەم کچەکانم خەتەنە نەکەم، خەڵکی قاهیرە دەتوانن نەیکەن، بەڵام لای ئێمە نابێت کچ خەتەنە نەکرێت، بەوە ئابڕووی دەشکێت، منیش پێویستە بیانپۆشم)!!

لەو بیانووە پووچانەی کە پێیان وایە زانستییە، باس لە زیانە تەندروستیەکەی دەکات کە زانست دەستنیشانی کردوون، هەگبەی خەتەنەکردن زۆری لە بەڵاو نەهامەتیو کارەساتی تەندروستی تێدایە کە بە خوێنبەربوون دەست پێ دەکاتو بە مردن کۆتایی دێت، هێندێ جار خوێنبەربوونەکە سووکەو بە قاوەو خۆڵەمێشو تۆزی ئاردەدارو شتی دیکە خوێنی پێ دەگیرسێتەوەو دەبێتە هۆی هەوکردن، هێندێ جاریش خوێنبەربوونەکەی توندە کە خوێنبەری ناو قیتکەی تێدا



بریندار دەبێت، شۆکی توندی دەروونی زیانێکی دیکەی تەندروستییە کە پێویست دەکات کچە بەرەو نەخۆشخانە ببرێت، لەو ڕووداوە ئاساییانەی لە کاتی خەتەنەکردندا ڕوو دەدەن قۆڵ بادانی کچەو جلەو نەکردنی دەشێت نەشتەرەکە ئەندامێکی دیکەی وەك میزەڕۆ یا کۆمی یا ... بریندار بکات. چەند حاڵەت تۆمار کراون کە بە ڕانەگرتنی میزو پیسایی کۆتاییان پێ هاتووە، ئای لەو زاڵمیو وەحشییەتە بەهۆی پەستانی زۆر خستنە سەر ئێسکی کچەی بێ تاوان ئێسکی چەڵەمەی سنگی تێدا شکاوە، کێشەکانی میزکردنیش پاش خەتەنەکردن هەر نابڕێنەوە، ترس لە میزکردن بەسەر برینەکەدا دەشێ ببێتەمایەی میزگیرانو هەوکردنی بە بەکتریا، سەرباری هەوکردنی میزەڵدانو هێلکەدانو جۆگەی فالوپ[59] و دواتر ببێتە هۆی نەزۆکی. "دکتۆر سامی ئەلزیب" دەڵێ: (25٪ی حاڵەتی نەزۆکی لە وڵاتی سودان بەهۆی خەتەنەکردنەوەن، سەرباری ئازاری جێگەی زامی خەتەنەکردنەکەی، کاتێك سارێژ دەبێتو لەگەڵ لیمفەشانەدا یەك دەگرێتەوە کە نەرمیو جیری نەماوە[60]، بۆ کاتی منداڵبوون هەر زۆر پێویستن. دەشێت

---

[59] فالوپ: ئەو جۆگەیەیە کە هێلکەدان بەمنداڵدانی ژن دەگەیەنێت، 12 سم درێژەو لەوێوە هێلکە دەگاتە ناو منداڵدانو هەر لەوێدا بە سپێرمی پیاو دەپیتێنرێت، زانای ئیتالی (گابریل فالیپۆ) دۆزیویەتییەوە.

[60] لە ناوچەکانی گەرمیان، دوای بڕینەوەی هەردوو لچی بچوكو قیتکە، بە مەبەستی سارێژ بوون جێ برینەکە دەسووتێنن، ژن لە کاتی منداڵبوونو جووتبووندا بە هۆی ئەو سووتاندنەوە ئازاری زۆری پێ دەگات، خودا وا ئەو ئەندامانەی زاووزێی خوڵقاندووە کە

ببێتـەهۆی کارەسـاتو زۆر بەزەحمـەت سـەری کۆرپـەی لێـوە بێتـەدەرو هەوکردنی گلاندی (بارسۆلین)[61] و سەختی سوڕی مانگانەی بێ نوێـژی، بەهۆی فاکتەری دەروونییـەوەو لـە ئـەنجامی شۆك یـا ئۆرگـانی بـەهۆی هەوکردن یا سووربوونەوەو....

دێینە سەر باسی ترسناکترین زیانی لەشساخیو کارەساتی جـەرگبڕو سەرچاوەی بەلاّو نەگبەتی کە مردنە، کاتێـك لـەپڕ لەشـی کچۆڵە سـارد دەبێتەوە، دوای ئەوەی کە ماڵی پڕ لە دەنگەدەنگ کردبـوو، ئـەو کەسـە کاتێك ماڵئاوایی لە ژیان دەکات کـە دەسـتەودامێنی دایکـی بـوو، کاتێـك بـەهۆی نەزانییـەوە گیـانی لەدەسـت دەدات، بـە بـێ هـۆ چـەقۆی دواکـەوتوویی دەخرێتـە سـەر گـەردنی، لـەو هـەموو هـەواڵی گیـان لەدەسـتدانە بـەهۆی خەتەنەکردنـەوە، ئـەم هەواڵـەی ڕۆژنامـەی (الاهـرام/16ی ئۆکتـۆبری 1996) دەگێڕینـەوە: (دادگـای ئـەرمنت لـە شاری قەننا فرمانی دەستگیرکردنی پزیشکی شارۆچکەی (الچبعیه)ی دا تا بکەوێتە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا کە لە یـەك ڕۆژدا بـووە مایـەی مردنـی دوو کچۆڵە، پاش ئەوەی لـە مـاڵی هـەر یەکەیانـدا خەتەنـەی کردبـوون، هەردووکیان خوێنیان لەبەرچووبوو، بووە مایەی مردنی هەر دووکیـان،

توانی کشان گەورەبوونو درێژبوونیان هەبێت، بەو سوتاندنو برینە ئەو جیرِیو نەرمییـەی نابیت تا بکشێتو گەورە ببێت بەوە ژن دەگەیەنێتە شەرای مەرگ.

[61] گلاندی بارسۆلین: دوو ڕژێنەو دەکەوێتە بەشی خواروی لای ڕاستو چـەپی دەرچـەی زێی مێینەوەو لە کاتی ئۆرگازمدا چەند دلۆپ شلەیەکی لێ دەڕژێت، یاریـدەی تـەڕبوونی ناوپۆشی زێ دەدات.



ئەو دوو کچە ناویـان (ئـەمیرە مـەحموود حەسـەن (چـوار ساڵان) وەردە حەسـەن ئەلسـەید (سـێ سـاڵان) بـوون. بـاوکی هـەر یەکـەیان لەگـەڵ دکتۆرەکـە ڕێـك کـەوتبوون کـە نـاوی (عـزت شـلبی سـلیمان )ە، بـە دە پاوەند خەتەنـەی هـەر یەکـەیان بکـات.) هەواڵەکـە کۆتـایی هـات، بـەڵام گاڵتەجاڕییەکە کۆتایی نەهاتووەو هێشتا هەر بەردەوامە، بـە دە پاوەنـد کچەکانمان دەخەینە بەر دەسـتی عزرائیـل[62] . هـەر بـەو بـڕە پارەیـە لـە بـازاڕی جەڵەبچـێتیو کۆیلەیەتیـدا دەیانفرۆشـین، تـا ڕەنگـی سـوورو گەشیان ببێتە کاسەسەرێك، لەشیان کە هێشتا خونچەیەکەو چاوشـارکێ لەگەڵ خۆر دەکات، ببێتە تەرم. جلی بەریان ببێتە کفنیانو خەنـدەیان بکەینە شیوەنو واوەیلاو لانکیان ببێتە گۆڕ. چڵەگوڵی یاسـەمین ببێتـە پارچەیەکی وشكو برینگی کاڵەکە دڕنـە (سـوبێر). زۆر بەسادەیی کـچ دەبێتە ژمارەیەکی بڕوانامەی مردن، هەر زوو عـەیبو عـاری دەخەینـە ژێرگڵ.

## ئیسلامو خەتەنەکردن

[62] عزرائیل لە ئایینی ئیسلامدا فریشـتەی مەرگـە، لـە قورئانـدا نـاوی نـەبراوەو بەشـێکی بیروباوەڕی ئیسلامی پێك دەهێنێت.

**له قورئان‌و فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ردا به‌ هیچ جۆرێك باسی خه‌ته‌نه‌كردنی كچان نه‌كراوه‌.**[63]

[63] زانایانی ئیسلام له‌م باره‌وه‌ دوو ڕای جیاوازیان هه‌یه‌، هه‌یانه‌ پێیان وایه‌ ئه‌و فه‌رموودانه‌ی باسی خه‌ته‌نه‌كردن ده‌كه‌ن متمانه‌یان پێ ناكرێت واته‌ سه‌حیح نین، هه‌یشیانه‌ هه‌روه‌ك باوكی حارس له‌ گوتارێكدا له‌ ڕۆژنامه‌ی هاوڵاتی ژماره‌ (454)ی 3ی ئه‌یلولی 2008 به‌ ناونیشانی (ئیسلام دژی جاهلیه‌ت‌و دواكه‌وتنی بێ بڕواكانه‌، پێی وایه‌ خه‌ته‌نه‌كردن فیتره‌ته‌و فه‌رمووده‌ی (خمس من الفكره الختان و الاستحداد و نتف الابک و تقلیم الاڤافر و قص الشارب) و هه‌روه‌ها پێی وایه‌ خه‌ته‌نه‌كردن فه‌رزه‌و دروشمی ئیسلامه‌ (كاتێك كافرێك بوو به‌ موسڵمان، پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (د.خ) فه‌رمانی پێ كرد خه‌ته‌نه‌ بكات، ئه‌مه‌ بۆ نێرینه‌. به‌ ڕای نووسه‌ر هه‌ر وه‌ك پێغه‌مبه‌ر فه‌رموویه‌تی (انما النساو شقائق الرجال) هه‌ر بۆیه‌ ئه‌وه‌ی بۆ پیاوه‌ بۆ ژنیش گونجاوه‌، مه‌گه‌ر به‌ڵگه‌یه‌ك هه‌بێت لێكیان جیا بكاته‌وه‌، بۆ به‌ڵگه‌ی ئه‌مه‌ دوو فه‌رمووده‌ی هێناوه‌ته‌وه‌، (اڙا التقی الختانان فقد وجب الغسل) و (اڙا خفڤت فاشمی و لا تنهكی، فانه اسری للوجه و احڤی للزوج). به‌ پێی مه‌زهه‌بی شافیعی بۆ كوڕو كچ واجیبه‌. هه‌روه‌ها دكتۆر محه‌مه‌د لوتفی ئه‌لسه‌باغ مامۆستای دیراساتی ئیسلامی له‌ زانكۆی ریاز له‌ كتێبه‌كه‌ی (الحكم الشرعی فی ختان الڙكور و الاناپ، منڤمه الصحه العالمیه، مكتب الاقلیمی لشرق المتوسگ، سلسله التپقیف الصحی من خلال تعالیم الدین، السلسه الپامنه، 1995، ص14) پێی وایه‌ نه‌ داواكراوه‌و نه‌ ئه‌رك‌و فرمانێكه‌و نه‌ سوننه‌تیشه‌.. ئه‌مه‌ ڕای زۆربه‌ی زانایانی ئیسلامه‌، چونكه‌ هیچ فه‌رمووده‌یه‌كی پێغه‌مبه‌ر (د.خ) یان له‌م باره‌وه‌ بۆ ساغ نه‌بووه‌ته‌وه‌.

هه‌روه‌ها بروانه‌ ماڵپه‌ڕی القرچاوی (یوسف القرچاوی، الحكم الشرعی فی ختان البنات، نوفمبر 2006) نووسه‌ر ده‌ڵێت: ئه‌و كه‌سانه‌ی پێڕه‌وانی میلله‌تی حه‌زره‌تی ئیبراهیم



( الرحمن الرحیم) دوو ناوی خودای گه‌وره‌ن، به‌ مانای به‌خشه‌رو به‌خشێنه‌رو به‌زه‌یی‌و دلۆڤان، ئایین خۆی ڕه‌حمه‌ت‌و ئۆقره‌گرتن‌و دڵنیایی‌و كه‌رامه‌ت‌و ڕێزو مرۆڤایه‌تییه‌، بێگومان خه‌ته‌نه‌كردن دژ به‌ ئایینی پیرۆزی ئیسلامه‌، چونكه‌ كارێكی شه‌ڕانگێزی‌و بێ به‌زه‌ییانه‌یه‌، دڵنیایی تێدا نییه‌، كه‌سێك ئه‌مه‌ كاری بێت، هیچ به‌زه‌ییه‌ك له‌ دڵیدا نییه‌. كچانمان هه‌ستی دڵنیایی‌و خاترجه‌مییان نامێنێت، كه‌رامه‌تیان تێك ده‌شكێت‌و سووك ده‌كرێن. چونكه‌ ئه‌و كه‌سانه‌ی فرمان به‌م كرده‌وه‌یه‌ ده‌كه‌ن‌و بانگه‌شه‌ی بۆ ده‌كه‌ن دژ به‌ مرۆڤایه‌تین.

پێش ئه‌وه‌ی له‌ ڕووی ئایینه‌وه‌ بكه‌وینه‌ تاووتوێ كردنی خه‌ته‌نه‌كردن‌و پشت به‌ستن به‌ پیاوانی ئایینی‌و بیرمه‌ندانی ئیسلامی

(سلاوی خودای له‌سه‌ر بێت) به‌ به‌ڵگه‌ ده‌هێننه‌وه‌، كه‌ خه‌ته‌نه‌كردنی كردووه‌ته‌ واجب، (پم اوحینا الیك ان اتبع مله ابراهیم جنیفا و ما كان من المشركین) (پاشان به‌ تۆمان ڕاگه‌یاند كه‌: په‌یڕه‌وی ئایینی ئیبراهیمی به‌ره‌و حه‌ق چووگ به‌، ئه‌و وێڕای ئه‌وانه‌ نه‌بوو كه‌ شه‌ریك بۆ خوا داده‌نێن) سوره‌تی ئه‌لنه‌حل، ئایه‌تی 123، ئه‌مه‌ به‌ڵگه‌ی خه‌ته‌نه‌كردنی نێرینه‌یه‌و هیچ ئاماژه‌یه‌كی بۆ خه‌ته‌نه‌كردنی كچانی تێدا نییه‌.

زانكۆی ئه‌زهه‌ری میسر ساڵانی 1949و 1951و 1981 چه‌ندین فتوایان ده‌ركردووه‌و لایه‌نگیری خه‌ته‌نه‌كردن بوون، به‌ڵام مانگی مارتی 1985زانایه‌كی ئیسلامی به‌رچاوو ڕاگری كۆلێجی شه‌ریعه‌تی ئیسلامی زانكۆی ئه‌زهه‌ر خه‌ته‌نه‌كردنی له‌ شه‌ریعه‌تی ئیسلامی جیاكردووه‌ته‌وه‌. بڕوانه‌ ئه‌م به‌ستره‌: (htm.241690/6/2007/Health/ElaphWeb/com.elaph.www//:http)

که واقیع لەبەرچاو دەگرنو گوتاری ئایینی نویٚ دەکەنەوە. تکام وایە هەموان قورئانی پیرۆز بخوێننەوە کە لە هیچ ئایەتێکیدا باسی خەتەنەکردنی نەکردووە[64]، بۆ ئەوەی شارەزای فەلسەفەی مامەڵەکردنی قورئان بە لەشی مرۆڤەوەو ڕێزو حورمەت لێنانی بین، لەشی مرۆڤ کە خودای گەورە ڕێزی لیٚ ناوە، پیرۆزە. با پێکەوە ئەم چەند ئایەتە پیرۆزە بخوێنینەوە:

⋆(**خلق کل شیو فقدرە تقدیرا**) سورەتی فورقان ئایەتی دووەم (هەموو شتی لە ڕادەی خۆی دروست کردو ئەندازەی گرت[65]).

⋆(افحسبتم انما خلقناکم عبپا) سورەتی موئمنون ئایەتی 115 (ئاخۆ پێتان وابوو بە گەمە دروستن کردوون).

⋆(فگرە الله التی فگر الناس علیها لا تبدیل لخلق الله) سورەتی ڕۆم ئایەتی 30 (لە سروشتدا خوا ئەو خەڵکەی هەر بۆ یەکتاپەرستی وەدی هێناوە، کاری خواش گۆڕانی بەسەردا نایە).

⋆(الڒی احسن کل شیو خلقە) سورەتی سوجدە ئایەتی حەوتەم (ئەو کەسێکە هەموو شتی- بەوپەڕی ڕێکیو لەباری- دروست کردو...).

⋆(لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم) سورەتی تین ئایەتی چوارەم (ئێمە مرۆن لە ڕێکترین شێوەدا وەدی هێناوە).

---

[64] بڕوانە: ماڵپەڕی: القرچاوی (یوسف القرچاوی، الحکم الشرعی فی ختان البنات، نوفمبر 2006) اولا: دلیل القران الکریم.

[65] وەرگێڕانی دەقی ئایەتەکان لە قورئانەکەی هەژارەوە وەرگیراون.



) سورەتی قەمەر ئایەتی چلونۆ (ئێمە هەموو بوونەوەرمان بە ئەندازە ئەفراندووە).

"دکتۆر محەمەد سەلیم ئەلعەوا"ی بیرمەندی ئیسلامی لە ڕۆژنامەی (الشعب/18/11/1994) لە گوتارێکدا سەبارەت بە دوا ئایەت نووسیویە: (قورئانی پیرۆز بڕینی هێندیٚ ئەندام ئەگەرچی لە گیانەوەریش بێت، بە یاخی بوون داناوە. بەڵکو ئەوەیە کە شەیتان بەڵێنی داوە لە سورەتی ئەنعامدا بەنی ئادەم بە لاڕێدا بەرێتو فریویان بدات بە گۆڕینی خوڵقێنراوانی خودا بەراوردیان بکات، خەتەنەکردن بەمجۆرەی لە میسرو چەند وڵاتی جیهاندا دەکرێت خوڵقێنراوی خودای تێدا دەگۆڕێتو کەسێك چەند ئەندامی پارێزراوو دوور لە تاوانو گوناھ (معصوم) ببڕێت کە ناشاردرێتەوە، گەر ئەوە لە گیانەوەردا بیٚ ئەوە لە گومڕایی شەیتانە، سا چۆن دەبێت گەر بەرانبەری مرۆڤ بکرێت؟! "شێخ عەبدولڕەحمان ئەلنەجاڕ" هەر لەو بارەوە دەڵێت: (کچۆڵەیەك کە دایكو باوکی دەیانەوێت خەتەنە بکرێت، گەر توانای هەبێت قسان بکات، ئەوا بە ڕوویاندا هاوار دەکات: وازم لیٚ بهێنن، ئازارم مەدەن، ئیسلام نەهی لە ئازار کردووە، پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: (کەسێك ئازاری موسڵمان بدات ئەوا ئازاری منی داوە، کەسێکیش ئازاری منی دابێت، ئەوا ئازاری خودا دەدات)، دەست بۆ سروشتی مێینەی من مەبەن، کە خودا وای خوڵقاندووم زیان بە دەروونو کۆمەڵایەتی من مەگەیەنن. خودای گەورە دەفەرموێت:(**لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم**) (ئێمە مرۆن لە ڕێکترین شێوەدا وەدی هێناوە) ئەمە بانگەوازی ئەو سروشتە

زگماکەیە کە خودا منی لەسەر خوڵقاندووە. "دکتۆر نەوال ئەلسەعداوی"لە گەوهەری ئایینەوە ئەوەی وەرگرتووە کە یاریدەی داوە ڕای خۆی لە بارەی خەتەنەکردنەوە بنیات بنێت، بە هەمان ئەو واتایەی کە هەر دوو بیرمەندی ئیسلامی پێشتر پێی گەیشتوون، ئەگەرچی دەربڕینەکانیان جیاوازیش بن. ئەو خانمە لە کتێبی (ژنو ململانێی دەروونی)دا دەڵێت: (ئایین بە مانا گشتییەکەی ڕاستگۆییو یەکسانیو دادپەروەریو خۆشەویستیو لەشساخی هەموو خەڵکە بە ژنو پیاوەوە، ناشێت ئایینێك هەبێت داوای نەخۆشیو تێکدانی لەشی کچو بڕینی ڤیتکەیان بکات، گەر ئایین لە خوداوەوەیە، ئیدی چۆن دەکرێت فرمان بە بڕینی ئەندامێکی لەش بدات، کە خوا خوڵقاندوویە، وا دانراوە کە خودا هەر لە خۆوە ئەندامەکانی نەخوڵقاندوون، ناشێت خودا ڤیتکە لە لەشی ژندا بخوڵقێنێتو دواتر ئایینێك بۆ خەڵکی بێتە خوارو فەرمانیان پێ بدات ئەو ڤیتکەیە ببڕن، ئەوە دژ بە یەکەو ناگونجێت خودای گەورەو بالاَ تێی کەوت بێت، گەر خودا ڤیتکەی وەك ئەندامێکی هەستیاری سێکس خوڵقاندووە، تاقە فرمانی سەرەکیشی هەست کردنە بە چێژی سێکسی، مانای وایە ئەو ژنە لە چێژی سێکسی مەحروم دەبێتو لە بەشێکی تەندروستیی دەروونیش بێ بەش دەکرێت، ناکرێت تەندروستی دەروونی ژن بە بێ تەواوبوونی چێژی سێکسی تەواو ببێت)، بەمجۆرە لە هەست کردنمانو زانینمان لە مەبەستی تەواوەتی ئایینو تێگەیشتنی ڕۆشنکەرەوەمان لە فەلسەفەی قورئان، دەتوانین تەواو دڵنیا بین کە خەتەنەکردن دژ بە ئایینو قورئانیشە، هەروەها دژ بە ڕێساکانی شەریعەتیشە کە حوکمی



ئیجتیهادیش دەکاتو "دکتۆر شەوقی ئەلفنجەری" لە کتێبەکەیدا بەم چەند خاڵە کورتی کردووەتەوە:

★ نابێ هیچ تەشریعێك یا بنەمایەکی شەرعی لە فەرموودەیەکی لاواز وەربگیرێت، چونکە مانای فەرموودەکە لاوازە یا درۆی هەڵبەستراوە یا بۆ مەبەستێك گوتراوە.

★ گەر زانای پزیشکیو زانای ئایینی لەبارەی کێشەیەکی زانستی یا پزیشکییەوە ڕایان جیاواز بوو، ئەوا ڕای پزیشك بە هەند وەردەگیرێت، چونکە ئەو زیاتر شارەزای پسپۆڕی خۆیەتی.

★ ڕێسای(لا چرر و لا چرار)واتە نە زیان نە زیان پێ گەیاندنیش، ڕێسایەکی شەریعەتە، مانای ئەوەیە هەر مەسەلەیەك بە زیانی موسڵمان بشکێتەوە بە پێی ڕای زانایان، ئەوا یاسادانەر لەسەریەتی دەستبەرداری ببێتو وازی لێ بهێنێت.

دوای ئەوە دێینە سەر سوننەت کە لایەنگرانی خەتەنەکردنو ئەوانەی کە بەرگری لێ دەکەن وەك قەوالەیەکی بەردەستو بەڵگەیەکی بەهێز پشتی پێ دەبەستن، لەڕێی پووچکردنەوەی ئەو فەرموودانەی کە پشتیان پێی بەستووە لە لایەن زانایانی ئایینی ئیسلامییەوە بەرپەرچیان دەدەینەوە[66]. لە ڕاستیدا ئەوەی کە بەرگری لێ دەکەن هەر هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی خۆیانە بەرانبەر بە ژنو پەیوەست بوونیانە بە دابونەریتی ساختەوە، نەك بەرگری لە گەوهەری ئایین

[66] **بروانە: ماڵپەڕی القرچاوی (یوسف القرچاوی، الحکم الشرعی فی ختان البنات، نوفمبر 2006)، لە بەشی (دلیل السنه النبویه).**

بکـەن. ئەمــەیش دەســەلمێنین، پــێش ئــەوەی بکەوینــە تــاووتوێی فەرموودەکانو ئاشکرا کردنـی ڕاسـتو دروسـتییان، بـە پرسـیارێکی زۆر سادەی عـەقڵ دەست پـێ دەکـەین: ئایـا پێغەمبـەر (د.خ) کچانی خۆی خەتەنەکردوون؟ گەر وەڵامەکەی بەڵێ بوو ئەوا هەق بەلای لایەنگرانی خەتەنەکردنەوەیــەو بەڵگەکــەیش دوورخەرەوەیــە، بــەڵام مایــەی سەرسوڕمانە کـە پێغەمبـەر (د.خ) کچـانی خـۆی خەتەنـە نـەکردوون، ئەوە پرسیارێکی هەر زۆر سادەیەو لایـەنگرانی خەتەنـەکردن سـەرباری ئاسانیو بەڵگەنەویستییەکەی هـەر بیریشیان لێ نەکردووەتـەوە، "شـێخ عەبدولڕەحمان ئەلنەجار" لە کتێبی (موقف الاسلام)دا وەڵامـی ئـەوەی داوەتــەوە: (پێغەمبــەر (د.خ) چــوار کچــی هــەبوون، لــە ژیاننامەکەیـدا نەهاتووە کە خەتەنە کرابن) پێم باش بوو پێش چوونە نـاو وردەکاری فەرموودەکانەوە باسی ئەوە بکەمو بڵێم کە ژیاننامەی پێغەمبـەر (د.خ) لایـەنگری منـەو دەکەوێتـە نـاو دەریـای قـووڵی مشتومڕەوە، پێغەمبـەر (د.خ) بــە خــودی ژییاننامــەی پــڕ گــوڵاوی لــەو هــەوڵو زەحمەتــەی کـردووین، باسـی ئـەو فەرموودانـە دەکـەین کـە پشـتیان پـێی بەسـتووە، دواتر لە واقیعی ئیجتیهاداتی زانایانی ئـایینی ڕوونـاکبیرەوە دەکەوینـە وەڵام دانەوەی.

1ـ فـەرموودەی یەکـەم **(الختــان سـنه للرجـال و مکرمــه للنسـاو)** خەتەنــەکردن بــۆ پیــاوان ســونەتەو بــۆ ژنــانیش ڕێزلێنانــە، ئــەم



فەرموودەیە لە زمـانی (حـەجاجی کـوڕی ئورتەئـە[67])ەوە گێڕراوەتـەوە، (ئەلقورتوبی[68]و ئـیبن ئەلحەجـەر[69]) دەڵـێن: ئەلحـەجاج لـەو کەسـانەن متمانەیان پێ ناکرێت.

2ـ فەرموودەی دووەم کە بە چەندین شێواز گێڕراوەتەوە، لەوانە**(اڑا التقـی او مـس او جـاوز الختـان فقـد وجـب الغسـل)**. واتـە گـەر شـوێنی خەتەنەکراو بەر یەك کەوتن، ئەوا خۆشـتن واجبـە، مەبەسـت لـە کـاتی جووت بوونی ژنو مێردە، مانای وایە کە ژن وەك پیاو خەتەنەکراوە.

---

67 **حەجاجی کوری ئورتەئە: کوری سەور کوری هوبەیر کوری ئەلنەخەعییەی کوفییە، یەکێکە لەوانەی فەرموودەی پێغەمبەریان گێڕاوەتەوە، بەڵام هێندێ جار خاوەنی (ارسال و تدلیس)( ارسال: گێڕانەوەی فەرموودەیە لە زمانی چەند کەسێکەوە، بەڵام ناچێتەوە سەر ئەو کەسەی فەرموودەکەی ڕاستەوخۆ لە زمانی پێغەمبەر (د.خ)ەوە بیستوویەتی، هەروەها (تدلیس: حەجاج هێندێ جار فەرموودەکانی لە زمانی کەسانێکەوە وەرگرتووە، تەنها ناوی بردووەو باسی شۆرەتی نەکردووە کە پێی ناسراوە. ساڵی 145کۆچی لە رەی کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: تهڑیب التهڑیب، ابن حجر العسقلانی، ج1،ص 660، گبعە 1، دار الکتب العلمیە، بیروت، 2004)**

68 **ئەلقورتوبی: ئەبوعەبدوڵڵای کوڕی ممحەمەد کوڕی ئەبوبەکری خەزرەجی ئەندەلوسـییە، لە قورتوبەی ئەندەلوس (ئیسپانیا ) لەدایکبووەو لەو شـارە خوێندوویـەتی سـاڵی ٦٧١ لـە میسر کۆچی دوایی کردووە.**

69 **ئیبنولحەجەر: شیهابەدین کوڕی ئەحمەد کوڕی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی عەلی کوڕی مەحموود کوڕی ئەحمەدی حەجەری شافیعی عەسقەلانییە. خـەڵکی فەلەسـتینەو لـە میسـر لەدایکبووە، ساڵی ٨٥٢ك کۆچی دوایی کردووە.**

3ـ فـەرموودەی سـێیەم لـە گشـتیان بـە شـۆرەترەو لایـەنگرانی خەتەنـەکردن هەمیشـە وا لەسـەر زاریانـەو لـە بـارەی ژنێکەوەیـە کەنیزەکی خەتەنەکردوون، گێڕانـەوەی یەکـەم نـاوی ژنـە ناهێنێت، یا ناوی ئوم عەتییە، ئوم ئەیمەن، ئوم تەیبـە دەهێنێت، دووەم گێڕرانـەوە ناوی ئەم حەبیبەو ئوم حەبیب براوە، لـە (سـنن بـن داوود) دا هـاتووە: ژنێـك لـە مەدینـە خـەریکی خەتەنـەکردن بـوو، پێغەمبـەر (د.خ) فەرمووی **(لا تنهکی)** واتە دەست دامـەگرەو زێـدەڕۆیی مەکـە، ئـەوە بـۆ ژن باشترو بە کـەڵکترەو مێـردیش پێـی خۆشـترە، "ابـو داود" لـە بەشـی پێنجـەمی سـوننەکانیدا لـەو بـارەوە گوتوویـە: (ئەوەنـدە بـەهێز نییـەو نێردراوەو"محەمـەدی کـوڕی حەسسـانی مـەجهول" گێڕراویەتیـەوەو فەرموودەیـەکی لاوازە، گێڕانـەوەی دووەم لـە زمـانی "ئەنەسـی کـوڕی

---

[70] بڕوانـەپـەراوێزی پێشـتر، ئـەم فـەرمووده لاوازه محەمـەد کـوڕی سـەعیدی مەسـلوب گێڕاویەتییـەوە، بـەو تاوانـەی زەندیقـە (زەنـدیق یـا هرگقـە بـە ئینگلیـزی (HERETIC) زاراوەیەکە بە سەر چەندین حاڵەتدا دابـڕاوە، بـۆ یەکـەم جـار موسـڵمانان بـە پێڕەوانـی ئایینەکانی مـانۆیی‌و بتپەرسـتان‌و فاڵچـیانیان گوتـووە، دواتـر بەوانەیشـیان گوتـووە کـە بانگەشەی پێغەمبەرایەتییان کردووە، کەسانێك هەن بەوانەیشیان گوتووە لە ئایینی ئیسـلام هەڵ گەڕاونەتەوە. مێژوونوسان پێیان وایە ئەم زاراوەیە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا سەری هەڵ داوە.) 400 فەرموودەی بە ناوی پێغەمبەرەوە نووسیون، تا موسڵمانانی پێ لە خشـتە ببات. مەنسور لە خاچی داوە.



مالیك"وەیە دەڵێت:**(قال رسول الله لام عگیە اژا خفچت فاشمی و لا تنهکی فانە اسری للوجە و احڤی عند الزوج)**، "ابن داود" لە بـارەی ئـەم فـەرموودەوە گوتوویـە: فـەرموودەی خەتەنـەکردنی کچـان لـە زۆر ڕووەوە گێڕراوەتـەوەو گشـتیان لاوازو ناتـەواون‌و ناکرێـت پشـتیان پـێ ببەسترێت، گێڕانەوەیەکی دیکەی بە ناوبانگ هەیەو بە گێڕانەوەی ئوم حەبیبـە ناسـراوەو لـە میسـردا بـە زۆری لەسـەر زارانـە، "شـێخ جـاد ئەلحەق" ساڵی 1994 لە فتواکەیدا باسـی کـردووە، بـەڵام ئامـاژەی بـە سەرچـاوەکەی نـەداوە، ئـەو کاتـەی لـە فـەتوا سـەیرەکەیدا گوتوویـە: (وازهێنان لە خەتەنەکردن، پێویسـت دەکـات لەگـەڵ ئەوانـەدا بکەویتـە شـەڕ کـە خەتەنـە ناکـەن!) هـەروەها "دکتـۆر حامـد ئەلغـەوابی" لـە کتێبەکەی (خەتەنەکردنی کچان)دا باسـی کـردووە، دەگێڕنـەوە کـە ئـوم حەبیبە لە ناو ئەو ژنانەدا بوو کە کۆچیان کردبوو، بەوە ناسرا بوو کـە خەتەنەی کەنیزەکی دەکرد، کاتێك پێغەمبەری خودا (د.خ) چاوی پێـی کەوت پێی گـوت: (ئـەرێ ئـوم حەبیبـە، ئـەوەی کـە لـە دەسـتت دەهـات، ئەمرۆیش هـەر پێتـان دەکرێـت؟ گـوتی: بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خـودا، مەگەر حەرام بێت‌و لە منی حەرام بکەیت، پێغەمبەر (د.خ) فـەرمووی:

---

[71] ئەنەسی کوڕی مالیك: ئەنەسی کوڕی مـالیکی کـوڕی نـەزری خـەزرەجی ئەنسـارییە، یەکێك لە یاوەرانی پێغەمبەر بووە.

[72] ئیبن دواد: ئەبوبەکر محەمەد کوڕی داود کوڕی عەلی زاهـیری (255- 297کۆچـی)، زانایەکی لێهاتووی فەرموودە بووە، ئەدیب‌و شاعیر بووە، لە بەغداد ژیاوە، چەندین کتێبی لە پاش بەجێ ماون.

بەڵكو ئەوە حەلاڵەو لێم نزيك بەرەوە تا فێرتی بكەم، لێی چووە پێش، فەرمووی: ئوم حەبيبە، گەر ئەو كارەت كرد، چەوت بەكاری مەهێنە؟ ئەوە بۆ ڕوخسار گەشترەو بۆ پياويش مايەی بەختەوەرييە).

باسی ئەو فەرموودانەمان كرد كە باسی خەتەنە دەكەن، قسەی زانايانی فەرموودەو فيقهيی كۆنيشمان لە بارەيانەوە گێڕايەوە، بەڵام فەيلەسوفانو فوقەهای ئيسلامی ئەم سەردەمەمان لە بارەی ئەو فەرموودانەوە چی دەڵێن؟

"سەليم ئەلعەوا" سەبارەت بە فەرموودەی يەكەم دەڵێت: دەقێكی لاوازەو هيچ بەڵگەيەكی تێدا نييە، هەر ئەو كەسەی كە گێڕاويەتييەوە نەی سەلماندووە. چۆن حوكمێكی شەرعی لێ وەردەگيرێت؟ بەوەی كە مەسەلەيەكی ديارى كراوی سوننەتەو لە موكەرەماتە، يا لانی كەم مايەی ڕەزامەندیو پێ خۆش بوون بێت. پێ خۆشبوونيش حوكمێكی شەرعييەو هەر بەڵگەی ڕاستو دروست دەسەلمێندرێت، فەرموودەی بەركەوتنی شوێنی دوو خەتەنەيش (واتە جووت بوونی ژنو مێردی خەتەنەكراو) ئەلعەوا لەو بارەوە دەڵێت: (ئەم فەرموودەيە بەڵگەيەكی ڕاستی لەسەر نييە، لێرەدا واژەكە لە بابی ناونانی دوو شتەوە هاتووە بە ناوی ئەوەيان كە زۆر بە شۆرەترە، يا بەناوی يەكێكيانەوە بەمەبەستی زاڵكردنی بەسەر ئەوی ديكەياندا نموونەی وا لە زمانی عەرەبيدا زۆرن، لەوانە: (العمران) ئەبوبەكرو عومەر، (القمران) خۆرو مانگ، (العشاوان) بانگی ئێوارەو خەوتنان، ... واژەی (الختانين) دەلالەتی ڕەوايی بوونی خەتەنەكردنی كچان ناگەيەنێت، فەرموودەكە



نەك لە بنەڕەتەوە بۆ خەتەنەكردن، بەڵكو بۆ پێويستی خۆشتن گونجاوە).

دوا فەرموودە لە هەموويان زياتر لەسەر زارە، بەرپەرچی هەر وەزيرێكی تەندروستی پێ دەدرێتەوە كە زات بنێتەبەر خۆیو خەتەنەكردن قەدەغە بكات، لێی دەخوێنن بەوەی لە ئايين گومڕا بووە، دەكەوێتە پاشەكشەو، (ئەلعەوا) لەو بارەوە دەڵێت: " فەرموودەكەی ئوم ئەلعەتييە بە گشت شێوازەكانييەوە خێرێكی لێ هەڵ ناوەرێتو بەڵگەيەكی وای نييە سوودێكی هەبێت، گەر وای دابنێين ڕاستو دروستە، ئەوا ڕێنوێنييەكەيشی فەرمانێكمان پێ ناكات، پێويست بكات كچانمان خەتەنە بكەين، بەڵكو دەستنيشانی چۆنيەتی خەتەنەكردنی تێدايە گەر بكرێت). هەوڵ دەدەم لە مەبەستەكەی دكتۆر ئەلعەوا تێ بگەين، گەر فەرمانم بە نەخۆشێك كرد ڕۆژانە تەنها دوو جگەرە بكێشێت، لەبری ئەوەی دوو پاكەت بكێشێت، ئەوە بەو مانايە نييە كە داوا بكەم جگەرە بكێشرێت؟ يا ئەوەتا دەمەوێ لەگەڵ دابێكی باوی كۆمەڵگادا هەڵ بكەينو وردەوردە سوكی بكەين؟!!!

ئەنوەر محەمەد لەم بارەوە لە كتێبی (بيروباوەڕی زانايانی ئايين)دا دەڵێت: (هەر كەس تەگبير بەم فەرموودەيە دەكات كە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (د.خ)، دەشێ وا بێت بە بيريدا كە پێغەمبەر (د.خ) نەی ويستووە نەريتێكی ڕيشەداری ناو دەروونيان بنەبڕ بكات، ويستوويەتی لە ڕادە دەرچوونی سووك بكاتەوەو زيانەكانيشی كەم بكاتەوە، قسەكردنيشی لەگەڵ ئەو ژنە خەتەنەكارە بەو ڕێنوێنييە بەخشندەييانەو بە بەزەييانە بووە)، فەرموودەكەی ئوم حەبيبەيش بە

لای دکتۆر ئەلعەواوە هەر درۆیەو لەو بارەوە دەڵێت: (ئەم فەرموودەیە لە کتێبی سوننەتدا نییە، بەڵکو هەر بنەمایەکیشی نییە). (ئیمام شەلتوت) لە فتواکانی ساڵی 1959دا لە بارەی ئەو فەرموودانەوە دەڵێت: (لە خستنەڕووی هەموو ئەو فەرموودانەی باسی خەتەنەکردن دەکەن، گەیشتووینەتە ئەوەی کە بەڵگەیەکی لەسەر سوننەتی فیقهی سەرباری بوونی فیقهی تێدا نابینرێتەوە، ئەنجامێکە پێشتر چەندین زانا پێی گەیشتوون، گوتوویە: (خەتەنەکردن هەواڵێکی تێدا نییە بگەڕێینەوە سەری‌و سوننەتێکیش نییە پێڕەوی لێ بکەین). وشەی سوننەت کە لە چەندین ڕیوایەتدا هاتووە مانای وا بووە گەر شێوازی باوی ئەو سەردەمە لە ناو قەومێکدا ڕاست بوو بێت، وشەکە بە مانای فیقهی بە زمانی پێغەمبەردا نەهاتووە کە دواتر پێی ناسراوە، هەر ئەوەیە کە حوکمی شەرع ملکەچی دەقێکی دەماودەم هاتوو نابێت، بەڵکو لە نێرو مێیشدا ملکەچی ڕێسایەکی شەرعی گشتییە، ئەویش ئەوەیە کە لەڕووی شەرعەوە نابێت زیندوو ئازار بدرێت، مەگەر بەرژەوەندییەك لەوەدا هەبێت. بەو ئازارەوە کە پێی دەگات بژی.

هەروەها "شێخ سەید سابق" هەمان واتا دەسەلمێنێت‌و دەڵێت: (نابێت مێینە خەتەنە بکرێت، نەکردنیش نابێتە گوناح‌و تاوان، لە کتێبی خوداو سوننەتەکانی پێغەمبەر (د.خ)دا شتێك باس نەکراوە بیسەلمێنێت‌و فەرمانی لەسەر درابێت، هەر شتێك بە ناوی پێغەمبەری خوداوە لەو بارەوە هات بێت لاوازەو ڕاست‌و دروست نییە، تا پشتی پێ ببەسترێت، ئەرك‌و فرمان کاتێك خراوەتە ئەستۆ، گەر لە ئایەتێکی قورئان یا لە فەرموودەیەکی ڕاست بە بەڵگەو سەرچاوەکەی یا بە کۆی



دەنگی ئیمامەکان فەرمانی پێ کرابێت، ئەوە مەسەلەیەکە لە هیچ ئایەت‌و فەرموودەیەکی ڕاست باسی نەکراوەو زانایانیش بەگشتی لەسەری هاوڕانین).

"شێخ مەحموود خدر" ساڵی 1997 لەبەرپەرچدانەوەی شێخ جادئەلحەقدا دەڵێت: (قسەی پێغەمبەر بەو ژنە خەتەنەکارە: گەر کارێکی وات کردووە، بەڵگەی وایە مەسەلەکە لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی قێزەونەو وا باشترە لێی دوور بکەوینەوە). بەڵام فتواکەی "شێخ سەید تەنتاوی" لە بەرپەرچدانەوەی داواکەی وەزیری تەندروستی پێشوو "عەلی عەبدولفەتاح ساڵی 1994 لەبارەی خەتەنەکردنی کچانەوە دەڵێت: (فەرموودەیەك لەم بارەوە نییە کە پشتی پێ ببەسترێت، بەڵکو نووسراوی توێژەرەوانی زانایان بە لاوازی دادەنێن... ئیمام ئەلشوکانی تەواوی فەرموودەکانی لە کتێبەکەی (نیل الاوگان)باسکردووە، بەلایانەوە گشتیان لاوازن.

نووسەری کتێبی (عون المعبود فی شرح سنن ابی داود) دوای ئەوەی باسی ئەو فەرموودانەی کردوون، سەبارەت بە خەتەنەکردن دەڵێت: (فەرموودەی خەتەنەکردنی ژنان بە زۆر شێوە هاتووەو گشتیان لاوازن‌و کەموکوڕن‌و ڕاست نین‌و پشتیان پێ نابەسترێت)، لە کۆتایی فتواکەیدا دەڵێت: (سەبارەت بە ژنان، دەقێکی شەرعی نییە پشتی پێ ببەسترێت، تا خەتەنە بکرێن، ئەوەی هەیە دابونەریتەو لە میسردا نەوە لە دوای نەوە بڵاوبووەتەوە، بەڵگەی دابونەریت بوون‌و نەبوونی دەقێکی شەرعی داوامان لێ بکات کچان خەتەنە بکەین، دەبینین زۆربەی دەوڵەتانی ئیسلامی پڕن لە زانایانی فوقەهاو دەستبەرداری

خەتەنەکردنی ژنان بوون، لەوانە دەوڵەتی سعودیەو کەنداوو یەمەن، هەروەها عێراق[شمبی]و سوریاو ڕۆژهەلاتی ئەردەنو فەلەستینو لیبیاو جەزائیرو مەغریبو تونسو ...). دکتۆر سەید ڕەزوق ئەلتەویل ڕاگری ئەو کاتەی کولێجی توێژینەوەی ئیسلامی هاوڕایەو دکتۆر تەنتاویش لایەنگریەتیو فتواکەی جادولحەقیان ڕەت کردووەتەوەو دەڵێت: (سەرم لە قسەکانی سوڕماوە بەکەوتنە شەڕی گوندێك کە پێملی خەتەنەکردن نین، مانای وایە لەسەرمانە بکەوینە شەڕی هەموو جیهان جگە لە میسرو سودان)!!

زانایانی غەیرە میسری کە لە کێشەکەی (شێخ عەبدولغەففار مەنسور)ی ڕاوێژکاری فیقهی ئیسلامی لە مەککەی پیرۆز لە توێژینەوەکیدا کە لە کۆنگرەی دانیشتوان لە قاهیرە پێشکەشی کرد ڕای خۆی دەربڕیو گوتی: (ئێمە لە مەککەدا نەریتی خەتەنەکردن لەناوماندا نییە، نە پێش لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)و نە لە دوای ڕاگەیاندنی پەیامەکەیشی، پێغەمبەر (د.خ) خۆیشی کچەکانی خەتەنە نەکردوون، تا ئەمڕۆیش نەریتی خەتەنەکردن لە مەککەدا هەر نییە).

[73] **خەتەنەکردن لە کۆمەڵگای کوردەواری دا هەیەو زۆر بلاویشە، هەروەك ڕێکخراوی وادی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆكو تاوچەکانی گەرمیان چەندین تیمیان پێکهێناوەو بە ئامار بلاویان کردووەتەوە. پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە.**



دوای ئەو بیروڕا ئایینییەی زانایانو بیرمەندانی پایەبەرزانی پیاوانی ئایینی ئەم سەردەمە گشتیان خەتەنەکردنیان ڕیسوا کردووە[شمبی]،

74 **ماڵپەڕی (اهل القران) فتوایەکی دکتۆر ئەحمەد سوبحی ئەلمەنسور زانای ئیسلامی ئەزهەرو حاڵی حازر نیشتەجێی ئەمریکای سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان بلاوکردووەتەوە، ئەمە دەقەکەیەتی:**

**کێشەی خەتەنەکردن دوای فتواکەی شێخ جاد ئەلحەقی شێخی ئەزهەر ساڵی لە ساڵی 1997دا هەرای نایەوە، کە ئەو کاتە گوتبووی واجیبە بکرێت، ئەو ولاتەیش کە پێی ڕازی نابێت، پێویستە جاڕی شەڕ کردن لە دژی ڕابگەیەنرێت...**

**ئایا فتوایەکی ڕۆشنکەرەوە هەیە کە لایەنگری بیت، بەوەی کە خەتەنەکردن لە ئیسلامدا نییە؟**

**بەڵێ، فتواکەی شێخ مەحموود ئەلشەلتوتی نوێکەرەوەی ئیسلامی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، سەبارەت بە خەتەنەکردن لە کتێبی (الفتاوی)دا دەڵێت: خەتەنەکردن لە سەرەتای مێژووەوە هەیەو کۆنە، چەندین گێرانەوەی هەنو بیروڕای جیا جیا دەردەبڕن، پێمان وایە حوکمی شەرعی خەتەنەکردن ملکەچی دەقێکی لەبەر نووسراو نییە، بەڵکو لە نێرو مێدا ملکەچی ڕێسایەکی گشتییە، کە ئازاردانی زیندوو کارێکی شەرعی نییە، مەگەر بەرژوەندیی لەوەدا هەبێت، زیاتر بێت لەو ئازارەی کە پێی دەگات.**

**خەتەنەکردنی نێر سوودی لە ئازارەکەی زیاترەو، ناو ئەو چەرمە شوێنێکی بە پیتە بۆ ئەو دەردراوانەی کە بۆگەن دەکەن، بەکتریای لێ هەڵدێت، نەخۆشی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە، لێرەوەیە کە خەتەنەکردن بۆ خۆپاراستنی ژیانی مرۆڤە. بەلام خەتەنەکردنی کچان خۆپاراستن نییە، هەن دەڵێن خەتەنەکردنی کچان چ پێوەندییەکی بە بە ئالۆشیو لاوازبوونی سێکسییەوە هەیە، هەر بۆیە خەتەنەکردن بۆ پاراستنی عەرزو نامووسو**

ئایا لەگەڵ مندا سەرسام نین، بۆچی ئەم دابە دڕندانەیە کەڵبەی خۆی لە گەردنی کۆمەڵگای میسری گیرکردووە تا خوێنی بمژێت؟! بۆچی فیکری هەرچیو پەرچیو ئاژاوەچی زاڵە بەسەر خێزانو کۆمەڵگادا کە پێی وایە کچانمان مایەی شەرمو شوورەیینو پێویستە سەرکوت بکرێنو خەفەکردنیان چاکەو فەزیلەتە، بڕینیشی فەریزەیەو فرمێسکی درۆیەو ئازاریشی فریوێکە؟؟ وەڵامەمان دەوێت، بەوەی کۆمەڵگا بچێتە بەردەم ئاوێنەو ڕاشکاوانەو لێبڕاوانە لە چرچو لۆچییەکانی بڕوانێت، ددان بەوەدا بنێت کە دەبێت کچ بخرێتە ناو گلێنەی چاو، لەبری ئەوەی چەقۆی لێ هەڵ بکێشینو برینداری بکەینو لە هەستو سۆزی دابڕینو

---

شەرەفە... بەڵام غەریزەی سێکسی لە گوڕو تین یا لاوازبوونیدا بە خەتەنەکردنی کچان یا نەکردنی نابێت، بەڵکو بۆ ڕژێنو بەدەنو گوڕو تینو چالاکیو سستیو خلیسکانە بۆ ئەوەی کە نەکرێت، کە بەزۆری بەسەر خەتەنەکراواندا دێن.

دەردەکەوێت خەتەنەکردنی کچان هیچ هۆکارێکی نییەو لە ڕووی شەرعو بونیادو پزیشکییەوە نەسەپێندراوە. واتە خەتەنەکردن لە ئیسلامدا نییە، بەڵکو مەسەلەیەکەو پەیوەستە بە ڕای نوژداریو شارەزایانەوە. هەروەکو شێخ ئەلشەلتوت گوتوویە: هەر گێڕانەوە یا فەرموودەیە، لەو بارەوە دەڵێت: چەند گێڕانەوە هەن، دەربڕی ڕای جیاجیان) واتە بە شێوەیەکی دیپلۆماسییانە نکولی لەو فەرموودانە دەکات.

ئایا خەتەنەکردن لە ئیسلامەوەیە یا دابو نەریتی عەرەبە؟

خەتەنەکردن سا بۆ کوڕ بێت یا کچ چ پێوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، پاکوخاوێنی (گهارە) بە ئاو لە بنەڕەتەوە بۆ ئەندامەکانی زاووزێیە.



چەپکە گوڵی یاسەمین بخەینە گەردنە جوانو بێ تاوانەکەی، تا دواتر بزانێت کە ژیان شایستەی ئەوەیە بێ خوێنڕشتن تێیدا بژین.

**الدكتور خالد المنتصر**

**ختان الانپى**

**الى اللغه الكرديه**

**هيوا صالح احمد**

**كردستان العراق**

**السليمانيه**

2010